وەزارەتی خوێندی باڵا
زانکۆی سلێمانی
سکوڵی پەروەردەیی بنەڕەتی
بەشی زمانی کوردی

# دەروازەو زانیاریی مۆرفۆلۆژییانە لە زمانی کوردییدا

نامەیەکە

ژاڵە عبداللە طاهر

پێشکەشی ئەنجوومەنی سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتیی زانکۆی سلێمانیی کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردییدا

سەرپەرشت

پ . د. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف

٢٧٢١ کوردی
٢٠٢٢زاینی

ئەم نامەیە بە ناونیشانی (دەروازەو زانیاریی مۆرفۆلۆژییانە لە زمانی کوردییدا) لە لایەن (ژاڵە عبدالله طاهر)ەوە، بەسەرپەرشتی من

ناو : پ.د عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف

ڕۆژ: ٢٠٢٢

بە پێی ئەو پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ.د بێستون حەسەن ئەحمەد

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕۆژ: ٢٠٢٢

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە، لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کردو بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (          )

بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردییدا پێبدرێت.

ناو : پ          ناو : پ

ئەندام          ئەندام

ڕۆژ:          ٢٠٢٢          ڕۆژ :          ٢٠٢٢

ناو : پ          ناو : پ

ئەندام          ئەندام

ڕۆژ:          ٢٠٢٢          ڕۆژ:          ٢٠٢٢

ناو : پ          ناو : پ

ئەندام          ئەندام و سەرپەرشت

ڕۆژ:          ٢٠٢٢          ڕۆژ:          ٢٠٢٢

لە لایەن ئەنجومەنی پەروەردەی بنەڕەتی زمان پەسەندکرا.

ناو : پ.د عەلی قادر عثمان

ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت

ڕۆژ:          ٢٠٢٢

## پێشکەشە بە

- بە دایک و باوکی خۆشەویستم، کە هەمیشە هاندەرم بوون.

- بە خوشک و برا شیرینەکانم و جگەرگۆشەکانیان.

- بە هاوڕێ خۆشەویستەکانم

- بە هەموو ئەوانەی خۆشم ئەوێن و خۆشیان ئەوێم.

# سوپاس و پێزانیین

سوپاس و پێزانینم بۆ :

- مامۆستای سەرپەرشتم بەڕێز ( پ.د عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف )، کە بەوپەڕی دڵسۆزی و لە خۆبوردەییەوە  ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەیی گرتە ئەستۆ، بە تێبینییە ورد و بە سودەکانی ڕێنمایی کردم و لە دەستنیشانکردنی بابەتەکەوە تا کۆتایی هاوکارو ڕێنیشاندەرم بوو.

-مامۆستای بەڕێزم ( پ.ی.د عادل ڕەشید قادر )

- خێزانەکەم، کە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە یارمەتیدەر و هاوکارم بوون  بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم نامەیە.

# هێماو کورتکراوەکان

| یان | / |
|---|---|
| فۆڕمی فۆنۆلۆژیی، مۆڕفێم | [ ] |
| هێنانەوەی نموونە لە ناو دەقدا | < > |
| بۆ لێکدانەوەی واتای وشە | ( ) |
| ناڕێزمانی | * |
| توخمی فەرهەنگیی | $X^0$ |
| دەبێت بە | ⟵ |
| فرێزودەستەواژیلە | { } |
| ئاوەڵناو | A |
| فرێزی ئاوەڵناویی | AP |
| ناو | $N^0$ |
| فرێزی ناویی | NP |
| فرێز | P |
| پێشناو | $P^0$ |
| فرێزی پێشناویی | PP |
| کرداری فەورهەنگیی | $V^0$ |
| فرێزی کرداریی | VP |
| تەواوکەر | Y |
| فرێزی هەمەجۆر | XP |
| نیشانەی واتایی | [ +/− ] |
| کەوانەی شکاوە | / / |
| دەقی وەرگیراو | (( )) |

## پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **1/0) پێشەکی و ناونیشانی بواری نامەکە 1** | **1** |
| **2/0) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە** | **1** |
| **3/0) گرفتی لێکۆڵینەوەکە 1** | **1** |
| **4/0) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە 1** | **1** |
| **5/0) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە 1-2** | **1-2** |
| بەشی یەکەم: بنەماو تیۆری پێویست | |
| 1/1) فەرهەنگ | 3-7 |
| 1/1-1 ) زانیاریی فەرهەنگیی | 8 -11 |
| 1/1-1-1 ) دەروازەی فەرهەنگیی | 11-14 |
| 1/2) پێکهاتەی ڕێزمان | 14-17 |
| 1/2-1) پەیوەندیی ئاستی مۆرفۆلۆژیی بە پێکهاتەکانی ترەوە | 18 |
| 1/2-2) پەیوەندیی ئاستی مۆرفۆلۆژیی بە ئاستی فۆنۆلۆژییەوە | 18-20 |
| 1/2-3) پەیوەندیی ئاستی مۆرفۆلۆژیی بە ئاستی سینتاکسییەوە | 20-23 |
| 1/2-4) پەیوەندیی ئاستی مۆرفۆلۆژیی بە ئاستی واتاسازییەوە | 23-25 |
| 1/3) چییەتیی مۆرفۆلۆژیی | 25-27 |
| 1/3-1) زانیاریی مۆرفۆلۆژییانە | 27-31 |
| بەشی دووەم: پڕۆژە مۆرفۆلۆژییەکان | |
| 2/1) پڕۆژە سازدانی مۆرفۆلۆژییانە | 32-33 |
| 2/1-1) تیۆری x-bar | 33-34 |
| 2/1-2) تیۆری x-bar ی مۆرفۆلۆژییانە | 34-35 |
| 2/1-3) پڕۆژەی مۆرفۆلۆژییانە | 36-37 |
| 2/1-3-1) توخمە مۆرفۆلۆژییەکان | 37-42 |

| | |
|---|---|
| ٢/١-٣-٢) دەروازەو پڕۆژە مۆرفۆلۆژییەکانی هەڵگواستن | ٤٢-٤٥ |
| ٢/١-٣-٣) دەروازەو پڕۆژە مۆرفۆلۆژییەکانی لێکدان | ٤٥-٤٦ |
| ٢/١-٣-٣-١) پڕۆژە مۆرفۆلۆژییەکانی ناو | ٤٦-٥٠ |
| ٢/١-٣-٣-٢) پڕۆژەمۆرفۆلۆژییەکانی ئاوەڵناو | ٥٠-٥٣ |
| ٢/١-٣-٣-٣) پڕۆژەمۆرفۆلۆژییەکانی کردار | ٥٤-٦١ |
| بەشی سێیەم: گۆڕانی دەروازە مۆرفۆلۆژییەکان | |
| ٣/١) گۆڕانە مۆرفۆلۆژییەکان | ٦٢ |
| ٣/١-١) گۆڕانی مۆرفۆلۆژیی – فۆنۆلۆژیی | ٦٣-٦٧ |
| ٣/١-٢) گۆڕانی مۆرفۆلۆژیی – واتایی | ٦٧-٧٠ |
| ٣/١-٣) گۆڕانی مۆرفۆلۆژیی – سینتاکسیی | ٧٠-٧٤ |
| ٣/١-٤) گۆڕانی مۆرفۆلۆژیی – پراگماتیکیی | ٧٤-٨٤ |
| ٣/١-٥) گۆڕانی مۆرفۆلۆژیی – ئیدیەمیی | ٨٤-٩٢ |

## پێشەکی:

١/٠) ناونیشان و بواری نامەکە

ئەم نامەیە بە ناونیشانی (دەروازەو زانیاریی مۆرفۆلۆژییانە لە زمانی کوردییدا)یە، نواندنەکە لە پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و سیمانتیکییدا کاری لە سەر کراوە.

٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :

نەبوونی نامەیەکی سەربەخۆ لەسەر دەروازەی مۆرفۆلۆژیی توخمە فەرهەنگییە مۆرفۆلۆژییەکان و دیارینەکردنی ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتایی و پراگماتیکیی و ئیدیەمییانەی لە ئەنەنجامی گۆڕانی فۆڕمی مۆرفۆلۆژییەوە دێنە کایەوە.

٣/٠)گرفتی لێکۆڵینەوەکە :

لەو ڕوانگەیەی ڕاوبۆچوونەکان بۆ تێکەڵبوونی پێکهاتەکان بە تایبەتیی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس زۆر و جیاوازن، هەروەها سنووریی زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکان و سینتاکسییەکان لە فەرهەنگدا ناڕوون و دیاریکردنی پڕاوپڕی توخمەکان بۆ ناسینەوەی زانیارییەکانی هەریەک لەو پێکهاتانە، گران و ئاڵۆزەو گۆڕانە مۆرفۆلۆژییەکان پەیوەست بە فۆنۆلۆژیی و سینتاکس و واتای فەرهەنگیی و پراگماتیکیی و ئیدیەمییەوە نەخراونەتەڕوو، بۆیە توێژەر ئەوەی بە گرفت زانییوەو دەیەوێت بە گریمانەو کاری زانستی گرفتەکە چارەسەر بکات.

٤/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :

ڕێبازی پەیڕەوکراو لەم لێکۆڵینەوەیە ڕێبازی شیکاری پەسەنکەرانەیە-Descriptive Analysis

٥/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە :

نامەکە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و سەرچاوەکان و پوختەی نامەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە :

بەشی یەکەم : بۆ لایەنی تیۆریی نامەکەیەو زانیارییە بەراییەکان خراوەنەتە ڕوو. فەرهەنگ و پەیوەندیی فەرهەنگ و پێکهاتەکانی ڕێزمان ڕوونکراوەتەوەو چییەتیی مۆرفۆلۆژیی و دەروازەی فەرهەنگیی و دەروازەی مۆرفۆلۆژییانە تەرخانکراوە.

بەشی دووەم: ئەم بەشە بۆ دەروازەیی مۆرفۆلۆژیی توخمە بەراییە مۆرفۆلۆژییەکانە، کە ئەوانیش مۆرفێمی هەڵگواستن و مۆرفێمە سەربەخۆکان دەگرێتەوە. هەریەک لەوانە دەروازەکانیان پەیوەست بە بەرهەمهێنانی مۆرفۆلۆژییانەوە. وەک سەرەتایەک بەشەکە بە پڕۆژەسازدانی مۆرفۆلۆژیی و

(X-bar)ی مۆرفۆلۆژییانە دەستی پێکردووە، پاشان پرۆژە مۆرفۆلۆژییەکانی ناوو ئاوڵناوو کردار بە نموونە وەرگیراون و کاریان لەسەر کراوە.

بەشی سێیەم: ئەم بەشە بۆ گۆڕانە مۆرفۆلۆژییەکان و ئەو گۆڕانانەیە کە لە گۆڕانی فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکانەوە بەدەستدێن. واتا ئەم بەشە لە دیوی دەرەوەی بەرهەمهاتوویەکی مۆرفۆلۆژیانە (هەڵگواستن و لێکدراو)دەڕوانێت و مامەڵەدەکات. ئەویش لەو ڕووەوەی کە ئایا بەرهەمهاتوویەکی مۆرفۆلۆژیی جگە لە فۆڕم و واتا، چ گۆڕانێک لە دەروازەکەیدا ڕوودەدات، بۆ ئەوەش دەروازەی فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتایی و پراگماتیکیی و ئیدیەمیی تاقیکراوەتەوە.

لە کۆتایشدا ئەنجام و پوختەو سەرچاوەکان خراونەتەڕوو

# بەشی یەکەم

# بنەماو تیۆری پێویست

## ١/١) فەرهەنگ (Lexicon)

لە مێژە مرۆڤ بیری لە کۆکردنەوەی وشەکانی زمانی خۆی کردۆتەوە و پاراستنی وشە و زمانی بە پاراستنی گەل و نەتەوە زانیوە. هەر گەلێکیش زمانی فەوتابێت بێگومان خۆشی فەوتاوە، نەتەوە پێشکەوتووەکان هەر کامەیان بۆخۆیان سەدان فەرهەنگیی جۆراوجۆریان لە بوارە جیاجیاکاندا داناوە، وەکو: بواری زانستی، گشتی، پزیشکی، ئەستێرەوانی، ڕامیاری، فەلسەفە،...)دەیان لقی تر. سەرەڕای ئەوە گەلێک بابەت و وتار و نووسین و نامیلکە و پەرتوک و گۆڤار و هتد بڵاودەکەنەوە. هەروەها زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەش لەو بوارە دەگرن کۆڕ و کۆمەڵی زانیایی و ئەکادیمیی و مۆرفۆلۆژییان هەیە، کە پێکهاتوون لە زمانزانان و زمانەوانی پسپۆڕ و شارەزا و لێهاتوو. هەر ساڵە و لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و زانیاریی و پێکهاتنی زاراوەی نوێ فەرهەنگیی نوێش دەکەوێتە ئاراوە.

کاتێک دەوترێت مرۆڤ بەپێی فەرهەنگەکەی دەدوێت، ئەوا سادە و ساکارانە مەبەست لە دواندنێتی بەپێی فەرهەنگیی ئاوەزیی، هەڵبەت نوسینی ئەم سەرەتایەش بۆ ئەوەیە، تەمومژی فەرهەنگ لە پراگماتیکیی فەرهەنگییدا لای خوێنەر برەوێنێتەوە و مەبەستەکەمان لە فەرهەنگیی ئاوەزیدا وەک فەرهەنگ (Lexicon) دیارییکەین. (ئەحمەد، ٢٠١٣، ٨)، فەرهەنگیی هەموو زمانێک پێکدێت، لە فەرهەنگیی گشتی (vocabulary)، کە سەرجەمی ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لە زمانێکدا بە کاردێن، لەگەڵ فەرهەنگیی بنەڕەتی زمان (basic word stock)، کە بەشێکە لە گشتیەکە (سدیق، ٢٠١٣، ١٤٩)، وەک لە سەرچاوەکاندا هاتووە فەرهەنگ یان فەرهەنگیی ئاوەزیی(mental lexicon) بەو جۆرە دەناسرێت، کە کۆگای هەمیشەیی و وشە زانراوەکانە لە ئاوەزیی هەر ئاخێوەرێکی زماندا، کە زانیاریی سیماتیکیی - گراماتیکیی- فۆنۆلۆژیی لەبارەی تاکە تاکەی وشەکانەوە تێدایە. ئەو زانیارییانەی بۆ بەکاربردنی وشەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و ڕێکخراو، پێویستن، بۆیە دەشێت هەر ئاخێوەرێکی زمان پەیوەست بە جیاوازیی ئەزموونی زمانیی تاکە کەسییەوەفەرهەنگە ئاوەزییەکەی جیاوازی هەبێت. هاوکات فەرهەنگیی ئاوەزەیی لە چوارچێوەی ڕێزمان و ئاوەزدارییدا (سەعید، ٢٠٢٠، ٢٧)، ئەو بەشە پێکهاتەیەی زانینە زمانییەکەیە، کە زانیاریی دەربارەی یەکە سینتاکسیی و مۆرفۆلۆژییەکان خەزندەکات و ناتوانرێت لەوە زیاتر شیبکرێنەوە.

فەرهەنگیی زمانێک بریتییە لە لیستی ئایتمە ئاشکراکانی زمان، کە پێویستە هەموو قسەپێکەرێکی زمانەکە بیزانێت و بیناسێتەوە، چونکە ئەم لیستە بۆ تاک بووەتە نیشانەیەکی لە خۆوەیی، نەک بە هەندێ ڕێگا پێشبینییکرێت زۆربەی ئایتمەکانی ئەم لیستە بریتین لە وشە، هەندێکی تریان بریتین لە یەکە گەورەکان وەک ئیدیەمەکان و هەندێکی تریشیان لە یەکە بچوکەکانی وەک لاگرەکان پێکدێت.

-فەرهەنگی ئاوەزیی، نواندنی زانیاریی سایکۆلۆژیی لێکسیکەکانی زمانە، کە مرۆڤ لە یادگەی واتاییدا خەزنی دەکات، لەبەر ئەوە بوارەکانی ناسینەوەی وشە، ڕێکخراوەیی ناوەوەی واتاییەکان و

مۆرفۆلۆژییانەی فەرهەنگیی ئاوەزیی و هێنان و گونجاندنی زانیارییەکان لە ناوەڕۆکی گفتوگۆدا یان دەقدا، لە گرنگترین بابەتەکانی لێکۆڵینەوەی فەرهەنگیی ئاوەزیین هەموو ئەم بوارانەش، کورت و پوخت ئاماژە بەو چەمک و زانیاریانە دەدات(ئەحمە د، ٢٠١٣، ٩)، کە لە دروستەیەکی فۆنۆلۆژییدا لەقاڵب دەدرێت و لە لە سوری سیمانتیکیدا بە سیمانتیکیی فەرهەنگیی دەناسرێت.

یەکێ لە کارەگرنگەکانی، هەموو نەتەوەیەکی زیندوو، بەدانانی فەرهەنگیی زمان دەسپێدەکات هەر نەتەوەیەک، چەن فەرهەنگیی هەبێ، هێندەش زمانەکەی دەوڵەمەندتر دەبێ. نەتەوەی بێ فەرهەنگ، بە نەتەوەیەکی هەژار و مردوو دەژمێردرێت، چونکە (١) فەرهەنگ بەیەکێ لە دینگە سەرەکییەکانی زمان و نەتەوەکە دادەنرێ. (٢)هەر بەهۆی فەرهەنگەوە دەتوانرێ، هەموو دیالێکت، بەش و لقە دیالێکتەکانی زمان کۆکرێتەوە. لە باخچەی هەر ناوچەیەکی دیاریکراو، چەن گوڵێکی بۆنخۆش بچنرێ و چەپکە گوڵێکی ڕازاوەی زمانی لێ ببەسرێ. (٣) هەر بەهۆی فەرهەنگەوە، خەرمانی ووشەی کوردیی گرد دەکرێتەوە، وشە و زاراوەی میللی، لەنێوچوون دەپارێزرێ. (٤)فەرهەنگ، زمان لە (شێواندن، لاوازیی، پووکانەوە، داتەپین و مردن) دەپارێزێ. نەوەی نوێ، بە ووشەی کوردی کۆن و نوێ پێدەگەیەنێ و زمانیان دەوڵەمەندەکات. (٥)هەر بەهۆی فەرهەنگەوە دەتوانین، لە ووشە و زاراوەی دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردیی، زمانەکانی بیانیی و نەتەوەکانی جیهان بگەین. هەموو نەتەوەیەکی وشیار پێشکەوتوو خاوەن توانا و دەسەڵات. (عبدالله، ٢٠٠٧، ٢٩٣)، هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، هەوڵێکی زۆریان داوە، تا چەندین فەرهەنگیی جۆربەجۆریان نووسیوە. گومانی تێدانییە، گەلانی جیهان، بایەخێکی یەکجار مەزنیان، بەنووسینی فەرهەنگ داوە

فەرهەنگ تۆمارگەیەکە، بۆ پاراستنی وشەکانی زمان لە فەوتان و لەناو چوون، کتێبێکی سەرچاوەی مەرجەعە وشە و زاراوەی زمانێکی دیاریکراوی تێدایە، کە بەشێوەیەکی تایبەتی ڕێکخراون لەگەڵ پێناسەی هەر وشەیەک و دەرخستنی هاو واتاکەی لەهەمان زماندا، یاخود لە زمانێکی دیکە. لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەو وشانەی کە لێوەی وەردەگیرێن و بەکارهێنانی و مانا جیاجیاکانی و هەروەها دەرخستنی لایەنی مێژوویی وشەکان و چۆنیەتی گۆکردنی فەرهەنگ، کەرەستەو بەرهەمی پرۆسەی فەرهەنگسازییە، لای فەرهەنگ ناسان پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، (ئەوڕەحمان حاجی مارف 2014 ، 205) دەڵێت: (فەرهەنگ ئەو کتێبەیە، کەوا وشەی تێدا تۆمارکراوە، جگە لە ڕیزکردنی وشە، هەروەها لێی کۆڵراوەتەوە و مانای ڕوونکراوەتەوە و شیکراوەتەوە و زانیاریی دەربارەی چۆنییەتی نووسینی و بەدەم داهاتنی و پەیدابوونی ... دراوە. هەروەها جودت الجقمقجی 1428ه 12-13)ش دەڵێت: (فەرهەنگ لیستی چەند وشەیەک نییە، هەر چۆنت بوویت، ڕیزبکرێت و ڕێکبخرێت. بەڵکو پەیوەندی و یەکانگیریی نێوان فۆرم و واتایە، کە لەنێوان یەکە فەرهەنگییەکاندا هەیە و بەپێی چەند بنەمایەکی گشتی ڕێکخراوە. فەرهەنگ دەسەڵاتدارە بەسەر ڕێکخستنی کەرەستەکان و دروست کردنی پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانیاندا).

زگەستا: وردتر پێناسەی فەرهەنگ دەکات و دەڵێت : فەرهەنگ لیستێکی بەسیستەم ڕیزکراوی فۆڕمەکانی زمانی ئاخاوتنە، لەنەریتی ئاخاوتنی کۆمەڵگایەکی زمانی وەردەگیرێت و لەلایەن دانەرەوە ڕوونکردنەوەی بۆ دەکرێت بەشێوەیەک، خوێنەری شایستە لە واتاکانی تێ بگات. مەبەست واتاکانی هەر فۆڕمێکی جیاکراوەیە، کە زانیاریی دەرببڕێت سەبارەت بەو ڕاستیەی پەیوەست بەئەرکی فۆڕمەکە لە ژینگەکەی دا.(zgusta, 1971, 197)

ستێرکنبێرگ، پێی وایە توانای دۆزینەوەی پێناسەی فەرهەنگ خەیاڵە و لەم ڕووەوە زگەستا بەباوکی ڕوحی فەرهەنگسازیی لە سەدەی بیستەم دەناسێنێت. ڕێبازەکەشی بەیەکەم و سەرەکترین ڕێبازی خوێندنی نێو دەوڵەتی لەسەر فەرهەنگسازیی دادەنێت و پێناسەکەشی بەم شێوەیە شرۆڤە دەکات و دەڵێت: زگەستا لەپێناسەکەیدا جەخت لەسەر ڕیزکردنی سیستەمییانە، وەرگرتنی کۆمەڵایەتییانە، فۆڕمی ئاسایی و واتا و ئەرکەکانیان لە کۆمەڵگایەکی ئاخاوتندا، دەکاتەوە. پێناسەکەشی کەمێک بژاردەییە. ئەو وای دادەنێت کە پێناسەی فەرهەنگ نووسەکە لەشێوەی کۆد دایە، ڕەنگە کۆدێکی شاراوەش بێت، بەم  شێوەیە تەنیا بەکارهێنەری شارەزا دەتوانێت تێی بگات (sterkenburge, 2003, 4) .

هەروەها فەرهەنگ جۆرێکە لە جۆرەکانی سەرچاوەی بنەڕەتی، واتە ئەو سەرچاوە یان ئەو کتێبەیە کە زانیاریی تایبەتی تێدا تۆمار دەکرێت، لەبارەی وشەکانی زمان و واتاکانیان. جگە لە ڕیزکردنی وشە، هەروەها لێی کۆڵراوەتەوە و مانای ڕوون کراوەتەوە و لێکدراوەتەوە و شیکراوەتەوە و زانیاریی دەربارەی چۆنێتی نووسینیان و بەرهەماهاتنیان و پەیدابوونیان ... دراوە

یەکێک لەئەرکە پێویستییەکانی پەرەپێدانی زمانی کوردی دانانی فەرهەنگیی تایبەت بەبوارە جیاجیاکانی زانستی سروشتی و مرۆیی، سەرەڕای فەرهەنگیی نەتەوەیی، بەڵکو پێویستمان بە ئینسکلۆپیدیای نەتەوەییە.

زمانی هەر نەتەوەیەک بە فەرهەنگەکەی هەڵدەسەنگێنرێت، کەواتە دەتوانین، بڵێین. فەرهەنگ پێناسەیەکە کە کلتوور و ڕۆشنبیری و پلەی شارستانیەتی و پێشکەوتوویی و کەسایەتی ئەو میللەتەی پێ دەردەکەوێت کە بەو زمانە دەپەیڤن. (عبدالله، ٢٠٠٧، ٢٩٣)

لەفەرهەنگسازیی کوردیدا، وەک زمانەوانی و زانستەکانی تر، تاوەکو ئێستا زاراوەکان یەکلانەکراونەتەوە، تەنانەت تێکەڵییەک لە بەکارهێنانی ناوی فەرهەنگەکانیش هەیە و زاراوەی جۆراوجۆری وەک: (فەرهەنگ، قامووس، وشەنامە، وشەدان، وشەوان، قامووسی زانیاریی، ئینسایکلۆپیدیا، فەرهەنگۆک و هتد. )لەجیاتی یەکتر بەکارهێنراون. بۆ نموونە: قامووسی زمانی کوردی ( زەبیحی 1977 ، 1979)، وشەوان، وشەنامە ( جمال حبیب الله بیدار 2010) و هتد. ئەشێت لەم سەرچاوانەدا بەکامیان بگوترێ فەرهەنگ و بە کامیشیان بگوترێ قامووس؟

وشەنامە و وشەدان و وشەوان لەیەکتر نزیکن و واتاکانیان لەڕێگای پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکەیانەوە بە دیاردەکەوێت، کە تەنیا کۆگای وشەن، لە ئەڵمانیدا ڤۆرتێربوخ ی پێ دەڵێن. هەرچی وشەی (قاموس) ە، ڕیشەکەی بۆ وشەی (کامپۆس)ی یۆنانی دەگەڕێتەوە، بەو واتایەی: ئەو جێگایەی کە لە دەریادا، بڕی هەرە زۆری ئاوی لێ کۆبێتەوە، بەوێ دەڵێن قاموس، هەروەها واتای: قوڵایی دەریا، ناوەڕاستی دەریا، زۆربەی هەرە زۆری دەریا، یەکەم فەرهەنگیی عەرەبی بەم ناوە: قاموسی زەریا (القاموس المحیط )، بەرهەمی فیروز ئابادی یە، لەسەدەی هەشتەمی کۆچی، بەواتای دەریایەکی قووڵ و فراوان دێت. (عمر، ٢٠٠٩، ٢٤)

ئەو کەرەستانەی، کە لە "وشەنامە" (قاموس) دا بەپێی پێڕەوێکی وەک ئەلفوبێ ڕیزکراون و تۆمارکراون، تەنها وشە (لێکسێم) نیین، بەڵکو مۆرفێمەکان و ژمارەیەک لە دەربڕاوە زمانییەکانیشن، بۆیە زاراوەی( Lemma )"لیما" یان بۆ دانراوە. لەوشەنامەدا لیماکە و تەنها (کرۆکە) واتاکەی یان نووسینەوەی وشەنامەدا پشت بە" زانستی لێکسیکۆلۆژیی " دەبەسترێت. لە فەرهەنگدا، "لیما" ڕیزکراوەکان بەگوێرەی سستەمێکی وەک "سستەمی ئەلفوبێ"، دەروازەی زانیارییەکی زەنگین و تەواویان هەیە، لەتەک جۆری دەربڕینەکەیدا بە فۆنەیتیکیی، پۆلە ڕەگەزی وشەکە، لێکدانەوەی کرۆکە واتاکانی، هاوواتاکانی، واتا دژەکانی(مەحویی ، ٢٠٠٦، ٩)، واتا لاوەکیەکان و توێکڵە واتاکانی لەبەکارهێنانی ڕۆژانە و لە هەڵوێستە فرەچەشنەکاندا و هێنانەوەی وشە لێکدراوەکانی هەر لیمایەک و چۆنیەتی بەکارهێنانی.

وشەی فەرهەنگیی ( ئەو وشانەن، کە چەمکێکی واتاییان هەیە) لەم پێناسەیەدا ئەو بەدیاردەکەوێت، کە وشەکان دەبێت بەلایەنی کەمەوە واتایان هەبێت، تێگەیشتن تیایدا هەبێت و واتاکەشیان ڕوون و ئاشکرابێت، بۆ ئەوەی لەکاتی بیستن یان خوێندنەوەی ئەم وشانە گوێگر یان خوێنەر بەئاسانی لێیان تێبگات. یاخود وشەی فەرهەنگیی ( ئەو وشانەن زیاتر هەڵگری واتان و پێکهاتەی واتاییان لە ئاخاوتندا هەیە )

سەرەڕای ئەوەی کە دەبێت، وشەکان هەڵگری واتابن، لەهەمان کاتیشدا وشەکان دەبێت، لەڕووی ڕۆنانیشەوە بەشێوەیەک بن، کە واتا بگەیەنن نەوەک نابن بەوشەی فەرهەنگیی، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا: پیاو، ژان، هەنار (وشەی فەرهەنگین) ئەم وشانە ئەگەر دەستکاری ڕۆنانەکانیان بکرێت و بکرێنە (وایپ، ناژ، نارهە) ئەم ڕۆنانە هیچ واتایەک ناگەیێنن و نابنە وشەی فەرهەنگیی، چونکە لە زمانی کوردیدا بوونیان نییە، هەر لەبەر ئەمەشە ڕۆنانی وشە لە زماندا زۆر گرنگە. (أمین، ٢٠١٤، ٥)

یاخود وشەی فەرهەنگیی بریتییە لەو وشانەی کە لە شوێنی خۆیان واتایان هەیە هەموو بەشەکانی ئاخاوتن دەگرێتەوە وەکو (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، کار، ژمارە)، کە لەفەرهەنگدا بەرچاو دەکەون واتە لە زمنی وشەی فەرهەنگین وەک: ( کانیاو، ئازا، دوێنێ، چوار ... هتد)، (محی الدین ، ٢٠٠٨، ٣١)

یان وشەی فەرهەنگیی ئەو وشانەن کە مانایان هەیە و خاوەنی واتان و واتای ڕستەش هەڵدەگرن. ئەو وشانەی، کەدەبن بەهەڵگری واتای ڕستە و بەکەرەستەی سەرەکی ڕستەش دادەنرێن، چونکە واتای ڕستە بە هۆی وشە فەرهەنگییەکانەوە بەشێوەیەکی سەرەکی واتا دەگەیەنێت، هەر بۆیە دەتوانرێت لەکاتی ڕیزبوونی وشە فەرهەنگییەکان لەڕستەدا بەبێ وشە ئەرکییەکان واتای ڕستەکە هەڵبهێنجرێت بەتایبەتی ئەو ڕستانەی کە وشە ئەرکیەکان بەشداری دروستکردنیان دەکەن.

یانیش وشەی فەرهەنگیی ئەو وشانەن کە سەربەخۆ و ڕاستەوخۆ مانای دیاردەیەکی بابەتی و کەتەواوی جۆراوجۆر دەبەخشن و دەتوانن وەک ئەندامێکی ڕستە خۆیان بنوێنن. وشە فەرهەنگییەکان سەربەخۆییەکی تەواوییان هەم لە ڕووی پێکهاتنەوە، هەم لە ڕووی واتاوە هەیە، هەر یەکەشیان واتایەکی جیاوازیان هەیە، هەر هەموو وشە تەواوە سەربەخۆکان بەتەنها دەتوانن بۆ مەبەست و بابەتی واقعی جیاوازی جۆراوجۆر بەشداری لە ڕۆنانی ڕستەدا بکەن. هەر بۆیە ئەم وشانە دەتوانن، لە خانەیەکی سەربەخۆدا جێگیربن. بەواتایەکی تر وشەی فەرهەنگیی (ئەو وشانەن کە جێگیرن و واتایەکی فەرهەنگیی ڕوونیان هەیە. وشە فەرهەنگییەکان، دەچنە ناو فەرهەنگ و لەناو فەرهەنگەکاندا واتایان لێکدەدرێتەوە و بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا پیشاندەدرێن و واتاکەشیان جێگیر و دیارە.(أمين، ئەو سەرچاوانەی کە لەوێ هاتوون، ٢٠١٤، ٥)

## ١-١/١) زانیاریی فەرهەنگیی (Lexical Information)

فەرهەنگ(Lexicon) پاشخانی کۆزانیاریی زمانی مرۆڤە، ئەوەش ئەوە دەردەبڕێت، کە زانیاریی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاسازییەکان لە فەرهەنگدا هەڵگیراون و ئاخێوەری زمان لە قسەکردندا ئەو زانیارییانە بۆ پەیوەندی کردن بەکاردەهێنێت، ڕێزمان لە ڕووی دروستەوە هەرسێ پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی دەگرێتەوە، ئەویش بەو پێیەی ئەو سێ پێکهاتەیە خاوەنی یاسا و ڕێسا و کەرەستەی تایبەت بە خۆیانن. کەرەستەی بەرایی هەر یەک لەو پێکهاتانە لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێن(مەعرووف، ٢٠٢٠، ٧)، بە جۆرێک فۆنۆلۆژیی بنیاتی بڕگە و مۆرفۆلۆژیی بنیاتی وشەی ناسادەی تێدا دادەنرێت.

دروستەی بڕگەش، وەک جۆرێکی دیکەی نواندنی زانیاریی فۆنۆلۆژیی دروستکراوی پێکهاتەی فۆنۆلۆژییە، بۆتە دەرکەوتن و ڕوودانیشی، لە سنووری ئەم پێکهاتەیەدا دەبێت، کە زنجیرەیەکی دەنگی بەدوایەکدا هاتوون و پەیوەست بە هەندێک کۆت و مەرجی دیاریکراوەوە، داڕشتە و

مۆدێلەکانی بڕگە دروست دەکەن، لەمەشەوە نواندنی فۆنۆلۆژییانەی سەگمێنت، ڕێگە بە ئاخێوەری زمان دەدات زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان لە نێو دروستەی بڕگەدا بەگەڕ بخات، هەر توخمێکی فەرهەنگیی، نیشانە و ئەدگار/ زانیاریی مۆرفۆلۆژیی خۆی تێدا هەڵگیراوە، ئەوا مۆڕفیمەکان هەڵگری زانیاریی مۆرفۆلۆژیین، بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەش لەلایەن ئاخێوەرەوە بەپێی یاسا و ڕێسای دیاریکراو پێڕەو بەندانەیە، لەمەشەوە توانستی مۆرفۆلۆژیی قسەپێکەرانی زمانێک لە سەلیقەی زمانیان لەبارەی دروستە مۆرفۆلۆژییەکان و دروست داڕشتنیاندا دەردەکەوێت. گەر بڕوامان بەوە بێت تا هەر توخمێکی فەرهەنگیی، نیشانە و ئادگار/زانیاریی مۆرفۆلۆژیی خۆی تێدا هەڵگیراوە، ئەوا مۆڕفێمەکان هەڵگری زانیاریی مۆرفۆلۆژیین(سەعید،٢٠٢٠، ٤٠-٤١)، بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەش لەلایەن ئاخێوەرەوە بە پێی یاسا و ڕێسا دیاریکراو پێڕەو بەندانەیە، لەمەشەوە "توانستی مۆرفۆلۆژیی قسەپێکەرانی زمانێک لە سەلیقەی زمانیان لەبارەی دروستە مۆرفۆلۆژییەکان و دروست داڕشتنیاندا دەردەکەوێت.

دەبێت ئەوەش بزانرێت، کە ئەگەر کار بە گریمانەی بە پێکهاتە بوونی فەرهەنگ بکرێت ئەوا فەرهەنگیش خاوەنی یاسا و ڕێسا و کەرەستەی خۆیەتی، ئەوەش ئەوە دەردەبڕێت ئاستی فەرهەنگیی خاوەنی ڕیزبوونی تایبەت بە خۆیەتی. بۆنموونە پەیوەست بە مۆرفۆلۆژییەوە، پۆلە ڕەگەز دیاریکردنی مۆرفۆلۆژییانە (Morphological Sub Categorization) بۆ نواندنی مۆڕفێمەکان پێش داڕشتنی وشەکان، لە نموونەکانی ژمارەی(١- ا،ب، پ، ت) و (٢- ا،ب، پ) دەخرێتە ڕوو:

| **مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگیی** | | **نواندنی مۆرفۆلۆژیی** |
|---|---|---|
| ١) ا. / – ستان/ + کورد | ———— | کوردستان |
| ب. / – لە/ + مێروو | ———— | مێرووله |
| پ. / – چی/ + پینە | ———— | پینەچی |
| ت. / – ەڵان/ + بەرد | ———— | بەردەڵان |

هەمان شتیش بۆ مۆڕفێمە بەندە ڕێزمانییەکان دەبینرێت، چونکە ئەوانیش وەک سەرێکی ئەرکی دەچنە کۆتاییەوە و لە ڕووی سینتاکسیی و واتاییشەوە زاڵ دەبن، بڕوانە:

٢) ا. / – ەکە/ + کوڕ ———— کوڕەکە

ب. / – یک/ + منداڵ ———— منداڵێک

پ. / – ان/ + کچ ———— کچان

لەنموونەکانی (١) و (٢)دا ئەوە دەردەکەوێت : (١)

بەپێی تیۆری ( X-ba)چۆن بۆ دروستە سنیتاکسییەکان لە تیۆری پۆلە ڕەگەز دیاریکردندا دەخرێتە گەڕ، وەهاش بۆ ئاستی مۆرفۆلۆژییش پۆلە ڕەگەز دیاریکردنە دابەزێنرێت، بەڵام مۆرفیمی داڕشتن وەک بەشێک دروستکەری وشە و لێکسیمی نوێ، لەبەر ئەوە ڕاستەوخۆ($X^0$ )دروستدەکەن و ناچنە ئاستی ($X^-$) ەوە، بۆیە ئاستی ($X^{-1}$ ) وەردەگرن، واتە مۆرفیمی سینتاکسیی لە نموونەی (٢) دا فرێز دروستکەرە و لە نموونەی (١) یشدا وشە دروستکەرە.

ڕیزبوونی مۆرفۆلۆژییانە هاوشێوەی ڕیزبوونی فەرهەنگییانەی مۆرفیمی داڕشتن و بناغەکەی نییە، بەوەش پێشبینی دەکرێت، مۆرفیمەکانی داڕشتن / ($X^{-1}$ ) سروشتی سەرە ڕێزمانییەکانیان هەبێت و لەپێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا، بەپێی پارامێتەری مۆرفۆلۆژییانە، کۆتایی بگرن. ڕوونکردنەوەکە ئەوە دەردەبڕێت، مۆرفۆلۆژیی بەپێی پارامێتەری سەری ڕێزمانی زمانەکەمان فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی دادەڕێژێت، مەگەر لەو فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکانی وەکو ( جوانەمەرگ، سوورەگوڵ، شوخەژن،...) دانەبێت، کە پەیوەست بە پرۆسەی بەلێکسیمبوونەوە بۆ واتا فۆڕمیان گۆڕاوە. (مەعرووف، ٢٠٢٠، ٨)

زانیاریی ورد دەربارەی وشەکانی فەرهەنگێک، جۆر و ئامانجی فەرهەنگەکە و بەشە پێکهێنەرەکانی دیاری دەکات. بۆ نموونە لە فەرهەنگیی گشتی دا، گرنگترین ئەو زانیارییانەی لە خستنەڕووی یەکە لێکسیکییەکان (سەرە وشەکان) دا، پێکهاتەی ورد پێکدەهێنن بریتین لە: ڕێنووس، گۆکردن، ناسنامەی ڕێزمانی / کاتیگۆری سینتاکسیی، زانیاریی شێوازی و بەکارهێنان و مێژووی، واتا و پێناسە، بەڵگە یان نموونە، ڕیشەخاسی، لە هەندێک فەرهەنگدا زانیاریی گەردانی، هاو واتاکان، دژواتاکانی یەکەلێکسیکییەکان. زانیارییەکان دەربارەی یەکەیەکی لێکسیکی، دەبنەدەروازەی فەرهەنگیی ئەو یەکە لێکسیکییە. لەڕووی پێکهاتەوە: کاتێک باسی مۆرفۆلۆژیی دەکرێت لە ناو فەرهەنگیی یەک زمانیدا، لەسەرەتادا باسی وشەی سادە و ناسادە دەکرێت، لە ناسادەش: وشەی داڕێژراو و لێکدراو، چونکە فەرهەنگنووس لەڕێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتەی درشت و پێکهاتەی ورددا بۆ فەرهەنگەکەی پلان دادەنێت، بێگومان دووچاری کێشەی وشەی سادە و ناسادە دەبێتەوە هەریەک لەمانە پێکهاتە و واتای خۆی هەیە. سادەیی و ناسادەیی وشە لە پێکهاتەکەیەوە دیارە، لە ڕووی واتاشەوە، واتای وشە ناسادەکان بە ئاسانی پێشبینی دەکرێت، بەڵام گرفت لەگەڵ وشە سادەکانە، کە واتای زۆربەیان پێشبینی نەکراوە. لەفەرهەنگدا مامەڵە لەگەڵ وشەکانی: سادە، داڕێژراو، لێکدراو دەکرێت، کە لە

پرۆسەکانی بەلێکسیم بوون و لە لێکسیم کەوتندا، بەبەرهەمی زمان، دەوڵەمەندیی فەرهەنگ نیشان دەدات. (عثمان، ٢٠١٦، ٦٠-٧٤)

بەشێوەیەکی گشتیش دەوڵەمەندی فەرهەنگ لە دوورووەوە دەبێت، دەوڵەمەندی لەرووی فۆرمەوە (فۆرم زۆری) ئەمەش لە زماندا دیاردەی هاوواتایی لێ دەکەوێتەوە، هەر زمانێک یەکەی گەنجینەی وشەی ئەکتیڤی زمان. ئەو وشانە دەگرێتەوە کە هەمیشە و بەردەوام، لەهەر ئاستێکی قسەکردن و تێکەڵاویی رۆژانەی مرۆڤ لە هەر بوارێک لەبوارەکانی بەکارهێنان بەکاردێت و بەردەوام بەسەر دەمەوەن و قسەکەر بەبێ جیاوازی رەگەز و تەمەن و پیشەو کات و شوێن، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی خەڵک بەکاردێت، ئەمەش هەموو ئەو وشانە ناگرێتەوە،(حەسەن، ٢٠١٤، ١٨) کە مرۆڤ دەیزانێت، بەڵکو ئەوانەی کە زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە. ئەو وشانەن، کە هەمیشە هەموو رۆژێک بەکاردەهێنرێن لە هەموو بوار و بابەتێکی بەکارهێنانی قسەکردن و تێکەڵاوی رۆژانەی مرۆڤ.

فەرهەنگ پەیوەست بەرێزمانەوە، ئەو یەکە زانیارییانەن، کە زانینیان دەربارەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس هەڵگرتووە، هەروەک فەرهەنگ لە روانگەی تیۆری ستانداردی چومسکییەوە، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی رێزمان، لەبەر ئەوە کەرەستە فەرهەنگییەکانی زمان، خاوەنی دروستەی ناوەکیی خۆیانن، کە بەهۆی یاسا فەرهەنگییەکانی وەک: یاساکانی فۆرمدارشتن، یاساکانی هەڵگواستن و یاسای کۆت و بەندکردن و مەرج و سنوردانان دەنوێنرێت. بەمپێیە فەرهەنگ بەشێوەیەکی رێکخراوەیی وشەکانی زمان خەزندەکات (ئەحمە د، ٢٠١٣، ٩)، بەجۆرێک کە قسەکەر بەهۆی نەخشەی بیری کەرەستە فەرهەنگییەکانەوە و رێککەوتنەوەی لەنێوان فۆرم و واتاکەدا هەیە.

هەرچەندە پێشتر فەرهەنگ بەپاشکۆی رێزمان یان بە لیستی نارێزمانیەکان دانرابوو، بەڵام زۆرێک لە رێبازەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە فەرهەنگ تەنها لیستی نادروستەیی یەکەکان ناگرێتەوە، فەرهەنگ لە واتاسازیی لێکدەرەوەیدا تایبەتمەندییەکانی ئەو رۆڵە دەگرێتەوە کە هەر کەرەستەیەکی فەرهەنگیی هەیەتی. بەشێوەیەکی وردتر، کەرەستە فەرهەنگییەکان دروستەی ناوەکیی خۆیانیان هەیە، کە بەهۆی یاسا فەرهەنگییەکانەوە دەنوێنرێت و بریتین لە یاساکانی فۆرمدارشتن (Formation ruled)و یاساکانی هەڵگواستن (گواستنەوەکان) و یاسای کۆت و بەندکردن و مەرج و سنوردانان (Constraint) (حسەین، ٢٠١٢، ١٠٥)

نواندنی زانیارییە سینتاکسییەکانی ناو توخمە فەرهەنگییەکانیش لە دوو دیوی فەرهەنگیی و سینتاکسیدا بەرجەستە دەکرێت. ئەوەش ئەوە دەردەبرێت، ئەو رێزبوونەی لە فەرهەنگدا دەستدەکەوێت، هاوشێوەی دروستە مۆفۆلۆژییەکەی سەرەوە، مەرج نییە پەیکاڵی هەمان ئەو سەرەو رێزبوونە بن، کە لەسینتاکسدا بەرچاو دەکەون، بۆ ئەمەش لەبەر ئەوەی سینتاکسیش وەک پێکهاتەیەک زانیاریی لە فەرهەنگییەوە وەردەگرێت، دەبێتە نوێنەری زانیاریی فەرهەنگیی، بەجۆرێک:

- فەرهەنگ پەیوەست بە کەرەستەوە (Elements) دروستەیەکی سینتاکسیی تێر دەکات، واتە دروستەیەکی بێ کەموکوڕیی لە فرێز و ڕستە بەرهەمبێنێت.

- زانیاریی سینتاکسیی لەناو کەرەستە خەزنکراوەکانی ناو فەرهەنگدا هەڵگیراون و سینتاکس بەپێی پارامێتەری زمانی کوردی دەینوێنێت. بۆ نواندنی پێکهاتەی فەرهەنگیی تیۆری(X-Bar)لەچێوەی سینتاکسدا بەکارهێنراوە. تیۆرەکە لە ئاستی ڕێسای پڕۆژە سازدان (projection principle) بۆ فرێز و لەئاستی ڕێسای پڕۆژە سازدانی فراوانکراویشدا (projection principle Extended) یشدا بۆ ڕستە پراکتیزەکراوە. (مەعرووف، ٢٠٢٠، ٩)

تیۆرەکە ئەو کەرەستە فەرهەنگیانەی پرۆژەیان پێساز دەدرێت بە ($X^0$ ) ناو دەبات، ( $X^0$) ەکە ئەو توخمە فەرهەنگییە (Lexical category )، کە زانیارییە سینتاکسییەکانی تێدا هەڵگیراوە و بەهۆیەوە فۆڕم و پڕۆژەی سینتاکسیی دادەڕێژرێت.

## ١-١-١/١) دەروازەی فەرهەنگیی (Lexical Entry)

دەروازەی فەرهەنگیی زانیاریی زمانیی ناو توخمەفەرهەنگییەکان دەگرێتەوە، کە هەموو ئەو زانیارییە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاسازیی، واتا تایبەتمەندیی زمانیی فۆڕمێکی فەرهەنگیی دەگرێتەوە.

فۆنۆلۆژییەکان بە واتایی دەروازە مۆرفۆلۆژییەکان و تایبەتمەندی کەرتی و ناکەرتی توخمێک دەگرێتەوە، بەجۆرێک لە ڕووی کەرتییەوە فۆرمێک لە فەرهەنگدا بێلایەنانە ( نەشکابێتەوە، فۆڕمێکی لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی دا ) نەگۆڕابێت.

کەواتە لایەنە کەرتییەکەی وشەیەکی فەرهەنگیی فۆنۆلۆژییەکی فەرهەنگیی و تەنها بۆ سەگمێنتی فۆنۆلۆژیی جیادەکرێتەوە، بەوەش تەنها ئەو وشانە دەگرێتەوە کە یەک لێکسیمن کە دەستەی خاوی نواندن لە ڕێزماندا. بۆ نموونە: (دەست، کوژ، پێش) ئەمانە بێلایانانە فۆنۆلۆژییەکان نوێندراوە و هیچ کاریگەریەکی فۆنۆلۆژییانەی لەسەر دەرنەکەوتووە، بەڵام لایەنی ناکەرتی لە نواندنی فەرهەنگیی فۆڕمێکی فۆنۆلۆژییدا ئەوە دەگرێتەوە، کە نواندنی ناسەگمێتی لێسیمەکە بۆ (هێز و ئاواز و زرنگە)، چۆنە کە ئەمەش بۆ ئاخێوەری زمانی کوردی دەبێتە چۆنیەتی دەربڕینی فۆڕمێک یان وشەی فەرهەنگیی.

فەرهەنگ خاوەنی چەند دەروازەیەکە لەلێکدانەوەو خستنەڕووی توخمەکانیدا، کە بەدەروازە فەرهەنگییەکان ناوسراون و ئەم دەروازانەش بەدوو شێوە داڕێژراون: کەپێکهاتەی هێمای لێکسیمیی و

فریزی هەیە، تایبەتییەکانیشیان بریتیە لە: فۆن / phon، کە هەمیشە بەهۆی زنجیرەیەک پیت دەنوێنرێت، سین/syn، زانیارییە سینتاکسییەکان دەگرێتەوە، سێم / sem، داتا سیمانتیکییەکان لەخۆ دەگرێت. لە دەروازەی فەرهەنگیی هەر ڕەگەزێکی فەرهەنگیدا تۆری بابەتانە هەیە، وەک بەشێکی تۆمارکراوە فەرهەنگییەکەی خۆی. (سەعید، ٢٠١٥، ١٣)

زمان وەک پێڕەو تاڕادەیەکی زۆر چەسپاوە و نەگۆڕە، فەرهەنگەکەی لە کێڵگەکانی مۆرفیمەکانی پێکهاتووە کە بەردەوام وشەی نوێیان بۆ دێت و تیایاندا هەڵدەگیرێت، چونکە هەر کەسانێکی زۆر یان زۆرینە وشەیەکی نوێیان بەکارهێنا، وشەکە دەبێتە بەشێک لە زمانەکە، ئیتر گرنگ نییە سەرچاوەی وشەکە وەرگرتنە ( وشەی خوازراو و وشەی بیانیی)، لەیەکدانە یان هەڵگواستن یان... هتد، کەواتە زمان هی هەمووانە و هەر کەسێکیش بۆی هەیە قسەی تێدا بکات، بەڵام بڕیار و ڕێکەوتن لەلای زۆرینەیە. هەموو زمانەکان لە ماوەیەکی دیاریکراوی مێژووەکەیدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، گەلێک جار گۆڕینەکە هێندە لەسەرخۆیە، کەپاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ هەست پێدەکرێت و پێیدەزانرێت، گۆڕین دەشێت لە گشت لایەنەکانی زماندا ڕووبدات، لە دەربڕیین ( نوتقکردن و تەلەفوز) و سینتاکس و فەرهەنگدا تێبینیدەکرێت و تەنانەت ڕۆژانەش دەبینرێت. (مەحویی، ٢٠١٠، ١١٧-١٢٧)

هەموو ئەو زانیارییانەی بۆ هەر سەرە وشەیەکی ناو فەرهەنگ پێویستە بخرێتەڕوو، پێیان دەگوترێت دەروازەی فەرهەنگیی وردی و پوختی و چۆنیەتی ڕێکخستنی دەروازەی سەرە وشانە لەلایەکی تر، دەستەبەری سەرکەوتنی پرۆسەی فەرهەنگنووسین. هێڵی یەکەم لە دەروازەدا، کەسەر وشەکەشی تێدا بەڕەنگێکی جیاکراوە، ڕێنووس و بڕگەنووسی و زانیاریی بەشە ئاخاوتن لە خۆدەگرێت، بەتۆخی تۆمارکراوە، پێی دەگوترێت هێڵی دەروازە، دەروازەی یەکەم هی سەرە وشەیەو دەروازەی دووەم بۆ بەرەو وشەیە، ئەمانە سەرەڕای زانیاریی ئاماژە بۆ کراو، زانیاریی جیاکراوەو تایبەتن بە بەرە وشەکە. کاتێک لێماکە (سەرە وشە / بەرەو وشە ) فرە واتابێت، دەروازەکە بە هێما یان ژمارە لەیەکتر جیا دەکرێنەوە، بەهەریەکیان دەگوترێت لقە دەروازە. هەر لقە دەروازەیەک پێناسەو زانیاریی بنەڕەتیو ڕوون کردنەوەی تایبەت بەو واتایەی خۆی کە بۆی بەکاردێت تێدایە. (عثمان، ٢٠١٦، ٧). بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە (بەشی دووەم و سێیەم).

دەروازە زانیارییەکانی فەرهەنگ نیشانە فۆنۆلۆژیی و واتایی دەگرێتەوە، نیشانە سنتاکسییەکان ئەو جێکەوتانە دەستنیشاندەکات، کە کۆ نیشانەکان دەتوانن وەک یەکە فەرهەنگییەکان تیاندا دابنرێن و دەربکەون. ئەو یاسانەشی تێدایە، دروستەکان تیایاندا دەگۆڕێن و دەکرێن بە دروستەی ڕووکەش. هەروەها یاسا کەم – بەهاکانیشیان هەن، کە ناوەڕۆکی دەروازەیەکی زانیاریی وەک کۆنیشانەیەکی فەرهەنگیی نیشانە فۆنۆلۆژییەکانی( C و V )ەکان لەڕێی یاسای تەواو گشتییەوە تەواو و وردتر دیارییدەکەن. دەروازەی زانیاریی هەر <ئایتمێک>ی فەرهەنگیی، لەتەک زانیارییەکانی دییکەدا،

کاتەگۆریە سینتاکسییەکەی وشەی (etc ...N.AdjP;V) تێدایە. دوای جۆری دەربڕینی فۆنەتیکیی لێماکە دێت. (مەحویی، نەرمین، ٢٠٠٤، ١٢-١٣)

واتای هەر هێمایەک بەشێکی تری دەروازەی فەرهەنگییە، کە لەڕێگای پەیوەندی هێما بەهێماکانی تری ناو کێڵگە واتاییەکەوە دیاری دەکرێت، چونکە وشە بەگشتی لە فەرهەنگدا خاوەنی واتایەکە، کە لە ڕێگای واتای وشەکانی تری ناو کێڵگەکەیەوە دەزانرێت، توێکڵە واتاکەشی لەڕێی بەکارهێنانی دەستەواژەوەو ڕستەکاندا، واتە پەیوەندی لە تەکنشینیدا دەردەکەوێت. ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە، کە هێما زمانییەکان هەموویان لە بەکارهێناندا چوونیەک نین، لەڕووی زۆروکەمی دووبارە بوونەوەیان ئەم جیاوازی بەکارهێنانی هێما زمانییانەی فەرهەنگ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو هێمایانەی کە نیشانەن بۆ پێداویستی ڕۆژانە و ئەو دەربڕراوانەی پەیوەندییان بە بەکارهێنەرەوەیە هەیە، ئەمەش بەپێی تەمەن و پیشە و چۆنێتی ژیان و گوزەرانی خەڵک دەگۆڕێت و لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر جیاوازە(حەسەن، ٢٠١٤، ١٠-١١)، واتە مەرج نییە وشە چالاکەکان کە زۆر بەکاردێن، لای هەموو کەسێک وەکو یەک وابن لە ڕووی چالاکی بەکارهێنانی وشەکانەوە بەپێی پلەی چەسپاوی و نەچەسپاوییان فەرهەنگیی زمان پێکدێت.

ئەوەی تێبینی دەکرێ لە دەروازە فەرهەنگییە تاکە زمانەکاندا ئەوەیە، ئەو زانیارییەی کە دەیدەن زۆر کەمەو لەو ئاستەدانییە کە کەڵک بەفێرخوازی زمان بگەیەنێ، ئەم خەوشەی دەروازەکان لە لایەکەوە کۆنە و بەشێکە لە کەلەپوری فەرهەنگساز کە باوەڕی وایە وشە و واتا لە هەموو پێکهاتەکانی زمان گرنگترن و بەبێ ئەمانە زمان بوونی نییە و ئەرکی فەرهەنگ تۆمارکردنی وشەیە و دانانی واتاکانێتی. فەرهەنگنووس ڕەنگە هەمووکاتی ئەوەی لەیاد نەبێ کە ڕۆنانی زمان لە وشەکانی کەمترنین، چونکە ئەگەر هەموو وشەکانی زمانت لەبەربێت هێشتا ئەگەری ئەوە هەیە کە لەسادەترین ڕستە نەگەیت. زانینی واتای هەموو وشەکانی کوردی یارمەتیمان نادات بۆ شیکردنەوەی گوتنێکی سادەی وەک ( بەداخەوە مرد) یان (پێم داگرت) یان (پایزە برا) ... هتد، لەلایەکی ترەوە کێشەکە لەئەستۆی فەرهەنگساز خۆیەتی، چونکە دروستی کردووە بەوەی سنورێکی تەسک بۆ کارەکەی دادەنێ و نایەوێ لێی دەرچێت، ئەمەش بەوەدا دەردەکەوێ، کە هەندێ فەرهەنگساز زیاتر لەهەموویان ئەم سنوورە دەبەزێنن و کارەکەیان فراوانتر دەکەن. (فەتاح، ٣٦٩،٢٠١٠)،دەروازەکان سەرەڕای ئەوەی بۆ سەرەوشەو یەک لێکسیمەکانن، دەشێ بەشێک لە وشەکانی/مۆرفیمەکانیش دەروازەی فەرهەنگیی خۆیانیان هەبێت ەکردن.

https://en.wikipedia.org/wiki/Lexical_item#:~:text=In%20lexicography%2C%20a%20lexical%20item,it's%20raining%20cats%20and%20dogs

لە پارەکانی داهاتوودا ئاماژەی پێدراوە، کە فۆنیمەکان بە پێی دەروازەکانیان مۆدێلی بڕگەکانیان بەرهەمدەهێنا، بەو پێیەش مۆڕفیمەکان بۆ هەردوو پێواژۆی وشەدروستکردن و شکانەوەش دەروازە فەرهەنگییەکەیان دەخرێتە گەڕ. مۆڕفیمەکان وەک تاک_لێکسیمەکان دەروازەی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییان هەیە.

https://www.cambridge.org/core/books/abs/analyzing-grammar/lexical-entries-and-wellformed-clauses/2B10978C3921E394B48FDA5148EC7F84

بۆیە دەروازەکانی خۆیان بەسەر وشە نوێکەدا دەسەپێنن/حوکمی دەکەن. کەواتا وشەی بەرهەمهاتووی مۆرفۆلۆژییش دەروازەکانی هی کەرتە لێبەرهەم هاتووەکەیە(بڕوانە پارەکانی داهاتوو)

## ١/٢) پێکهاتەی ڕێزمان

پێکهاتەی ڕێزمانیی یاخود فرێزی سینتاکسیی لەدوو وشە یان زیاتر پێکدێن. ئەو پێکەوەهاتنە ئەو وشانە لەسەر چەند شێواز و بنەمایەکی ڕێزمانی داڕێژراون. لەم بارەیەوە کە تەمبە ( 1993 : 294) دەنوسێت گرێی سینتاکسیی بەهۆی چەند یاسایەکی گشتییەوە دروست دەکرێن، هەروەها بەپێی یاسای ڕێزمانییەوە شیدەکرێنەوە. واتای زۆربەی پێکهاتە ڕێزمانییەکە لە خودی بەشەکانیاندایە هەر وشەکانی پێهاتەکەن واتای گرێکە دەنوێنن (ناوخۆش، خۆشناو، ٢٠٠٩، ٤٣)، خودی پرۆسەکە بریتییە لە پەیوەندییەکی ڕێزمانیی، هەروەها لە زۆر بواردا ئەرکی دیارخەر و دیارخراو دەبینن.

لە پێکهاتەیی ڕێزمانیدا وەکیەکیی و لە یەکچوون لەگەڵ جیاوازی هەن و لەسەر زمانەوان و ڕێزمانەوانە پەردە لەسەریان لابدات و بیاندۆزێتەوە و بیانخاتەڕوو. ئەوەی لێرەدا و بۆ شیکردنەوە و توێژینەوە و لێکدانەوەکان گرنگە پێڕەوی هێماکانی گەنجی وشەی کوردیین بەو بنەمایانەوە، مێشکی مرۆڤ ""مۆدوولاریی""ەوە زمانیش وەک یەکێک لەو مۆدوولانە سەربەخۆ ئەوتۆنۆمە. کەواتە زمان وەک ((ڕێزمان)) پێڕەوێکە و تایبەتمەندی ئۆپەراسیۆنەکانی تەکنشینیی و جێنشینی وشەکانی جیاکردۆتەوە پۆلێنیکردوون و ناویلێناون. قوتابخانە نوێباوەکە، بەپێچەوانەوە دەیەوێت بزانێت ((زمان)) یان ورد بڵێین ((ڕێزمان)) چۆن لە مێشکدا داڕێژراوە و گۆدەکات و دەخرێتەکار. زمانەوان و ڕێزمانەوان ئەرکیان ئەوەیە، بەئەنالۆژیی بیخەڕوو ((ڕێزمان)) و ((فەرهەنگ))ەکەی چۆن لەمێشکی مرۆڤدا داڕێژراون. ڕێزمان پێڕەوی ڕێساویاسا مەرجەکانی خستنەتەکیەکی وشە و فرێزەکان و بەرهەمهێنانی ڕستەکانەوە پەیوەست بە بەرهەمهێنانەوە لە ڕێی خستنەتەکیەکەوە لەسێ پێکهاتەیان لەسێ ئاستدا لەم پێکهاتەیە پێکهاتووە:

١. سینتاکسیی (ڕستەسازیی)

٢. مۆرفۆلۆژیی (وشەسازیی)

٣. فۆنۆلۆژیی (دەنگسازیی) (مەحویی، ٢٠٠٦، ١٣-١٤)

سینتاکسیی بۆچەند ئامانجێکە هەڵبژاردنی کەرەستەکان و ڕیزکردن و ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر ڕیزکرنەوە دێت، لەسینتاکسدا باس لەئەرکی وشە دەکەین، نەک سیستەمی زمانێکی دیاریکراو. (دزەیی، ٢٠١٤، ١٦٣)

بەر لەوەی بچینە سەرباس و چۆنیەتی پێکهێنانی فرەێزەکان، پێویستە باس لەلایەنی مۆرفۆسینتاکس و چۆنیەتی مۆرفۆسینتاکس، زاراوەییێکە لە زمانەوانیدا بۆ ئاماژەکردن بۆ کەتیگۆری یان تایبەتییە ڕیزمانییەکان بەکاردێ، کە پێوەری مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی تێدا جێبەجێ دەکرێ، مۆرفۆسینتاکس ڕووبەڕو بوونەوەییێکە، کە لەنێوان مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا، لە ئەنجامی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا کۆمەڵێ گەتیگۆری دێتە کایە، کە هەر دووسیما هەڵدەگرن و گەلێ بۆشایی و کەلێن لەئاستی ڕێزمانی زمانەکەدا پڕدەکەنەوە. (قادر، ٢٠٠٩، ٤٢)، کەواتە بنەمای بەرهەمهێنانی مۆرفۆسینتاکس، مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسە، لە مۆرفۆلۆژییدا ئەو کەرەستە مۆرفۆلۆژییانەی ئەرکی سینتاکسیی دەگێڕن، کە بە پۆلە داخراوەکان ناوبراون، بە پێکهێنەری سەرەکی و کەرەستەی بنەڕەتی دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی دادەنرێن لە زماندا. ئەمە جگە لەوەی کردارە ئاڵۆزەکان بەشێکی زۆری دروستەی مۆرفۆسینتاکس پێکدەهێنن. (حسەین، ٢٠١٢، ١٠)

سینتاکسیش وەک پێکهاتەیەک زانیاریی لە فەرهەنگەوە وەردەگرێت، دەبێتە نوێنەری زانیاریی فەرهەنگیی، بە جۆرێک: ١- فەرهەنگ پەیوەستە بە کەرەستەوە (Elements) دروستەیەکی سینتاکسیی تێردەکات (واتە دروستەیەکی بێ کەموکوڕی لە فرێز و ڕستە بەرهەمبێنێت).

٢- زانیاریی سینتاکسیی لەناو کەرەستە خەزنکراوەکانی ناو فەرهەنگدا هەڵگیراون و سینتاکسیی بەپێی پارامێتەری زمانی کوردی دەینوێنێت. (مەعرووف، ٢٠٢٠، ٩)

هەردوو پێکهاتەیی فەرهەنگ و ڕێزمان پەیکالێ یەک، پێرەوی زمانەکە پێکدەهێنن، کەواتە دەبێت بۆ پڕکردنەوەی ئەوە کەلێنە چەمکیی و واتاییانەی لەفەرهەنگدا هەن، پشت بەڕێزمان ببەسترێت، لەمەوە لەناو ڕێزماندا بەهۆی هەردوو پێواژوی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەوە، ئەو واتاییانەی لە فەرهەنگدا فۆڕمیان بۆ دانەڕێژاوە، هەڵدەگوێزرێن و بەرهەم دەهێنرێت، بەوەش پێکهاتەیی ڕێزمان پەیوەست بەوەچە بینراوەکانیەوە، دەبێتە ئەڵتەرناتیڤی فەرهەنگ بۆ بەکۆنکرێتکردنی ئەو چەمک و واتا هەبووانەی، لە زمانەکەدا بێ دروستە و فۆڕمی فەرهەنگیین / فۆڕم بۆ داڕێژراونیین. (سەعید، ٢٠٢٠، ٢٠٠)

مۆرفۆلۆژیی لقێکی ڕێزمانە و یەکێکە لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییە وەسفییەکان و لەگەڵ پەیدابوونی قوتابخانەی ڕۆنانکاری سەری هەڵدا، مۆرفۆلۆژیی بەشێک لە توانستە زمانییەکانمان (Linguistic

(Knowledge پێکدێنێت لەپاڵ زانستەکانی تر و لقێکە لە ڕێزمان و ئەو زانستەیە لەپێکهاتنی ناوەوەی وشە و پۆلینکردنی مۆرفیمەکان و دەستنیشانکردنی پێکهاتە و ئەرکی دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ ئەو یاسایانەی کە وشەی پێ دروست دەکرێت، دواتریش ریزکردن و ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەهۆی ڕێزکردنەوە دێتە ئاراوە لەم زانستەدا جەخت لەسەر ڕواڵەتی مۆڕف و وشە دەکرێت. (دزەیی، ٢٠١٤، ٢١). تیۆری(X-bar)، وەک مۆدێلێکی ڕێزمانی دروستەی فرێز، نواندنێکی دروستەیی سەرتاپایی (گشگیر) بۆ فرێز و توخمەکانی (elements) لە زمانێکدا و گشت زمانەکاندا دەخاتەڕوو، دروستەی ئەو پڕۆژانەش نیشان دەدات، کە لەسەرو تەواوکەرو (Specifiers) دروست دەبن، پڕۆژەی فرێزەکان بەپێی تیۆرەکە بەو سێ ئەندامە تێر دەبن، پاشان بە پارامێتەرەکە بۆ زمانەکان سەرو ڕیزبوونی ئەو سێ ئەندامە بەدەستەوە دەدرێت، دروستەی پێشنیارکراو بۆ دروستەی فرێز لەزمانی کوردیدا(سەعید، ٢٠١٥، ٢٠)، بڕوانە هێڵکاری ژمارە(١):




هێڵکاریی (١)

تیۆری ( X-bar) بۆ ڕۆنانی هەر فرێزێک دوو ئاستی ناوەکیی دیاریدەکات و وایدادەنێت کە فرێزەکان لە هەموو زمانێکدا لە دوو ئاستە هەمان یەکەی ڕۆنانیی بنەڕەتییان هەیە. ئاستێکیان(X-bar)ە، کە پێکهاتووە لەسەرەیەک و تەواوکەرێک، ئاستەکەی تریش (X-double bar)ە ، ئەم ئاستەش پێکهاتووە لە (X)ێک وSpecێک.ئەگەر مەبەست لە (X)ەکەش سەرە فەرهەنگییەکان بێت، کەواتە فرێزە تەواوەکان وەک (A'')=Ap, (P'')=pp,(V'')=Vp, (N'')=Np، یەکسان دەبن بە (X'' = Xp (محەمەد، ٢٠٠٩، ١٥١). دەست نیشانکردنی ئاستەکانی زمان یەکێکە لەو کارە گرنگانەی کە زانستی زمان توانیویەتی دیارییان بکات، هەر ئاستێکیش لەوانە سروشت و پەیڕەو و ڕێگەو تەکنیکی

تایبەتی خۆی بۆ شیکردنەوە. هەر قوتابخانەش بۆچوونی خۆی هەیە لە دەستنیشانکردنی ئاستەکانی سروشتی پەیوەندی نێوانیان و شیکردنەوەیان، (شێخ طیب، ٢٠١٤، ٥٣-٥٧) دەکرێت ئاستەکانی زمان بەدوو جۆر دابەش بکرێت:

١. ئاستە سەرەکییەکان: کە بریتین لەئاستی سینتاکسیی و مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان لەگەڵ (مەبەست ) دا هەیە، نەک لەگەڵ چوارچێوەی قسەکردن (سیاق).

٢. ئاستە لاوەکییەکان: کەبریتین لە ئاستی فۆنەتیک و واتاسازی و پراگماتیک، چونکە باسی دەنگێکی (مجرد) دەکات و پەیوەنییەکی ڕاستەوخۆی بە زمانەوە نییە.

زمانەوانەکان بەگشتی لەسەر ئاستەکانی زمان و ژمارەیان ڕێک ناکەون هەندێ زمانەوان ئاستی سەرەکی و نا سەرەکی جیای ناکاتەوە.

## ١-١/٢) پەیوەندیی ئاستی مۆرفۆلۆژیی بە پێکهاتەکانی ترەوە

یەکێک لە دەستکەوتە گرنگەکانی زمانەوانیی نوێ دەستنیشانکردن و لێکۆڵینەوە بوو لە یەکە زمانییەکان و ئاستەکانی زمان. بۆیە پەسەنکردنی زمان پێویستی بە خستنە ڕووی ئاستەکان هەبوو بۆ شیکردنەوەی زمان لە چوارچێوەیاندا، لەم ڕوانگەیەوە بونیادگەرەکان بە شێوەیەکی جیاو سەربەخۆ لە هەر ئاستێکیان کۆڵیوەتەوە، بەوەش ئاستەکانی زمانیان لە یەکتر دەترازان، چونکە دانانی سنوور و جیاکردنەوەی ئاستەکان تەنیا بۆ مەبەستی ئاسانی شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی زمانە، هەر سیستەمێکیش: دەنگی یان ڕێزمانی یان واتایی بێت، هەموویان لە ژێر کاریگەری سیستەمی گشتی زماندا کاردەکەن و پەیوەندییەکی بەهێزیش لە نێوانیاندا هەیە.(برزو، ٢٠١٦، ٧٥-٧٦)، زمان وەک زۆربەی دیاردە سروشتییەکان بەتێپەڕبوونی کات گۆڕانکاری بەخۆوە دەبینێت، ئەو گۆڕانە بۆیە دەتوانین بڵێن کە کاتێ گۆڕان بەسەر زمان دێت، ئەو گۆڕانە هەموو لایەنەکانی دەگرێتەوە، یەکێ لەولایەنانە گۆڕانە هەر یەکێکیان بەسەر ئەویتردا دەبێت.

## ٢-١/٢) پەیوەندیی ئاستی مۆرفۆلۆژیی بە ئاستی فۆنۆلۆژییەوە

پەیوەندی مۆرفۆلۆژیی بەفۆنۆلۆژییەوە زۆر بەتینە، چونکەمۆرفیم بەهۆی چەند فۆنیمێکەوە دەنوێنرێت، بە پێچەوانەوەش مۆرفیم دەنوێنن، جگە لەمەش دیاریدەی مۆرفۆفۆنێم (Morphophoneme) پەیوەندیەکی هاوبەشە لە نێوان مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی، چونکە زۆر مۆرفیمان هەیە کە لەشێوەی یەک فۆنیمن، ئەم فۆنیمانە لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا مۆرفیم دەنوێنن و پێی دەگوترێت مۆرفۆفۆنێم، وەک زۆربەی مۆرفیمەکان کات و ڕاناوە لکاوەکان بۆ نموونە: من هاتم، تۆ هاتی، ... هتد (م، ی) هەم فۆنیمن لە ئاستی دەنگسازیی و هەم مۆرفیمە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیی، ئەمەش پەیوەندیەکی تری فۆنۆلۆژییە بە مۆرفۆلۆژیی، سەرەڕای ئەمانەش لەگەڵ لێکدانی مۆرفیمەکان لە سنووری وشەی لێکدراو و داڕێژراو گرێ زۆر لەگۆڕانە فۆنۆلۆژییەکانە ڕوودەدەن وەک: تووانەوە و دەرکەوتن دەنگ و گۆڕانی دەنگ ... هتد. (دزەیی، ٢٠١٤، ٢٦) مۆرفیم وەک یەکەیەکی زمانەوانی لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا دانەیەکی ئەبستراکیە، لە مێشکدایەو ڕێزمانییە، بەڵام مۆرف یەکەیەکی کۆنکرێتە و هەستی پێ دەکرێت کە دەکرێت بەدەنگ (فۆن).

سەبارەت بەکارلێکیی مۆرفۆلۆژیی – فۆنۆلۆژیی، هەڵبژاردنی فۆرمێک، کە مۆرفیمێکی دیاریکراو دەنوێنێت، لەوانەیە بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو دەنگانەی کە مۆرفمێکی دەوروبەری خۆی دەناسێنێ. بۆ نموونە فۆرمی سەرەکی ئەم مۆرفیمە لە زمانی کوردیدا (ەکە) یە، بەڵام لە شوێن و دەوروبەری جیاوازدا بە فۆرمی دیکە بەدەردەکەوێت، ئەگەر بکەوێتە پێش دەنگێک، کە بە نەبزوێن کۆتایی هاتبێت، هەر (ەکە) یە، بڕوانە نموونەی ژمارە(٣- ا، ب، پ، ت):

٣) ا. کوڕ + ەکە ——— کوڕەکە

بەڵام ئەگەر کۆتایی بە کۆنسنانت هاتبێت ئەوا دەبێتە (یەکە، کە، ەک، یەک، ۆکە، ێکە) بەپێ ی ئەو دەنگە بزوێنەی کە دەوێتە پێش مۆرفیمە ناسیارییەکەوە، وەک:

ب. برا + یەکە (کە) ——— برایەکە (براکە)

پ. مامۆستا + کە (یەکە) ——— مامۆستاکە (مامۆستایەکە)

ت. پیاو + ەک + ان ——— پیاوەکان ... هتد .

ئێمە ناتوانین وەسفی شێوەیەکی فۆنۆلۆژیی ئامرازی ناسیاری بکەین، ئەگەر ئاماژە بەو دەنگە نەکەین کە دەکەوێتە پێشییەوە. هەندێ لەیاسا فۆنۆلۆژییەکان بەشێوەی جیاواز بەسەر وشەکاندا پیادە دەکرێن. بەپشت بەستن بەتایبەتییە مۆرفۆسینتاکسییەکانیان. بۆ نموونە، هەندێ لە یاسا فۆنۆلۆژییەکان هەستیارن بۆ جیاوازیکردن لە نێوان ناوەکان و کارەکاندا.

کەواتە : هێزی سەرەکی لە ناوەکان و ئاوەڵناوەکاندا لە کۆتاییدایە وەک: ئاڵا، ئازا، بەڵام هەندێ لە مۆرفیمە پێکهێنەرەکانی کار هێز وەردەگرن. بۆ نموونە لە فۆرمێکی نەرێیی وەک: ناخۆم، هێز دەکەوێتە سەرەتاوە، واتە هێزە سەرەکییەکە لەسەر ئامرازی نەرێییەکەی (نا)یە. (محمد، ٢٠١٩، ٢٦-٢٩)، ئاشکرایە، کە بۆ پیادەکردنی ئەو یاسا فۆنۆلۆژییانەی کەبەهێز تەرخاندەکەن بەشێوەیەکی دروست، گەیشتن بەو جۆرە زانیارییە مۆرفۆلۆژییانە زۆر پێویستە ئەو زانیارییە پێویستە بەشێک لە دەروازەی فەرهەنگیی وشەکان پێکبهێنێت.

مۆرف و مۆرفیم پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەهێز لە نێوانیاندا بەدی دە کرێت بە جۆرێک هیچیان بێ ئەوی تریان نابێت، بەمەش دەتوانین بڵێین پەیوەندییان تەواوکەری یەکترییە.

بۆ نموونە : مۆرفیمی ناسیاوی (ەکە) چەند مۆرفێکی هەیە، هەر وەک لە هێڵکاری ژمارەی(٢)دا دەخرێتەڕوو:




هێڵکاریی(٢)

پەیوەندی نێوان مۆڕف و مۆڕفیم کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەلۆمۆڕفەکان بەپێی ژینگەی جیاجیای فۆنۆلۆژیی (دەنگسازیی)، دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندی نێوان ئاستی مۆرفۆلۆژیی بەفۆنۆلۆژیی کە (مۆڕفیم) لە ئاستی مۆرفۆلۆژیی، (مۆرف و ئەلۆمۆرف) لە ئاستی فۆنۆلۆژیی دروست دەکات. (محی الدین، ٢٠٠٨، ٤١-٤٢)

بەمەش ئاستی مۆرفۆلۆژیی ناتوانین لە ئاستی فۆنۆلۆژیی جیابێت، بەڵکو جۆرە پەیوەندییەک نیشان دەدەن کە وەکو کەناڵێک زاراوەکان ئاڵوگۆڕ دەکەن.

## ٣-١/٢) پەیوەندیی ئاستی مۆرفۆلۆژیی بە ئاستی سینتاکسییەوە

دەروازەی سینتاکسیی توخمێکی فەرهەنگیی لایەنی دروستەیی و ئەرکی نواندنی توخمەکە ئەگرێتەوە، لایەنە دروستیەکەی ئەوەیە کە پەیوەستە بە فرێز وڕستە و دروستەییان توخمێکی بەرهەمهێنەرە یان توخمێکی بەرهەمهێنراوە. بۆ نموونە ($X^0$ ) ێک لەڕووی دروستەیەوە پرۆژەی فرێز و ڕستەکانیش بەرهەمدەهێنێت، هەر ئەو ($X^0$ )ە تەواوکەرەکان هەڵدەبژێرێت و لەڕووی واتاییەشەوە هەڵاوێریان دەکات.

بۆ ئەمەش بۆ دروستە تیۆری( X-bar)، کە بۆ بەرهەمهێنانی دروستەیی سینتاکسیی لە چەشنی فرێزو ڕستەیە بە دروستترین مۆدێلی نواندنی دەروازەی دروستەیی سینتاکسیی بەکاردەهێنرێت.

تیۆری (X-bar) مۆدێلێکی ڕێزمانییە بۆ دەرهێنانی زانیاریی سینتاکسیی توخمێک پەیوەستە بە دروستەوە لەو تیۆرەدا (X) ەکان، کە (کردار، ئاوەڵناو، ناو، پێشناو) دەگرێتەوە، فرێز دروستکەر و داواکەری تەواوکەرێکی ڕێزمانیی و تەنانەت واتایشە. واتا سێتێکی سینتاکسیی دروست دەکەن و لە سینتاکسدا دەبن بە (X,Y)، بڕوانە (X-bar) مۆرفۆلۆژیی لایەنە ئەرکییەکەی دەروازەی سینتاکسیی لە دوای ئەو پەیکەرەوە دێت کە لە ڕووی دروستەییەوە، تیۆری (X-bar) بۆ دروستە سینتاکسییەکان دادەڕێژێت. بڕوانە هێڵکاری ژمارە ( ٣):




هێڵکاریی(٣)

لایەنە ئەرکییەکەشی کە بەشێکە لە دەروازەی سینتاکسیی توخمێک یاخود ( X) ێک، ئەوە دەردەبڕێت، کە چۆن( X )ەکان ئەرک دەبەخشن وەحوکم یان دۆخی ڕێزمانیی دەدەن بە (Y)یەکان، واتا لە دەروازەی سینتاکسیی ئەرکی توخمەکاندا، ئەو دەسەڵاتانە دیاری دەکرێت) ($X^0$ )ێک لەناو دروستەی سینتاکسیی هەیەتی. بەجۆرێک (X) هەیە دۆخ دەرە و حکوم کەریشە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا(X )ێک هەیە تەنها حکومکەرە و ڕێگادانی سینتاکسیی دروست دەکات.

پەیوەست بە جێکەوتەشەوە کە پێشبینی دەکرێت بەشێک بێت لە دەروازەی سینتاکسیی توخمەکان ئەوە دەگەیەنێت، کە فۆڕمێک لەناو سینتاکسدا جێکەوتەیەکی سینتاکسیی دەبێت واتا هەر لە فەرهەنگەوە جێکەوتە بەشێک بێت لە زانیاریی توخمێکی فەرهەنگیی.

لەبەر ئەوەی ( X)ەکان دیاریکەریی پارمیتەری زمانن بەپێ ی هێلکاری ژمارە (٣ )، (X )ەکان دەچنە کۆتایی بەوەش لە هەر(X) ێکدا نیشانەی یان دەروازەی (+پارمیتەر)ی بەشێک دەبێت لە زانیاریی فەرهەنگیی، بەو جۆرەش ئەگەر (+پارامیتەر)ی بێت بەواتا لەناو دروستەیەکی سینتاکسییە یان سەرەتا یان کۆتایی دەگرێ بۆ زمانی کوردی تەنیا لە ڕێگەی نواندنە سینتاکسییەکەی (X) ەکانەوە دەزانرێ کە (X)ەکان کۆتایی دەگرن.

ئاشکرایە ئاستەکانی زمان وەها بەیەکترەوە بەستراون کەسنووریان بەئاسانی جیا ناکرێتەوە، هەر دانەیەکی ئاستی مۆرفۆلۆژیی زمان بەمەبەستی تەواوبوونی یاخود بنیاتنانی پرۆسەی زمان لەژێر کاریگەری ئاستی سینتاکس گۆڕانی بەسەردا دێت بەمەش ئاستی مۆرفۆلۆژیی کەرەسە جۆربەجۆرەکانی لە ( مۆرفێم و گیرەک و وشە) دەکەونە ژێر ئاستی سینتاکس و پەیوەندییەکی ڕێکوپێک بەپێی یاسایەکی دیاریکراو لە ڕۆنانی فرێز و وشە و ڕستەدا دروست دەکەن. (محی الدین، ٢٠٠٨، ٩٧) فۆڕمی وشەیەک لەوانەیە بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو پێکهاتە سینتاکسییەی کە وشەکەی تێدا بە دەر دەکەوێت. بۆ نموونە چاوگی( ڕۆیشتن) کۆمەڵێک فۆڕم دەگرێتە خۆی (بەتایبەتیش کاتێک کەوەک فۆڕمێکی کرداری بەکاردێت) لەوانە:

دەڕوات، دەڕۆن، ڕۆیشتن، ڕۆیشتووە، ڕۆیشتبوو، هەڵبژاردنی یەکێک لە فۆڕمەکانی ئەو کارە لە بارێکی دیاریکراودا پشت بەو پێکهاتە سینتاکسییە دەبەستێت کە تێیدا بەدەردەکەوێت.

سینتاکس پێویستە دەروازەیەکی مۆرفۆسینتاکسیی هەبێت واتە ئەو خاسیەتانەی کە تا ڕادەیەک سینتاکسیین و تاڕادەیەکیش مۆرفۆلۆژیین. وەک ئەوەی کە ئایا ناوێکی وەک (کوڕ) ژمێردراوە، یان ناوێکی وەک (نەوت) نەژمێردراوە، چونکە ئەمە کار لە ڕەفتارەکانیانی دەکات لە ناو فرێز و ڕستەکاندا. ئێمە لەوانەیە بتوانین بڵێین ( کوڕان یان دوو کوڕی زیرەک )، بەڵام ناتوانین بڵێین(*نەوتان یا *دوو نەوت). (محمد، ٢٠١٩، ٢٧-٢٩) مۆڕفێم دەورێکی سینتاکسیی هەیە لە ڕۆنانی ڕێزمانیی گەورەتر وەک وشە و گرێ و ڕستەدا دووبارە دەبێتەوە و بەشداری پێکهاتنیان دەکات بۆ دوو ئەرک: ١- ئەرکی گشتی: ئەرکی ئەرێ و نەرێ و جەختکردن و مەرج ...هتد دەگرێتەوە. ٢- ئەرکی تایبەتی: ئەرکی بکەری و بەرکاری ... هتد دەگرێتەوە.

ئەم پەیوەندییەی مۆرفۆلۆژیی بەسینتاکس دیاردەی مۆرفۆسینتاکسیی(Morphosyntaxs) هێنا ئاراوە، کە ئاماژە بۆ ڕۆڵی سینتاکسیی هەندێ مۆڕفێم دەکات (ە) وەک: پیاو + ەکە = پیاوەکە، (ەکە) مۆرفۆسینتاکسە و ئەرکی ناساندن دەبینێت. (دزەیی، ٢٠١٤، ٢٦-٢٧)، چەمکی مۆرفۆسینتاکس هەڵگری هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژیی و ئاستی سینتاکس لەنێو ئاستەکانی زماندا دەگەیەنێت، کە زاراوەیەکی زمانی پەیوەندی تێکچڕژانی دوو ئاستی زمان لە یەک ئاستی پڕدەکاتەوە لە ژێر ناوی ئاستی (مۆڕفۆسینتاکس) کەواتە (مۆرفۆسینتاکس) زاراوەیەکی زمانەوانی هەڵقولاوی بواری مۆرفۆلۆژیی و

سینتاکسییە. بەشێوەیەک کە مۆرفێم بچووکترین یەکەی هەردوو پێکهاتەکەیە لە ڕووی واتا یان ئەرکەوە - ئەرکی دارشتن یان ڕێزمانی، بەمەش هەردوو ئاستەکە لەهێڵکارییەکی ئەم شێوەیەی خوارەوە، پێناسەکە یاخود چەمکی مۆرفۆسینتاکس لە خۆ دەگرێت بڕوانە هێڵکاری ژمارەی (٤):




هێڵکاریی(٤)

ئەم هێڵکارییە شێوەیەکی ئاڵۆزو فراوانی مۆرفۆسینتاکس نیشان دەدات لەم بارەیەوە (ڕادفۆرد) دەڵێت: (سیما و ڕوخساری مۆرفۆسینتاکس سیمایەکی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییە تایبەتە بە هەریەک لەبارەی پێکهاتەی وشە و ڕێکخستنی ڕستەیی ). (محی الدین، ٢٠٠٨، ٩٥)، هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەنجامی هەموو ئەوانەی کە باسکران، دەتوانرێت بگوترێت، چەمکی مۆرفۆسینتاکس نواندنی ڕستەیە بە مۆرفێم، یاخود بە کلیتیککردنی پۆلەڕەگەزە سینتاکسییە بە خورتیەکانە. یان مۆرفۆسینتاکس، سینتاکسە بە مۆرفێم و چوونە ناویەک و تێکچڕژانی پێکهاتەکانی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی هێناوەتە ئاراوە.

کەواتە بنەمای بەرهەمهێنانی مۆرفۆسینتاکس، مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسە، لە مۆرفۆلۆژییدا ئەو کەرەستە مۆرفۆلۆژیانەی ئەرکی سینتاکسیی دەگێڕن.(حسەین، ٧،٢٠١٢)، کە بە پۆلە داخراوەکان ناوبراون، بە پێکهێنەری سەرەکی و کەرەستەی بنەڕەتی دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی دادەنرێت لە زماندا.

## ٤-١/٢) پەیوەندیی ئاستی مۆرفۆلۆژیی بەئاستی واتاسازییەوە

پەیوەندییەکی تری مۆرفۆلۆژیی بە واتاسازییەوە بواری واتاییە، وشە یەکەیەکی پتەوە و بۆ هەڵوەشاندنەوە و ترازاندن نابێت و باوەری وایە واتای وشە لە ڕێگای ئەو پەیوەندیانەوە دێت، کە وشەکە لەگەڵ وشەکانی تری زمان هەیەتی کە پێی دەوترێ(Morpho – semantic fields) ، وشەکان لە کاتی لێکدانیان لە سنووری ڕستە بەشێک لە واتاکەی خۆی وون دەکات و بەشێک لە واتا لە دەوروبەرە زمانییەکە، واتە واتا لە وشەکانی پێشتر و پاشتر وەردەگرێت (دزەیی، ٢٠١٣، ٢٥)، بۆ نموونە بڕوانە نموونەی ژمارە (٤- ا، ب):

٤) ا. پارەیەکی باش (باش) بەواتای زۆر دێت.

ب. قوتابییەکی باش (باش) بەواتای زیرەک دێت.

پەیوەندی نێوان مۆرفۆلۆژیی و فەرهەنگ لەلایەک ولەگەڵ واتاش لەلایەکی تردا ئاشکرایە، چونکە رۆڵی سەرەکی فەرهەنگ ئەوەیە کە واتای وشەکان ڕیزبکات، ئەمەش لەبەر ئەوەی هەمیشە پەیوەندییتی نێوان وشەیەک و واتاکەی هەڕەمەکییە. واتە هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی کە وشەیەک ئەو واتایە تایبەتییە بگەیەنێت کە هەیەتی. بۆ نموونە تۆ دەبێ ئەو ڕاستییەت لە یاد بێت کە وشەیەکی وەکو (پێشکە)ئاماژە بۆ جۆرە زیندەوەرێکی تایبەت دەکات. هیچ ڕێگایەکیش نییە کە بتوانێ ئەو ڕاستییە لە دەنگەکان یان ڕۆنانی وشەکەوە بدۆزرێتەوە. (محمد، ٢٠١٩، ٢٨)، وشەکان لە ناو ڕستە بەپێی واتا یەکتر هەڵدەبژێرن، بۆ نموونە کاری (بینین) لەگەڵ (ناوی بەرجەستە) بەکاردێت، بەڵام لەگەڵ (ناوی واتایی) بەکارنایەت، بۆ نموونە بڕوانە نموونەی ژمارە (٥- ا، ب، پ، ت):

٥) ا. دارەکەم بینی.

ب. تاریکیم بینی؟

سەرەڕای ئەمانەش هەر مۆرفیمێک بخرێتە سەر وشەیەک یان مۆرفیمێکی سەربەخۆ یان لێی بکەینەوە ئەوا گۆڕان لە واتا ڕوودەدات وەک:

پ. نا + پاک = ناپاک

ت. نا + ڕاست = ناڕاست (درۆ)

ئەگەر (نا) لەناوەڕاست بکرێتەوە دەبێتە پێچەوانەی (درۆ). (دزەیی،٢٠١٣، ٢٥)، لایەنی زانیاریی مۆرفۆلۆژیی ئەو توخمانە دەگرێتەوە کە خۆیان کەرەستەی پێکهاتنی مۆرفۆلۆژیین. زانیارییەکان دەربارەی چۆنیەتی دروستکردنی فۆڕمێک لەناو پێکهاتەیی مۆرفۆلۆژییدا، بەوەش لایەنی دروستکردن و شکانەوەش دەگرێتەوە. دروستکردن دەکرێت بەتایبەتی پرۆژەی (داڕشتن و لێکدان ) کە دوو پرۆسەی باوبڵاوی زۆربەی زمانەکانی جیهانە، شکانەوەش دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی پۆلە ڕەگەزەکانی دەگرێتەوە، واتا ئەو مۆرفیمانەی کە وشە گۆڕن و واتایی ڕێزمانی لە فۆڕمێکی فەرهەنگییدا دروست دەبن. نرخی هەریەک لە توخمە مۆرفۆلۆژییەکان پەیوەست بە زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکان دەگۆڕێت و جڵەوی هەریەکەیان لە ڕێزماندا بەپێی ئاستی نواندنەکەیانە، چونکە هەندێکیان لایەنێکی مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگییان هەیە، هەندێکی تریان مۆرمۆسینتاکسیی توخمە فەرهەنگییەکانن.

ئەوانەی کە ئاماژەیی پێدرا لایەنی دروستەیی پەیوەست بە دەروازەی مۆرفۆلۆژیی بوون، لێرەوە دەروازەی واتاسازیی فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژیی دەخرێتە ڕوو کە ئەویش ئەو واتاییە دەگرێتەوە کە لەناو دروستەیەکی مۆرفۆلۆژیی و دەرەوەیی دروستەیەکی مۆرفۆلۆژییدا بەرجەستەدەکرێت.

ناوەوەی دروستەیەکی مۆرفۆلۆژیی ئەو واتاییە دەگرێتەوە کە توخمێک جا ئەگەر توخمەکە($X^{-1}$) یان ( $X^{0}$) بێت واتاییەکی مۆرفۆلۆژییانەی تێدا دەردەکەوێت، بۆنموونە:

یەکێکی تر لەو دەروازانەی کە لە فەرهەنگدا لەناو توخمەکاندا هەڵگیراوە دەروازەی واتاسازییە، دەروازەی واتاسازیی هەرچەندە خۆی سەربەخۆیانە لەناو فەرهەنگدا بۆ کۆیی کەرەستە فەرهەنگییەکان جیا دەکرێتەوە، بەڵام هەریەک لەپێکهاتەکانی پەیوەست بەواتاوە دەروازەی تایبەتی بەخۆیان هەیە.

واتاو دەروازەی واتایی لە مۆرفیمەکانەوە دەست پێدەکات، ئەگەر چی (فۆنیم) لە گۆڕینی واتادا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی (فۆنیم) بچوکترین دانەی بێ واتای زمانە بۆیە لەسنوری ئەم توێژینەوەدا دەروازەی واتایی فۆنیمەکان ڕەچاو ناکرێت. لەو ڕوانگەشەوە لە مۆرفیمەکان دەست پێدەکات.

مۆرفیمەکان بەپێی ئەو هێڵکارەیی ژمارە (٧)، کە ئاماژەی پێدرا بەند و سەربەخۆیان هەیە. هەریەکە لەبەند و سەربەخۆکان، خاوەنی دەروازەی واتایی خۆیانن و بەپێ ی نیشانەکانیان لەیەکتری جیادەکرێتەوە. دەشێت یەک مۆرفیم خاوەنی کۆمەڵێ چەپکی نیشانەی واتایی بێت، لە مۆرفۆلۆژییەکاندا ئەو نیشانانە بەرجەستە بکرێت.

بۆیە لەڕووی واتاسازییەوە یان لەڕووی واتاوە مۆرفیمەکان لەڕووی واتاییەوە گشتیەتی دەنوێنن، چونکە هەریەکەیان چەپکە نیشانەیان تێدا گەنجکراوە.

## ١/٣) چییەتیی مۆرفۆلۆژیی

مۆرفۆلۆژیی لێکۆڵینەوەیە لە پێکهاتەی ناوەکی وشەکانی وەک لقێکی جیاوازی زمانەوانی دەردەکەوێت، تا سەدەی نۆزدە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا مۆرفۆلۆژیی ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو بۆ دروستکردنەوەی خێزانی هیندۆ ئەوروپی لەساڵی (1816) فرانز بۆپ بڵاویکردەوە، ئەنجامی توێژینەوەیەک کە پشتگیری لە داواکاریەکە دەکات، لە بنەڕەتدا لەلایەن بەڕێز ویلیامەوە دروستکراوە، جۆنز لە ساڵی( 1786) دا، کە سانسکرێت، لاتینی، فارسی و زمانە ئەڵمانیەکان لە باوباپیرانی هاوبەشەوە دابەزیون. بەڵگەکانی بۆپ لەسەر بنەمای بەراوردکردنی کۆتاییە ڕێزمانیەکانی وشەکان لەم زمانانەدا لەنێوان( 1819 و 1837) دا جاکۆب گریم-ی هاوچەرخی بۆپ بڵاوکردەوە. کاری کلاسیکی خۆی، (دۆیچ گراماتک) بەشیکردنەوەی تەواو بەراوردکردنی سیستەمەکانی دەنگ و شێوەی دروستکردنی

https://www.cambridge.org/core/books/abs/analyzing-grammar/lexical-entries-and-wellformed-clauses/2B10978C3921E394B48FDA5148EC7F84

لێکۆڵینەوە لە پەرەسەندنی وشەکان دەبێتە هۆی رووناککردنەوەی پەرەسەندنی زمان.

- زاراوەی (مۆرفۆلۆژیی)، کە لە زمانی یۆنانیەوە وەرگیراوە لە (شێوە، فۆرم،Morphe ) و (logos زانست، لێکۆولێنەوە) پێکهاتووە، بەم جۆرە مۆرفۆلۆژیی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە بارەی وشەوە لەڕووی پێکهاتن و گۆڕانەوە. (حاجی مارف، ١٩٧٩، ٤)، ئاستی مۆرفۆلۆژیی وەک ئاستێکی سەرەکی زمان ڕۆڵێکی ئەکتیڤ (چالاک)، لە دروستکردنی پەیوەندی بە ئاستەکانی تری زمان دەبینێت، هەروەها زۆر پێناسەی جیاجیای بۆکراوە لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕێباز و قوتابخانەی کە لەم بوارەیان کۆڵیوەتەوە. **بەم پێیە:**

- **ئاستی مۆرفۆلۆژیی:** ئەو ئاستەیە کە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەیی ناوەوەی وشەکان دەکات، واتە (مۆرفۆلۆژیی دیراسەی ڕۆنانی ناوەوەی وشەیە). (محی الدین، ٢٠٠٨، ٣).

- **مۆرفۆلۆژیی**: بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە بارەی وشەوە لەڕووی پێکهاتن و گۆڕانەوە. (حاجی مارف، ١٩٧٩، ٤).

- **مۆرفۆلۆژیی**: لێکۆڵینەوەیە لە پێکەوە گرێدانی گونجاوی مۆرفیمەکان بۆ بەدەستخستنی وشەکان.

- **مۆرفۆلۆژیی**: لێکۆڵینەوەیە لە دروستەیی ناوەوەی وشەکان و وەچەزانستێکی کۆن و نوێی ڕێزمانە.

- **مۆرفۆلۆژیی**: وەچەزانستێکی/ لقێکی زانستی زمانە، ئەوە دەردەبڕێت، کە پێکهاتەیەکی پێڕەوی زمانە (ڕێزمانە) و دەشتوانرێت بگوترێت مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی و مەبەستیش دیارە،(مەحویی، ٢٠١٠، ٢)

دروستەکانی وشەکانی زمانی کوردیین، بەڵام دەیشتوانرێت بگوترێت مۆرفۆلۆژیی هەشتاکان و مەبەست وەچەزانستی زمان یان لێکۆڵینەوە لە مۆرفۆلۆژیی لە هەشتاکانی سەدەی پێشوودا دەبێت. - مۆرفۆلۆژیی بەشێک لە توانستە زمانییەکانمان ( Linguistic Knowledge) پێکدێنێت لەپاڵ زانستەکانی تر و لقێکە لە ڕێزمان و ئەو زانستەیە لە پێکهاتنی ناوەوەی وشە و پۆلێنکردنی مۆرفیمەکان و دەستنیشانکردنی پێکهاتە و ئەرکی دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ ئەو یاسایانەی کە وشە پێی دروست دەکرێت، دواتریش ڕیزکردن و ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەهۆی ڕیزکردنەوە دێتە ئاراوە(دزەیی، ٢٠١٣، ١٧)، لەم زانستەدا جەخت لەسەر رواڵەتی مۆڕف و وشە دەکرێت.

- **مۆرفۆلۆژیی**: لقێکە لە زانستی ڕێزمان لە پێکهاتنی وشە بە پێشگر و پاشگر و ناوگرد ڕەگ دەکۆڵێتەوە، لقەکەی تری ڕێزمان سینتاکسە.

- **مۆرفۆلۆژیی**: بەشێکە لە دەستووری زمان کە لەپێکهاتنی شیکردنەوەی وشەدا بڕیاردەدات، یەکەی سادەی ئەم شیکردنەوەیە مۆڕفیمە.

- محەمەد ئەمینی هەورامی دەڵێت: (( مۆرفۆلۆژیی یاخود وشەسازیی ئەو زانستەیە کە لەمۆرفیمی وشە دەکۆڵێتەوە لە ڕووی قەوارە و جۆر و مانایەوە)). (شوانی، ٢٠١١، ٢٤)

- **مۆرفۆلۆژیی**: ئەو زانستەیە کە لە مۆرفیم (Morpheme)ی وشەی زمان دەکۆڵێتەوە لە ڕووی قەوارە و (Form) و جۆر و ماناوە.

- مۆرفۆلۆژیی لە داڕشتن و گۆڕانی وشە دەکۆڵێتەوە.

- مۆرفۆلۆژیی زانستی بنکەی وشەکانە.

- مۆرفۆلۆژیی زانستێکە لە پێکهاتن و شێوەی گۆڕانی وشەی زمان دەکۆڵێتەوە و کەرەستەی لێکۆڵینەوەی ئەم ئاستە واتا (مۆرفۆلۆژیی) مۆرفیمە.

- مۆرفۆلۆژیی دیراسەی ڕۆنانی وشەیە.

- **مۆرفۆلۆژیی**: ئەو زانستەیە لەو گۆڕانانەی کە دەکەوێتە سەر وشە دەکۆڵێتەوە و ئامانجەکەشی پێکهاتنی وشە تازەکەیە.

- **مۆرفۆلۆژیی**: لقێکە لە لقەکانی ڕێزمان لە پێکهاتنی وشە لە ڕووی پێشگر و پاشگر و ناوگر و ڕەگەکان دەکۆڵێتەوە. (شیخ طیب، ٢٠١٤، ٥٨-٥٩)

مۆرفۆلۆژیی بەشێکە لە ڕێزمانی زمان، کە لە ڕۆنانی ناوەوەی وشە دەکۆڵێتەوە، فۆڕمی نوێ بە واتای نوێ بەرهەم دێنێت.

## ١-١/٣) زانیاریی مۆرفۆلۆژییانە (Morphological Information)

هەر چەندە مۆرفۆلۆژیی خۆی لەناو فەرهەنگدا یەکێکە لە دەروازەکانی پۆلە ڕەگەزەکان و کەرەستەکان. واتا یەکێکە لە زانیارییەکان و پێشبینی دەکرێت ئاخێوەری زمان لەناو کەرەستەکاندا زانیاریی مۆرفۆلۆژییانەش، وەک دەروازەیەک بزانن یان بەئاگابن لێی، بەڵام خودی مۆرفۆلۆژیی، وەک پێکهاتەکانی تر بەسەربەخۆی دەروازەی خۆی هەیە واتە، چۆن لە (X) یێکدا دەروازەی مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیی و سیمانتیکیی هەیە، ئەمەش سەربەخۆیی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی دەسەلمێنێت و دەرناکەوێ مۆرفۆلۆژیی وەچەی پێکهاتەکی تر بێت، بەڵکو پێکهاتەیە و ئاخێوەری زمانیش توانستی مۆرفۆلۆژییانەی هەیە.

فۆنۆلۆژیی لە مۆرفۆلۆژیدا لایەنێکی کەرتی و ناکەرتیشی هەیە، لایەنە کەرتیەکەی (نواندنی فۆنێمەکانە لە ناو فۆرمێکی مۆرفۆلۆژیی) دا، کەئەویش بنەمایەکی مۆرفۆفۆنۆلۆژیی هەیە. واتە فۆنێمێک خۆی لە فەرهەنگدا چۆنە پاشان بەپێی یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆژییەکان لەوشەیەکی مۆرفۆلۆژییدا چی بەسەردێت، ئەوکاتە لەڕووی کەرتییەوە فۆڕمە نوێییەکە وەک فۆرمێک بە ووشەبوونی مۆرفۆلۆژییانە لێ دێ، جا ئەویش لەنێوان فۆنۆلۆژیی کەرتی ناو فەرهەنگ و فۆنۆلۆژیی کەرتی ناو مۆرفۆلۆژیی.

ئاخێوەری زمانێک زانیارییەکانی پەیوەست بە ڕێزمانەکەیەوە لەلایەک و لە بەکاربردنی زماندا بە ئاگاییەوە بەرجەستە دەکات. لەوەوە دەبێت ئاماژە بەوە بدرێت، کە ئەو زانیارییانە کەرەستەیەکی خاون و لەناو فەرهەنگیی ئاوەزییدا خەزنکراون، بەوەش زانیارییەکان لە خەزنکراوە فەرهەنگیەکەدا نواندنێکی ناوەکی (Internal Representation) دەبێت و لە ڕێزمانیشدا نواندنێکی دەرەکی (External Representation). زانیارییەکانی ئاخێوەری زمان لە کەرەستە فەرهەنگییەکانی دان و لە ڕێزماندا دەخرێتە ڕوو. واتە زانیارییە هەڵگیراوەکەی ناو فەرهەنگ دەبنە بنەمای فۆرم دارشتن لە ڕێزماندا. لە ڕێزمانییشدا کەرەستەیەکی فەرهەنگیی فۆرمی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی بەرهەمدێنێت. داتاکانی ناو فەرهەنگێک لە شێوەی فۆرمی نەشکاوە هەڵگیراون، واتا هەر زانیارییەکی مۆرفۆلۆژیی یان سینتاکسیی یان سیمانتیکیی هەبێت، ئەوا لە ناوەخنی ئەو داتایانەدا هەڵگیراون خەزنکراون.(مەعرووف، ٢٠٢٠، ١٦٧). مۆرفۆلۆژیی زانستێکی فرەلایەنە وەک: لایەنەکانی ڕۆنانی لێکسیکیی، واتای لێکسیکیی، ڕیشەناسی و هتد. ئەم ئاستە لە فەرهەنگدا سەرەڕای پابەندبوونی بە ڕێساکانی ئەو زانستە فرەلایەنە، بەپێی جۆری فەرهەنگەکە، لەڕووی خستنە ڕووی زانیارییە لێکسیکییەکانی ناوی، پێویستی بە زانستی شێوازگەریش هەیە. وەک نموونە، چۆنیەتی بوون و خستنە ڕووی ئەو زانیارییانە لە فەرهەنگدا، لەم چەند تەوەرەیەدا. (عثمان، ٢٠١٦، ١٠٧) گۆڕانکارییەکانی ژیان، بەردەوام وشەی نوێ دێنێتەکایەوە، ئەم هاتنەکایەیان ڕێگەی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی ناو زمانەکە خۆی دەبێت، یان بەخستنە پاڵیەک و لێکدانی مۆرفیمەکان یان بەوەرگرتنی وشە لە زمانی دیکە دەبێت بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ، زمان بەگشتی لە هەموو ئاستەکانیدا بە بەرهەمە و لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا لە پلەیەکی بەرزدایە. فرۆمکین (Fromkin) سەبارەت بە بەرهەمی لە مۆرفۆلۆژییدا دەڵێت (( بەبەرهەمی ئاماژە بەهەموو ئەو یاسا مۆرفۆلۆژییانە دەکات، کە دەتوانرێت بە شێوەیەکی سەربەست (ئازاد) بەسەر هەموو فۆڕمەکان جێبەجێ بکرێت، بەمەبەستی پێکهێنانی وشەی نوێ)). (قادر، ٢٠١٧، ٧). زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکان لە تێکردەی وشەی زمانەکەمانەوە وەردەگیرێت و دەبنە هۆی دەستەبەرکردنی ئاگایی مۆرفۆلۆژییانە بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی وشەی نوێ لەسەر بنەمای دروستە و واتا. هەڵوەشانەوەی فۆڕمی مۆرفۆلۆژییانەی وشەیەک و تێکشکاندنی کۆتوبەندە واتایی و دروستەیەکی پەیوەندی بەو زانیارییە شاراوە و ئاشکرای ئاخێوەری زمانەوە هەیە. (مەعرووف،٢٠٢٠، ١٦٨)، هەروەها دەشکرێت بوترێت، تەرزە مۆرفۆلۆژییەکان بەشداری لە دروستکردنی لێکسیمی نوێدا

دەکەن، ئەویش ڕووی فۆڕمی نوێ لە فۆڕمی ($^{-}$ X ) دا پاش وەرگرتنی ($^{0}$ X)ە سەربەخۆ و بەندەکان دروست دەکات، بەجۆرێک کە گۆڕان لە واتای و کێڵگەی واتایی فۆڕمەکەدا دەکات. مۆرفۆلۆژیی، لێکۆڵینەوەیە لە مۆڕفیمەکان یان لێکۆڵینەوەیە لە پێکەوەگرێدانی گونجانی مۆڕفیمەکان بۆ بەدەستخستنی وشەکان دەکرێ مۆڕفیمەکان تاکە فۆنێمێک بن، وەک: /ێ/ لە وشەی (کچێ)دا، کە تاکە دەنگە و مۆڕفیمی بانگکردنە بۆ ڕەگەزی مێ و هەڵگری واتایە، یان چەند دەنگێکی لێکدراوبن وەک (ەکە) لە وشەی (کوڕەکە)دا، لێرەدا چەند دەنگێکە و مۆڕفیمی ناسراوییە و هەڵگری واتایە، یانیش دەشێت مۆڕفێم تاکە وشەیەک بێت، وەک: (مرۆڤ) لێرەدا وشەیەک مۆڕفیمێکە و خاوەنی واتایە، یاخود وشەیەک و چەند دەنگێک بێت، وەک لە وشەی (کوڕ+ەکە) دا دیارە، یان چەند وشەیەکی لێکدراو بێت، وەک: (ڕەش + پێست = ڕەشپێست) لێرەدا یەک مۆڕفێمە و لە دوو وشەی سەرەکی پێکهاتووە، مۆرفۆلۆژیی ئاستێکە تێیدا بەپێی قاڵبەکانی وشە و مۆڕفیمەکانی تیا دەنوێنرێت و پاش پێکەوەگرێدانی هەردووکیشیان دەبێتە دانەیەکی فەرهەنگیی. واتە بەرامبەر زیاد بوون و فراوانبوونەکانی دەرەوەی زمان، مۆرفۆلۆژییش دەکێشێت و فۆڕمی نوێ بەرهەم دەهێنێت، بەرهەم هێنانەکەش هەر لەسەر ئەو تەرز و مۆدێلە دەبێت. کە پێشتر کاری پێکراوە. (سەعید، ٢٠١٥، ٣٦-٣٧)، زانیاریی مورفۆلۆژیی گریمانەیەکی ستانداردو گشتگیرەو بەشێکە لە توانستی زمانیی مرۆڤ، هەر چەندە مۆرفۆلۆژیی خۆی لەناو فەرهەنگدا یەکێکە لە دەروازەکانی پۆلەڕەگەزەکان و کەرەستەکان. واتا یەکێکە لە زانیارییەکان و پێشبینی دەکرێت ئاخێوەری زمان لەناو کەرەستەکاندا زانیاریی مۆرفۆلۆژییانەش، وەک دەروازەیەک بزانن یان بەئاگابن لێی، بەڵام خودی مۆرفۆلۆژیی وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، مۆرفۆلۆژیی وەک پێکهاتەکانی تر بەسەربەخۆی دەروازەی خۆی هەیە، واتە چۆن لە (X) یکدا دەروازەی فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاسازیی هەن، بە هەمان شێوەش زانیاریی مۆرفۆلۆژییش بەشێکی زانیارییە فەرهەنگییەکانن، ئەمەش سەربەخۆیی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی دەسەلمێنێت، وا دەرناکەوێ مۆرفۆلۆژیی وەچەی پێکهاتەکی تر بێت، بەڵکو پێکهاتەیە و ئاخێوەری زمانیش توانستی مۆرفۆلۆژییانەی هەیە. توانستەکە پەیوەستە بە چۆنێتی شکانەوەو گەردانکردن هەروەها ئاگایی لە پرۆسەکانی وشەدروستکردندا هەیە، ئەویش بەوپێیەی ئاخێوەر تاکلایەنانە لە ڕێی زانیارییە ناوەکییەکانی ناو وشە و مۆڕفیمەکانەوە وشەی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمدەهێنێت. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (مەعرووف،٢٠٢٠، ١٧٣). بڕوانە نواندنەکەی لە نموونەکانی ژمارە (٦- ا، ب) دا زیاتر ڕوون دەبێتەوە:

٦) ا. کوردستان، گوڵستان، پاکستان، ...... وشەی مۆرفۆلۆژیی گشت ئاخێوەران

ب. حیزبستان، کەرستان، ژنستان، ...... وشەی مۆرفۆلۆژیی تاکلایەنانە

نموونەکانی (٦_ب)، کە وشەی مۆرفۆلۆژیی پێشبینیی لێکراون، ئەوە دەردەخەن کە تاک زانیاریی ناوەکیی پەیوەست بە مۆڕفیمی /-ستان/ هەیەو مۆڕفیمەکە بە نیشانە فەرهەنگییەکانی [+شوێن و +ڕووبەری فراوان] دەناسێتەوە.

پەیوەست بە مۆرفۆلۆژییەوە هەبوونی کەرەستە و داتا – مۆڕفیم- ەکان و ڕێساکانی خستنەتەکیەک و بەکاربردنیان مۆرفۆلۆژیی وەک پێکهاتە پەسەند دەکات، تێیدا مۆڕفیمەکان بەگوێرەی تەرزە مۆرفۆلۆژییە جیاوازەکان بەپێی یاسای (٧) بۆ دروستکردنی یەکەی مۆرفۆلۆژیی گەورەتر لەیەکدەدرێت، ئەمەش پێمان دەڵێت " مۆرفۆلۆژیی بنیاتی وشەی ناسادەی تێدادەنرێت، بڕوانە نموونەی ژمارە(٧- ا، ب، پ):

٧) ا. $X^0$ ——— [ $(X^0)$+Y ]

ب. $X^0$ ——— [(Y) +$X^{-1}$] ——— یاساکانی وشە هەڵگواستن

پ. $X^0$ ——— [ $X^{-1}$+Y]

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە نواندنەکەی لە نموونەی ژمارە (٨- ا،ب)دا:

٨) <u>لاگری فەرهەنگیی دەرکردە</u> <u>هەڵاوێرکردنی بناغە(X)</u>

ا. /چە-/ N [(دەریا N ) چە] N ——— دەریاچە N

ب. /ی-/ N [(جوان A) ی] N ——— جوانی N

نمونەکان ئەوە دەستدەخەن، کە مۆڕفیمەکان بە پێڕەوکردنی تەرزە دروستییە مۆرفۆلۆژییەکان دەخرێنەتەکیەوە و وشەی ناسادەیان لێدروست دەکرێت. بەجۆرێک پێشبینی دەکرێت، لاگرەکان وەک گەتەگۆری بە دەسەڵات، بناغەیان هەڵاوێر بکەن. لاگرەکانیش لە نێو سنووری دروستەی وشە ناسادەکاندا، بە زانیارییەکانیانەوە لە فەرهەنگدا هەڵگیراون، زانیارییەکان بە پەیڕەوکردنی یاسا و ڕێسا مۆرفۆلۆژییەکان بەرجەستە دەکرێن.(سەعید، ٢٠٢٠، ٤١-٤٣) بۆ نموونە هەندێ فەرهەنگنووسی کورد و بێگانە لە سنووری وشە و واتادا ناوەستن، بەڵکو دەچنە ناو پەیوەندییە واتاییەکانی وشە، وەک هاوواتایی و فرە واتایی و دژواتایی و هاوبێژی ... هتد.

هەندێکی تر بەمەشەوە ناوەستن، بەڵکو هەندێ زانیاریی سەرەتایی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی وشەکان والا دەکەنەوە(فەتاح، ٢٠١٠، ٣٦٩-٣٧٠)، بەڵام هێشتا کارەکانیان لە ئاستی پێویست دا نییە.

زانیارییەکانی ئاخێوەری زمان لە کەرەستە فەرهەنگییەکانی دان و لە ڕێزماندا دەخرێنەڕوو، واتە زانیارییە هەڵگیراوەکەی ناو فەرهەنگ دەبنە بنەمای فۆڕمداڕشتن لە ڕێزماندا، لە ڕێزمانیشدا کەرەستەیەکی فەرهەنگیی فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی و سنیتاکسیی بەرهەمدێنێت. داتاکانی ناو فەرهەنگ لە شێوەی فۆڕمی نەشکاوە هەڵگیراون(مەعرووف، ٢٠٢٠، ١٦٧).، واتە هەر زانیارییەکی مۆرفۆلۆژیی یان سینتاکسیی یان واتاسازیی هەبێت، ئەوە لە ناوەختی ئەو داتایانەدا هەڵگیراون خەزنکراون.

ئەگەر بێتوو سەیری فەرهەنگەکانی ( م. زەبیحی ) بە هەردوو بەرگەکەیەوە بکەین، تاکە فەرهەنگیی کوردییە کە هەوڵی دابێ لە دەروازەی وشەکانیدا جێی بۆ زانیاریی مۆرفۆلۆژیی کردبێتەوە، بەمەش لەو ڕووەوە بۆتە پێشەنگی فەرهەنگەکانی کوردی. لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە بەم شێوەی خوارەوە (بڵاوەپێکردن) لێک دەداتەوە، بۆ نموونە، بڵاوەپێکردن ( بڵاوە + پێ ( بە + ی )+کردن)

بێگومان زانستی مۆرفۆلۆژیی لێرەدا دوای نایەت، چەندین ڕاستی مۆرفۆلۆژیی تر هەن، دەبێ فەرهەنگ بەسەرچاوەوە بیان گرێت. گەورەترین گۆڕان لەم ڕووەوە ئەوەیە گیرەکەکان، وەک وشە ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێت، وەک وشە دەروازەیان بۆ دابنرێت. (فەتاح، ٢٠١٠، ٣٧١). زانیاریی فەرهەنگیی، سینتاکسییانە دەنوێنرێت دەستنیشانکردن و خستنەڕووی کەرەستە ڕووی کەرەستە و توخمی فەرهەنگیی پێویست بۆ بونیاتنانی دروستەی سینتاکسیی فرێز، بە بنەماکانی پرۆژەسازدان هەژماردەکرێت، چونکە فەرهەنگ بەهۆی وشە بە دەسەڵاتەکانییەوە، کەرەستەکان بەرهەمهێنانی هەر پرۆژەیەکی سینتاکسیی دەستدەخات، بەمەش هەموو نواندنێکی سینتاکسیی بنەماکەی لە فەرهەنگدایە. هەروەک داواکاری فەرهەنگیی سەرە ڕێزمانییەکان پەیوەست بە پۆلە ڕەگەزێکی دیاریکراوەیە.(سەعید، ٢٠٢٠، ٦٣-٦٦)، تیۆری (X-bar) وەک مۆدێلێکی ڕێزمانیی دروستەی فرێز، نواندنێکی دروستەی سەرتاپایی (گشتگیر) بۆ فرێز و توخمەکانی (elements) لە زمانێکدا و گشت زمانەکاندا دەخاتە ڕوو، دروستەی ئەو پرۆژانەش نیشاندەدات، کە لەسەر و تەواوکەر و (Specifiers) دروست دەبن، پرۆژەی فرێزەکان بەپێی تیۆرەکە بەو سێ ئەندامە تێردەبن، پاشان بە پارامیتەرەکە بۆ زمانەکان سەرەو ڕیز بوونی ئەو سێ ئەندامە بە دەستەوە دەدرێت، دروستەی پێشنیازکراو بۆ دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا دەخرێتەڕوو، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(١) ، پاش ئەوەی بەپێی تیۆری (X-bar) دروستەیەکی بێ کەموکوڕی و لەشێوەی فرێزەکاندا بەدەستهێنرا، دەگەین بەوەی، کە ئایا ($X^0$)ەکان بۆ بنیتنانی دروستەیەکی سینتاکسیی چیان پێویستە! واتە: تیۆرەکە ژمارەی توخمە پێکهێنەرەکانی دروستەییەکمان بۆ دیاری دەکات، پاشان دیوە سینتاکسییەکەی دەردەخات.

# بەشی دووەم

# پڕۆژە مۆرفۆلۆژییەکان

## ٢/١) پرۆژە سازدانی مۆرفۆلۆژییانە (Morphological Projection)

ئەگەرچی بنەماکانی تیۆری (X-bar) وەکو مۆدێلێکی ڕێزمانی خرانەڕوو، ئەوەی دەرکەوت، کە زانیارییەکانی ناو توخمە فەرهەنگییەکان، کە (X) ەکانن بوونی سینتاکسیی و مۆرفۆسینتاکسیین بەجۆرێک، کە زانیارییە سینتاکسییەکان پەیوەست بە دروستە و ئەرک / دۆخەوە بۆ سازدانی پرۆژەی سینتاکسیی و پێدانی ئەرکی سینتاکسیی، بەڵام پەیوەست بە مۆرفۆسینتاکسەوە لەبەر ئەوەی هەندێک سەرەڕای ئەوەی کە مۆرفێمن و دەوروبەری مۆرفۆسینتاکسییانەی پۆلەڕەگەزە سەربەخۆکان دەردەخەن، کەچیی خۆشیان نرخی ($X^0$) یان هەیە پرۆژەسازدەرن و فرێز دروست دەکەن. واتە بە گشتی دەروازەکانیان دەروازەی سینتاکسیی و مۆرفۆسینتاکسیین، کە ئەمەش لە ڕاستییدا پابەندیی و ئاکاری تایبەت بە خۆی هەیە، چونکە وەک لە تیۆری (X-bar) خرایەڕوو لە دەروازە سینتاکسییەکاندا دەستەیەک حوکم و دەستەکەی تریش دۆخیان هەیە. بۆیە بەپێی ئەو مۆدێلەی کە ڕێزمانی کوردیی دەکرێ پێشبینی بکرێت، کە دەروازەکەیان لە دەروازەیەکی سینتاکسییەوە بێ بە دەروازەیەکی مۆرفۆلۆژییانە، بەڵام گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە ئایا ئەو توخمانە لە فەرهەنگیی زمانی کوردیدا هەمان توخمن بە هەردوو دەروازەی زانیاریی سینتاکسیی و مۆرفۆلۆژییەوە یان جیاوازن و هەر یەکەیان بەجیا دەروازەی فەرهەنگیی خۆیانیان هەیە. واتا بۆ نموونە لەوەوە دەکرێت پرسیاری ئەوە بکرێت، ئەو سەرانەی/ توخمە پرۆژەسازدەرانە(N, A, V...) لە تیۆری (X_Bar) دەستنیشانکراون، خۆیان لە چێوەو زۆنی سینتاکسدان یان توخمی ئازادن و جڵەوی سینتاکسیی و مۆرفۆلۆژییشیان هەیە؟

بە پێی گریمانەکە دەبێت هەریەک لە توخمەکانی ناو فەرهەنگ دەروازەی فەرهەنگیی/ زانیاریی خۆیان هەبێت، چونکە کۆتوبەند و ڕکێفی هەریەکەیان لێکجیاوازن، هەریەکەیان لە پێکهاتەیەکدا پرۆژە سازدەدەن. وەک لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی بۆ کرا، فۆنیمەکان لە مۆدێلی بڕگەکاندا ڕکێفیان هەیەو یاساو ڕێسا فۆنۆلۆژییەکان جێبەجێ دەکەن. سەرەڕای ئەوەش دەکرێت فۆنۆلۆژیی لە کۆی مۆدێلی ڕێزماندا ئەزموونی هەبێت، بەتایبەتیی لە ڕوانگەی ناکەرتییەوە پاشان کەرتییەوە.

گەر بڕوانرێتە کەرەستەی ناو ئاست و پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی، ئەوا دەردەکەوێت، کە کەرەستەکان دەروازەی زانیاریی ناوکیی، واتە لە ناو خودیی مۆرفۆلۆژییدا دەروازەی خۆیان پەیوەست بە دروستەی مۆرفۆلۆژیی و واتایی هەیە، بۆیە هەر لە توخمەکەدا پرۆسەکە هەڵگیراوە، ئەویش بەو واتاییەی مۆرفێمەکە جڵەوی پرۆسەکە تایبەت بە هەڵگواستن و لێکدانیش دیاریکراوە.

ئەوەی دەروازەی دروستە مۆرفۆلۆژییەکە دیاریی دەکات و فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمدەهێنێت، تیۆری (X-Bar)مۆرفۆلۆژیانەیە. ئەگەرچیی تیۆرەکە بۆ نواندنی زانیارییە سینتاکسییەکانی توخمێکە، بەڵام بۆ ناو دروستە مۆرفۆلۆژییەکانیش دابەزێنراوە .(بڕوانە پاری داهاتوو)

## ١-٢/١) تیوری X-bar

تیوری (x-bar) پێکهاتەیەکی تیۆری زمانەوانییە، کە هەوڵدەدات سینتاکسیی دەستنیشان بکات. تایبەتمەندی گەلێک کە بە گریمانە هاوبەشن لەگەڵ هەموو ئەو زمانە مرۆییانەی کە لە پێشگریمانەیەکدا دەگونجێن لە چوارچێوەیەکدا، بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە نێو پۆلە دەستەواژەیەکانیاندا، هەموو ئەو زمانانە هەندێک لێکچوونی پێکهاتەیی هاوبەشیان هەیە، لەوانە یەکێک کە بە (X-bar) ناسراوە، پیتی (X) بۆ نیشاندانی پۆلێکی وشەیی ئارەزوومەندانە(بەشێک لە قسەکردن)بەکاردێت. https://books.google.com/books/about/Morphological_Representations_in_Lexical.html?hl=ar&id=-d1czgEACAAJ

سنووری کارکردنی ئەم تیۆری بریتییە لە پێکهاتەکانی ڕستەو فرێز و یەکە بچووکەکانی دیکەی ناو ڕستەکانی زمان. واتە ئەم تیۆرە تایبەتە بە پێکهاتەی ناوەوەی پێکهاتەکانەوە و پەیوەندیی پێکهێنەرەکانی ناو پێکهاتەکان ڕووندەکاتەوە، بۆیە هێڵە سەرەتاییەکانی تیۆرەکە وەک لە شێوەو سنووری کارکردنیدا دەردەکەوێت بۆ بنیادگەرەکان دەگەڕێتەوە. (یونس، ٢٠١٣، ٥)، پاش ئەوەی بنەماکانی تیۆری(X-bar)مان، وەکو مۆدێلێکی ڕێزمانی خستەڕوو ئەوەی دەرکەوت کە زانیارییەکانی ناو توخمە فەرهەنگییەکان، کە (X)ە کانن بوونی زانیاریی سینتاکسیی و مۆرفۆسینتاکسیین بەجۆرێک کە زانیارییە سینتاکسییەکان پەیوەست بە دروستە و ئەرک / دۆخەوە بۆ سازدانی پرۆژەی سینتاکسیی و پێدانی ئەرکی سینتاکسیی، بەڵام پەیوەست بە مۆرفۆسینتاکسەوە لە بەرئەوەی هەندێ سەرەڕای ئەوەی کە مۆرفیمن و دەوروبەری مۆرفۆسینتاکسییانەی پۆلە ڕەگەزە سەربەخۆکان دەردەخەن، کەچیی خۆشیان نرخی ($X^0$) یان هەیە پرۆژەسازدەرن و فرێز دروست دەکەن. واتە بەگشتی دەروازەکانیان دەروازەی سینتاکسیی و مۆرفۆسینتاکسین، کە ئەمەش لە ڕاستیدا پابەندی و ئاکاری تایبەت بە خۆی هەیە، چونکە وەک لە تیۆری (X-bar)خرایەڕوو لە دەروازە سینتاکسییەکاندا دەستەیەک حوکم و دەستەکەی تریش دۆخیان هەیە. بۆیە بەپێی ئەو مۆدێلەی کە ڕێزمانی کوردی دەکرێ پێشبینی بکرێ کە دەروازەکەیان لە دەروازەیەکی سینتاکسییەوە بێ بە دەروازەیەکی مۆرفۆلۆژییانە، بەڵام گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە ئایا ئەو توخمانە لە فەرهەنگیی زمانی کوردیدا هەمان توخمن بە هەردوو دەروازەی زانیاریی سینتاکسیی و مۆرفۆلۆژییەوە یان جیاوازن و هەر

یەکەیان بەجیا دەروازەی فەرهەنگیی خۆیانیان هەیە. بۆیە ئەو زانیاریی و پرۆسانە لە پاری دواتردا دەخەینەڕوو.

بە پێی گریمانەکە دەبێت هەریەک لە توخمەکانی ناو فەرهەنگ دەروازەی فەرهەنگیی/ زانیاریی خۆیان هەبێت، چونکە کۆتوبەند و ڕکێفی هەریەکەیان لێکجیاوازن، هەریەکەیان لە پێکهاتەیەکدا پڕۆژە سازدەدەن. وەک لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی بۆ کرا، فۆنیمەکان لە مۆدێلی بڕگەکاندا ڕکێفیان هەیەو یاساو ڕێسا فۆنۆلۆژییەکان جێبەجێ دەکەن. سەرەڕای ئەوەش دەکرێت فۆنۆلۆژیی لە کۆی مۆدێلی ڕێزماندا ئەزموونی هەبێت، بەتایبەتیی لە ڕوانگەی ناکەرتییەوە پاشان کەرتییەوە.

گەر بڕوانرێتە کەرەستەی ناو ئاست و پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی، ئەوا دەردەکەوێت، کە کەرەستەکان دەروازەی زانیاریی ناوکیی، واتە لە ناو خودیی مۆرفۆلۆژییدا دەروازەی خۆیان پەیوەست بە دروستەی مۆرفۆلۆژیی و واتایی هەیە، بۆیە هەر لە توخمەکەدا پرۆسەکە هەڵگیراوە، ئەویش بەو واتاییەی مۆرفیمەکە جڵەوی پرۆسەکە تایبەت بە هەلگواستن و لیکدانیش دیاریکراوە.

ئەوەی دەروازەی دروستە مۆرفۆلۆژییەکە دیاریی دەکات و فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمدەهێنێت، تیۆری (X-Bar) مۆرفۆلۆژیانەیە. ئەگەرچیی تیۆرەکە بۆ نواندنی زانیارییە سینتاکسییەکانی توخمێکە، بەڵام بۆ ناو دروستە مۆرفۆلۆژییەکانیش دابەزێنراوە.(بڕوانە پاری داهاتوو).

## ۲-۲/۱) تیۆریX-bar ی مۆرفۆلۆژییانە

ئەم تیۆرە لە چوارچێوەی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا گەشەی کردووە هەوڵی هەندێک زانایە بۆ ئەوەی تیۆری (X-bar)، کە تیۆرێکی سینتاکسیی تایبەت بە فرێزە، بۆ فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکان، کە وشە ناسادەکان دەگرێتەوە بەکاربهێنرێت. بۆیە هەر لە خودی ناونیشانەکەوە دەبێ پرسیاری ئەوە بکرێت، کە ئایا هەمان ئەو توخمە فەرهەنگییانەی بە دەروازەی سینتاکسیی و مۆرفۆسینتاکسیەوە فرێزەکانیان دروستکردو پرۆژەیان سازدەدا و حوکمیان کرد و دۆخیان دەبەخشی، هەر ئەوانەن کە لەتیۆری(X-bar)دا دەروازەکەیان لە سینتاکسییەوە دەگۆڕێ بۆ دەروازەی مۆرفۆلۆژیی ؟

یان ئەو توخمانەی فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکان بەرهەمیان دێنن دەروازەکانیان لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا گۆڕاوەو بەپێی نرخی($X^0$) مامەڵەی لەگەڵ توخمە پرۆژەسازدەرەکان دەکرد، بۆیە توخمەکان لە فەرهەنگدا هەمان هێزی پرۆژەسازدانیان هەبوو، بەڵام تیۆرەکە بۆ مۆرفۆلۆژیی لە نێوانی دوو پێشنیازدایە ئەویش ئەوەیە، کە نرخەکان جا چ مۆرفیم یان وشە یان نرخی ($X^0$) یان هەیە یان نرخی ($X^{-1}$) بەوەش ئەو واتاییەمان دەست دەکەوێت کە :

١. ($X^0$) ەکان خاوەنی دەروازەی زانیاریی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیین. ئەو توخمانە بەرهەمهێنەری پرۆژەی سینتاکسیی و مۆرفۆلۆژیین، ئەگەرچیی لەڕووی فۆڕمەوە سەر بەهەمان پۆلە ڕەگەزن، بەڵام لە دوو پێکهاتەی جیاوازدا فۆڕم بەرهەمدێنن، واتە ($X^0$)ی ناو پرۆژەی سینتاکسیی و هی ناوپرۆژەی مۆرفۆلۆژیی. (بڕوانە پارەکانی داهاتوو)

٢. ($X^{-1}$) کە مۆرفیمی بەندی هەڵگواستن دەگریتەوە، کە بەتەنها بۆ ناو مۆرفۆلۆژیین لەوڕوانگانەوە لەپاری (٢/١-٣-٢) داهاتوودا توخمەکان بۆ بنیاتنانی پرۆژەی مۆرفۆلۆژییتاقیدەکەینەوە.

ئەگەر تیۆری X-bar بنەمایەکی بە ڕاستی گشتی ڕێکخستن لە ڕێزماندا، ئەوە دەبێت بتوانێت نوێنەرایەتی ڕاستییەکانی ڕێکخستنی پۆلێنی بکات هەم لە ناو وشەو هەم لە سینتاکسییشدا. ئەمە بە تایبەتی ڕاستە کە هەردوو مۆرفۆلۆژیی وسینتاکس نوێنەرایەتی دەکەن. پێکهاتەکانی ڕێزمان کە لە سەر بنەمای ڕێکخستنی بابەتە وشەییەکان دامەزراون بۆ ناو گرووپە پلەبەندییەکان.

هەروەها دەتوانرێت بڵێین ئەو ڕاستییەی کە تیۆریX-bar لەمۆرفۆلۆژیی جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە لە ئاستی دەستەواژەی X-barبە سادەیی هێڵکاری دەکات، ڕاستییەکە کە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس دوو پێکهاتەی جیاوازی ڕێزمانیین. (Katamba, 1993, 3) ، ململانێیەکی هاوتەریبی لە نێوان سینتاکس و مۆرفۆلۆژییدا هەیە، لە سینتاکس و مۆرفۆلۆژییدا دەتوانرێت سەرێک وەک توخمێک لە فۆڕمێکی ئاڵۆز دەستنیشان بکرێت (دەستەواژە لە سینتاکس و وشەکان لە مۆرفۆلۆژییدا) ، کە هەمان پۆلە لەگەڵ تەواوی فۆڕمی تێدایە (دەستەواژە یان وشە) ، بەڵام ئاستێکی یەک باڕ کەمترە. بەم شێوەیە لە مۆرفۆلۆژییدا هەموو پاشگرەکانی پۆلێنکردنی پۆل سەری ئەو فۆڕمانەن کە دروستی دەکەن. پارچە و پاشگرەکانی (noncategory-assigning) سەری ئەو فۆڕمانەن، کە دروستی دەکەن. پارچەولکێنەرە ناپۆلێنییەکان ناتوانن سەر بن، چونکە نەبوونی پۆلیان وا دەکات، کە نەتوانن لەگەڵ پێناسەی سەردا بگونجێت. (Bralich, 1991, 97)

## ٣-٢/١ پرۆژەی مۆرفۆلۆژییانە (Morphological Project)

وەک لەبەشی یەکەمدا ئاماژەی پێدرا مۆرفۆلۆژیی پێکهاتەیەکی ڕێزمانە. ئەوەش بە پێکهاتەبوونی مۆرفۆلۆژیی دەسەلمێنێت بەجۆرێک کە خاوەنی کەرەستە و یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆیەتی، بەم جۆرە بێت بۆ زمان و ڕێزمانیی گشت زمانەکان ئەو کەرەستانەی کە لە فەرهەنگدان بۆ کۆی پێکهاتەکانی ڕێزمان مارکە لێدراوە و دیاریکراون، ئەویش بەو مانەیەی، کە هەر پێکهاتەیی و جگە لە یاساو ڕێسایی خۆی کەرەستەی تایبەت بەخۆیی هەیە بۆ ئەوەی پرۆژەکانی پێ بەرهەم بێنێت بۆ نموونە: فۆنێمەکان بۆ دروستکردنی مۆدێلی بڕگەیی زمان دێتە ناو پێکهاتەیی فۆنۆلۆژییەوە سنووری ئەو پێکهاتەیە نابەزێنن. بەو پێیەش بێت مۆرفیمەکان (بەندەکان) پسپۆریەکی یان تایبەتمەندییەکی فەرهەنگیین بۆ دروستکردنی یان بەرهەمهێنانی فۆرمی مۆرفۆلۆژیی، بەڵام بەپێی پێکهاتەکانی ڕێزمان لە نێوانی مۆرفۆلۆیی و وشە دروستکردن و مۆرفۆلۆژیی شکانەوەدا پێکهاتەیەکی تر بۆ وەرگرتنی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانی و فەرهەنگییەکان دێتە ئاراوە، کە ئەویش مۆرفۆسینتاکسە پەیوەست بە مۆرفۆلۆژییەوە. بڕوانە (قادر، ٢٠٠٣، ١٩-٢١)، بۆ ئێمە و پەیوەست بە ئەم پرۆژە زانستییەوە ئەو مۆرفیمە بەندانە وەک مۆرفیمی پرۆژەسازدەری سینتاکسیی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەکە تیۆری (X-bar)ی کردۆتە بنەمای بەرهەمهێنانی پرۆژەکان لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییشدا، ئەوەش بۆ لێکۆڵەر پابەندیەکی دروست کردووە و لەسەر ئەوە دەڕوات
https://books.google.com/books/about/Morphological_Representations_in_Lexical.html?hl=ar&id=-d1czgEACAAJ

بەو پێیە بێ لەناو فەرهەنگدا (مۆرفیمەکانی هەڵگواستن) بۆ ناو مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردن مارکەیان لێدراوە و دەروازەکەیان تەنها دەروازەیەکی مۆرفۆلۆژییانەیە، بەڵام لە ناو مۆرفیمە بەندە ڕێزمانیەکاندا توخمی پرۆژەسازدەری سینتاکسیی هەن و نرخی ($X^0$) یان هەیە و دروستکەری فرێزن و بەپێی (سەرو تەواکەر) پرۆژەکە دروستدەکەن، واتە لێکۆڵینەوەکە جیاکارییەک لە نێوان مۆرفیمی بەندی هەڵگواستن و مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیی دەکات بە جۆرێک هەڵگواستنەکان تەنها دەروازەی مۆرفۆلۆژییان هەیە ($X^{-1}$)، بەڵام مۆرفیمە بەندەکان وەکو باس کرا دەبن بە ($X^0$)، کە ئەوەش پابەندەییەکە لە نێوان دوو پێکهاتەی جیاوازدا بڕیاریان لەسەر دەدرێت.

واتە داتاکان ئەوە دەسەلمێنن کە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس هەمان باگراوندی فەرهەنگییان هەیە، کە ئەویش ئەوەیە توخمە فەرهەنگییەکان دەروازەکانیان یان وەک یەکە یان تێکەڵ بە یەکتردەبن. بۆیە لێکۆڵینەوەکە بەو ئاراستەدا کار دەکات، کە توخمە فەرهەنگییەکان لە سینتاکسیی و مۆرفۆلۆژییدا مارکەیان لێدەدرێت نەک لە فەرهەنگەوە بۆ ناو پێکهاتەکان مارکەلێدراوبن.

واتە توخمەکان بە  مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسەوە لە فەرهەنگدا هەڵگیراون، کە هەر یەکێک لەوانە بەشێکی زۆری دەروازە زانیارییەکەیان دەگۆڕێت، ئەمەش گریمانەیەکە لە پارەکانی دواتردا تا قیدەکرێتەوە،بڕوانە هێڵکاری ژمارە (٦)، نواندنەکەی لە نموونەی ژمارە(٩)دا:




هێڵکاریی(٦)

٩)




پاش نواندنی ئاستی مۆڕفێمەکان بە پێی پرۆژەی مۆرفۆلۆژیی، دەبێت لێرەوە توخمە مۆرفۆلۆژییەکان کە چەشن و جۆرەکانی مۆڕفێمەکان دەگرێتەوە، بچینەوە بۆ ناو دەروازەی دروستەیی مۆڕفێمەکان و لە خوارەوە ئەو توخمانە بخرێتەڕوو.

## /٢-٣-١) توخمە مۆرفۆلۆژییەکان

مەبەست لە توخمە مۆرفۆلۆژییەکان ئەو کەرەستانەن کە لە فەرهەنگەوە بۆ پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی دیاریکراون. مۆڕفێمەکان توخم و کەرەستەی ناو مۆرفۆلۆژیین. هەریەکێک لەوانە بۆ پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان دەگوێزرێنەوە و وشە ناسادەکان بەرهەمدەهێنن. مۆڕفێم ئەو دانە ئەبستراکتەی زمانە، لە هەموو زمانەکاندا، هەیە  و خاوەنی چەمکێکە. هەر لە سەرەتای سەرهەڵدان و ئاشکراکردنی بیری مۆڕفێمەوە، تا وەکو ئێستا بە چەندین شێوە پێناسەی بۆ کراوە، هەموو پێناسەکانیش لە سەر ناساندنەکەی بلۆمفیلد، هەڵچنراون، کە تێدا هاتووە، (مۆڕفێم بە بچووکترین یەکەی واتاداری زمانیی

دادەنرێت)، ئەم پێناسەیە بوو بە بناغەیەک، بۆ ناساندنی چەمکی مۆرفیم و لە زۆربەی کارە مۆرفۆلۆژییەکانی دواتردا کراوە بە بنەمایەک، بۆ دیاریکردنی چەمکی مۆرفیم و سنوورەکەی. Bloom ) fieid, 1954, 161)

پێکهاتەی وشە، کە دەقاودەق واتای لێکۆڵینەوەیە لە فۆرمی وشە، مەبەست لە گۆکردنی وشەکانە

لە لایەن قسەکەرەوە، یاخود فۆنۆلۆژیی دەگرێتەوە، کە دەنگ و واتا پێکەوە دەگونجێنێت.

پسپۆڕانی مۆرفۆلۆژیی، باس لە بەشە وردەکانی وشە دەکەن، کە چۆن ئەو مۆرفیمانە بۆ بەدەستەوەدانی واتا لێکدەدرێن. واتە پێکەوە هاتن و پێکەوە بەستنی مۆرفیمە بۆ دروستکردنی وشە، هەروەها لە دروستەی ناوەوەی وشەکانیش دەکۆڵێتەوە. (عەبدوللا، ١١٤، ٢٠١٣).

هەروەک دەبینین، وشە دروستەی( structures) هەیە و ژمارەیەکیش لە وشەکان لە یەکچوونی کەمەکیی فۆرم – واتا نیشاندەدەن، بەڵام لەزۆربەی حاڵەتەکاندا پەیوەندیی فۆرم و واتا ڕاست و ڕەوان و ڕاستەڕێیە و بەش یان سەگمێنتەکانی بەئاسانی بۆ بەشە پڕ واتاکانی وشە لەیەکجیادەکرێتەوە و لەیەکدەترازێنرێن. ئەو بەشانەی وشە ناونراون (مۆرفیم). کەواتە وشە هەن دوو مۆرفیم یان پتر لە دوو مۆرفیمیان تێدایە (بڕوانە/ نە- خۆش – یی – خۆش – یی/!) و مۆرفیم دەتوانرێت بە گچکەترین پێکهێنەری پڕ واتایی دەربڕوای زمانی دابنرێت. (مەحویی، ٢٠٢١، ٦ )، هەرچەندە ڕۆنانکارەکان لە جیاکردنەوە و ترازاندنی ئاستەکانی زماندا بەهەڵەچوون، لەبواری مۆرفۆلۆژییدا جێپەنجەیان دیارە. گرنگترن دەسکەوتیان دۆزینەوەی ئەو ڕاستیەیە، کە وشە خاوەن ڕۆنانێکی ناوخۆیە، لەکاتێکدا کە دێرینەکان وشەیان بەبناغەی تیۆری و ڕێزمان دەژمارد، ڕۆنانکارە ئەمریکاییەکان ئەو ڕاستیەیان سەلماند، کە وشە کەرت دەکرێت بۆ پارچەی وردتر کەرتدەکرێت، پارچەی وەها کە واتایان ئەرکی ڕیزمانی هەبێت، بەم جۆرە ڕۆنانکاران مۆرفۆلۆژییان کرد بە بەشێک لە زمانەوانیی، کە ئەرکی لیکدانەوەو ڕیکخستنی مۆرفیمیان لە ناو چوارچێوەی وشەدا پێ سپارد. کەواتە مۆرفۆلۆژیی دیراسەی ڕۆنانی ناوەوەی وشەیە. ئەمە ڕەنگە لە لای هەندێک جێی سەر سوڕمان بێت بە تایبەتی، چونکە قسەکەر ئاسایی وشە وەک یەکەیەکی واتایی تێکچڕژاو سەربەخۆ دەبینێت، لە بەر ئەوە زۆر وشە لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە سادەن واتا کەرت ناکرێن بۆ پارچەی واتاداریتر (فەتاح، قادر، ٢٠٠٦، ٧)، بۆ نموونە وشەیەکی تر وەک (بەراز) و( هەڵۆ) کەرت ناکرێن بۆ پارچەی وەها، کە بەهای واتاییان هەبێت، هەرچەندە لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە لە دوو برگە ( بە، ڕاز، هە، ڵۆ ) یان لە چەند فۆنمێک پێکهاتوون. (ب. ر.ا.ز , ه.ە.ڵ.ۆ) هیچ واتایەک یان ئەرکێکی ڕیزمانییان نادریتەپاڵ.

بەکارهێنەری زمان لەوانەیە تووشی وشەی نوێ بێت کە پێشتر نەیبیینیوە یان بیستبێتی، یان لەوانەیە بیەوێت وشەیەکی نوێ دروست بکات. بۆ هەردوو مەبەستەکە بەسوودە کە زانیاریی لەسەر

مۆرفۆلۆژیایی بەرهەمدار لە فەرهەنگەکەدا دابنێت. ئەمەش بە دروستکردنی وشەیەک دەکرێت بۆ هەر پاشگرێکی بەرهەمدار لە فەرهە نگەکەدا دابنێت، لەلایەکی ترەوە، هەموو ئەو وشانەی کە هەبوون بە پاشگر ڕیزی بکەین ئێمە پۆلی ڕستەسازیی ئەو وشە بنەڕەتیانە دیاری دەکەین کە دەتوانرێت پاشگرەکە پێیەوە بلکێنرێت، بەشداریکردنی مانای ئەو پاشگرە بۆ وشەیەکی ئاڵۆز وشەی بنەڕەتی. وەک هە موو مۆرفۆلۆژییستەکان دەزانن، ئەوەندە ئاسان نییە کە دابەشکردنی لە نێوان پاشماوە بەرهەمدارو نابەرهەمدارەکاندا بکرێت، کە هەندێکیان نیمچە بەرهەمدارن، واتە تەنیا ناوبەناو دەبنە هۆی دروستبوونی نوێ. باشترین چارەسەری پراکتیکیی لێرەدا ئەوەیە، کە ئەو پاشگرانەی پلەیەکی تاڕادەیەک نزم لە بەرهەمهێنانیان هەیە لە فەرهەنگەکەدا بخرێتە ناو فەرهەنگ، چونکە ڕەنگە بەکارهێنەری زمانەکە ناوبەناو تووشی وشەی نوێ بێت کە ئەو جۆرە پاشگرانەیان هەیە، جگە لە پاشگرە بەرهەمدارەکان، هەروەها پۆلێکی گەورەی پەیوەستکەری بەرهەمداری هەیە، مۆرفیمەکان هەندێک جار وەک وشەی سەربەخۆش بوونیان هەیە، بەڵام هەمیشە مانایەکی تایبەتیان هەیە کاتێک لە وشەیەکی ئاڵۆزدا بەکاردەهێنرێت. (Booij, 2017,7)

دۆزینەوەی مۆرفیم دەسکەوتێکی گەورە بوو بۆ زمان، بەوەی زمانەوانانیی هاندا، بۆ گەڕان بەدوای وردە واتاکان و دەستنیشانکردنی پیتەکانی هەڵگری ئەم واتایانە، لە ئەنجامدا گەلێ مۆرفیمی وردتر لە وشە و ئامراز دۆزرانەوە، وەک مۆرفیمەکان: کات، دووری، نزیکی...هتد . هەروەها ئەم دزینەوەیە، نەبووە هۆی (مردنی وشە)، بەڵکو هەڵوێستی بوونی وشەی بەهێزتر کرد، چونکە مۆرفیمی لێکدراو نییەو بەزۆری پتر لە مۆرفیمێک لە فۆڕمەکاندا کۆدەبنەوە، کە زاراوەی (وشە) کۆیان دەکاتەوە. ئەمەش بوو، وای لەزمانەوانان کرد بەدوای یەکەیەکی وردتر لە وشە بگەڕێن و کەموکوورپیەکانی ئەو پێناسەیە پڕبکەنەوە کە دەڵێت: (وشە دانەیەکی واتادارە)، لەشیکردنەوەی ڕێزمان بەردەوام بوون، تاگەیشتە دوا کەرەستە پێکهێنەرەکان، کە مۆرفیمە. (ڕەسول، ٢٠١٤، ٦٨ )، کەواتە زاراوەی مۆرفیم ئاماژە بەبچووکترین یەکە دەکات، ئەو یەکە پێکهێنەرانەی وشەن، کە ناتوانرێت لە ڕووی واتاو ئەرکی ڕێزمانییەوە لەوە زیاتر بچووکتر بکرێتەوە. بەپێی پێناسەکە مۆرفیم ناتوانێت هەڵبوەشێنرێتەوە بۆ یەکەی بچووکتر، کە خۆیان واتاداربن یان ئەرکێکی ڕێزمانیی نیشانە بکەن. وەک (با) کەرت بکەین (کەتەنها لەیەک مۆرفیم پێکهاتووە) بابڵێین بۆ (ب) و (ا)، کە ناکرێت بگوترێت، هەر یەکێک لەو دەنگانە (ب) و (ا) واتایان هەیە، چونکە دەنگەکان هەر بۆخۆیان واتایان نییە. (محمد، ٢٠١٩، ٥١)، واتە باسکردنی مۆرفیم و چۆنیەتی ڕیزکردنیان بۆ ڕۆنانی وشە و دەربڕاو دەستەواژەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی کە دێتە ئاراوە و جەختکردن لەسەر ڕواڵەتی مۆرفیم لە سنووری چوارچێوەی کاری مۆرفۆلۆژییدا، هەر چەندە ئەرکی سینتاکس لێکۆڵینەوەیە لە چۆنێتی ڕێکخستی یەکە زانیارییەکان بەپێی گونجان و هاوڕێتی ئەو کەرەستانە لە پێکهاتەی وشە و فرێز و ڕستەکاندا، لەبەرئەوەی هەموو ئاستەکانی زمان تێکچڕژاو لەیەکدی دانەبڕاو و تەواوکەری یەکترن، بۆیە دەکرێت بوترێت مۆرفیم داینەمۆ و

کەرەستەی خاوی ئاستەکانی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و سیمانتیکیی و پراگماتییکە، چونکە بەفۆنێمێک یان زیاتر مۆرفێم پێکدێت، بە مۆرفێک یان زیاتر وشە پێکدێت، بە وشەیەک یان زیاتر فرێز پێکدێت چەند فرێزێکیش ڕستەپێکدەهێتێنبەیەکگرتنی ڕستەکانیش دەق و ئاخاوتن دێتە ئاراوە. (ئەحمەد، ٢٠١٦، ٨٨ )، لە ڕووی ئەرکییشەوە مۆرفێم وەکو کەرەستەی سەرەکی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی خۆی وەکو کەرەستەی سەرەکی هەردوو ئاستەکە دەنوێنێت و یەکێکە لەو هۆیانە کە حاڵەتی ڕێزمانیی کە مۆرفۆلۆژیی، هەروەها لە سینتاکسدا پێکدێنێ، لەزمانی کوردیدا، کە حاڵەتی ڕێزمانیی زۆرە، مۆرفێمە هەمەچەشنەکانی هۆیەکی هەرە کاریگەر و ناسراون لەپێکهێنان و دەربڕینی ئەو حاڵەتە ڕێزمانیانەدا لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا فۆرمێک نین. پاش نواندنی ئاستی مۆرفێمەکان بە پێی پرۆژەی مۆرفۆلۆژیی، دەبێت لێرەوە لە چەشن و جۆرەکانی مۆرفێمەکانەوە بچینەوە بۆ ناو دەروازەی دروستەیی مۆرفێمەکان و لە خوارەوە مۆرفێم و دابەشکردنەکانیان بخرێتە ڕوو، (عەلی، ٢٠١٥، ٧٦) بڕوانە هێڵکاری ژمارە(٧).




هێڵکاری(٧)

هەندێکی تر مۆرفێم بەگشتی دەکەن بە دوو جۆر و ئەمانەش بەچەند جۆرێکی ترەوە دەردەکەوێت، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٨):




هێڵکاریی(٨)

(فتاح، قادر، ٢٠٠٦، ٢٩). مۆرفێمەکان بریتیین لە کەمترین یەکە لە وشەکان کە مانایان هەیە، وەک دابەشمان کرد بۆ دوو جۆری سەرەکی ئازاد و بەند. https://all-about-linguistics.group.shef.ac.uk/branches-of-linguistics/morphology/what-is-morphology/. مۆرفێمە کارایییەکان لە بەرامبەر مۆرفێمە وشەییەکان، مۆرفێمە کارایییەکان بەشداری لە زانیاریی ڕێزمانییدا دەکەن، لەکاتێکدا مۆرفێمە وشەییەکان زانیاریی ناوەرۆک دەکەن. ڕەگی وشەیی مۆرفێمە کارایییەکان بریتین لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی ڕێزمانیی یان یەک ڕێزمانیی تایبەتمەندی، لە کاتێکدا ڕەگەکانی وشەیی ناوەڕۆکی وشەیی یان چەمکیان هەیە، جیاوازییەکی نزیک لە پەیوەندیدا بریتییە لە مۆرفێمی پۆلی داخراو پۆلی کراوە. مۆرفێمەکانی وشەیی پۆلی کراوەن؛ مۆرفێمی نوێ بە ئاسانی زیاد دەکرێت بۆ ئەم پۆلە. مۆرفێمە کارایییەکان بریتین لە پۆلی داخراو؛ بە دەگمەن مۆرفێمی نوێ زیاد دەکرێن. https://books.google.com/books/about/Morphological_Representations_in_Lexical.html?hl=ar&id=-d1czgEACAAJ

هەریەک لە هێڵکارییەکانی سەرەوە جگە لە دیاریکردنی توخمەکانی ناو مۆرفۆلۆژیی هیچ یەک لە کۆتوبەندەکانیان نەخراوەتەڕوو. جڵەوە ڕێزمانییەکانیان پەیوەست بە بەرهەمهێنانیی دروستەیی لە

مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا نەخراوەتە ڕوو. دەبێت لە ڕوانگەی ئەو گریمانەیەوە بڕوانرێتە توخمەکان کە دەروازەی فەرهەنگیی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە پێشبینیی دەکرێت لەناو دەروازەکاندا تێکەڵبوونی پێکهاتەیی هەبێت، ئەگەرنا دوو دەروازەیی دەبێتە هۆی ئەوەی توخمەکان بە توخمی جیا دابنرێن.

## ٢/١-٣-٢) دەروازەو پرۆژە مۆرفۆلۆژییەکانی هەڵگواستن

وەک ئاماژەی بۆکرا مۆرفیمەکانی هەڵگواستن لە بەرهەهێنانی دروستە مۆرفۆلۆژییەکاندا کۆتوبەنددار بوون، بەوەش دەروازەی مۆرفۆلۆژیی ئەو مۆرفیمانە بێ تێکەڵبوون دەبێت. هەریەک لە (X)ەکان پەیوەست بەو تەواوکەرەی داوای دەکەن، توندوتۆڵن و یاسا مۆرفۆلۆژییەکانیان کۆتوبەندکردووە. پەیوەست بە هەڵاوێرکردنی تەواوکەرەکانەوە مۆرفیمەکانی /هەڵ، ستان، ەر، ی/ تاقیدەکرێنەوە. لەبەرئەوەی ($X^{-1}$) لە دروستەی هەڵگواستندا سەرەو ئەو هەڵاوێری تەواوکەرەکە دەکات، بۆیە پاشگر یان پێشگرەکە داوای بناغەکە دەکات، بۆیە دەروازەی دروستەی مۆرفۆلۆژیی لە ($X^{-1}$)دایە و ئەو داواکەرەکەیە، بڕوانە نموونەی (١٠- ا، ب، پ، ج) بۆ جێبەجێکردنی هەڵاوێرە دروسەییەکە:

١٠) ا. / ستان/ + [N/ Y] بڕوانە نموونەی (١١_ ا)

ب. / هەڵ /+ [N/ Y] بڕوانە نموونەی (١١_ ب)

پ. / ەر /+ [V/ Y] بڕوانە نموونەی (١١_ پ)

ج. / ی /+ [N/A Y/]بڕوانە نموونەی (١١_ ج) و (١١_ ت)

نواندنە دروستەییەکەی (١٠) لە هەڵاوێرکردنی بناغەکاندا ڕێژەی کۆتوبەندیان جودایە، هەریەک لە (٣_ ا،ب،پ) کۆتوبەندی فەرهەنگییان بۆ هەڵاوێرکردنەکە توندوتۆڵە، بە چەشنێک /ستان/ ناو هەڵاوێردەکات، /هەڵ/ ناوی کرداریی، /ەر/یش کردار، کەچیی بە پێی (١٠_ ج) /ی/ جووت هەڵاوێرە، بۆ جێبەجێکردنەکەی بڕوانە نموونەی (١١- ا، ب، پ، ج، ت).

١١) ا. کوردستان، گوڵستان، گۆڕستان، ....

ب. هەڵچوون، هەڵدان، هەڵفڕین، هەڵخستن، ....

پ. نوسەر، بینەر، دانەر، چێنەر، ....

ج. کوردیی، هەورامیی، هەولێریی، لادێیی، شاریی، ....

ت. جوانیی، شیرینیی، سەوزیی، بەرزیی، .....

نموونەو جێبەجێکردنەکانی (١١) ئەوە دەردەخەن، کە:

(ا) مۆرفیمەکانی هەڵگواستن ($X^{-1}$) بەرهەمهێنەری پڕۆژەکەن و جڵەوی دروستەیی بەدەستەوەیە، بەوەش ئەوان دەبنە سەرە و حوکمی دروستەیی تەواوکەرەکانیان دەکەن، لەو ڕوانگەیەوە هەڵاوێرکردنی چەشن و جۆری تەواوکەرەکان/بناغەکان بەشێک دەبێت لە دەروازەی فەرهەنگیی/مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمەکانی هەڵگواستن، بڕوانە هێڵکاری ژمارە (٩ ) لە خوارەوەدا:




هێڵکاریی(٩)

(ب) واتای بەرهەمهاتووە مۆرفۆلۆژییەکە مۆرفیمە هەڵگواستنەکە بەرهەمی دێنێت، بۆیە پڕۆژەکە لە دەروازەی فەرهەنگیی/ مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمەکەدا واتاکەی هەڵگیراوەو مۆرفیمەکە بە تەواوکەرەکەی دەدات، بۆ نموونە لە دەروازەی مۆرفۆلۆژیی /ستان/دا واتای [+شوێن و +ڕووبەری فراوان] هەیە، بۆیە ناوی <کوردستان> شوێن و ڕووبەرێکی فراوان دەگەیەنێت. لەو ڕوانگەیەوە ئەگەرچیی/گا، دان، جاڕ،..../ دەروازە مۆرفۆلۆژییەکەیان شوێنیان تێدایە، بەڵام [- ڕووبەری فراوان] وای کردوە دەروازەی واتاییان یەک نابێت، بەوەش دەبنە مۆرفیمی فەرهەنگیی جیاواز نەک ئەلۆمۆرف. (پ) لە ڕوانگەیەکی ترەوە گەر بڕوانرێتە نموونەکانی (١١_ ج، ت) ئەوە یان دەبێت پێشبینیی دوو مۆرفیمی /ی/ بە دوو دەروازەی مۆرفۆلۆژیی جیاوە بکرێت، یان مۆرفیمەکە هەر لە فەرهەنگەوە هەڵاوێری دروستەیی بۆ ناوو ئاوەڵناویشی تێدا هەڵگیراوە. دەرکردەی نواندنەکە لە (١١_ ج، ت)دا ئەوە دەردەخات، کە وەک چۆن /گا، دان، جاڕ،..../ بۆ شوێنن، بەڵام دەروازەیەکی جیاو فۆڕمێکی جیا، جیایان دەکاتەوەو دەیانکات بە دوو فۆڕمی جیای فەرهەنگیی، هەر لەوەوە // و // ئەگەرچیی هەمان فۆڕمان هەیەو هۆمۆفۆنن(پەیوەست بە هۆمۆفۆنیی لاگرەکان بڕوانە (فەتاح، قادر، ٢٠٠٦، ٥٧-٦٣)، بەڵام (١) /ی/ لە (١١- ج)دا ناوی وەک بناغە هەڵاوێرکردووەو دەرکردە دروستەییەکەی ئاوەڵناوییە، واتای چەشنێک لە نەسەب و خزمایەتیی دروستکردووە، بەوانەش سێ دەروازەی مۆرفۆلۆژیی دروستەیی و ڕێزمانیی و واتایی جیای دەبێت، (٢) /ی/ لە (١١- ت)دا ئاوەڵناوی هەڵاوێرکردووە، دەرکردەکەی ناوییە، واتای پرۆسەی بەرهەمهێناوە، بۆیە بە پێی دەروازەی فەرهەنگیی/ مۆرفۆلۆژیی جیا پێشبینیی ئەوە دەکرێت، کە لە فەرهەنگدا بە دوو مۆرفیمی جیا هەڵگیرابێتن، نەک یەک مۆرفیم بن بە دەروازەی جیاوازەوە. هەر لە (٦)دابڕوانرێتە (Y) ەکان، ئەوە دەردەکەوێت، هەندێک لە بناغەکان لە فەرهەنگداو

لە دەروازەکانیاندا [+دەسەڵاتدار]و لە سینتاکسدا خۆیان پڕۆژەسازدەرو حوکمکەرن و نرخی (X) یان هەیە، کەچیی لە دروستە مۆرفۆلۆژییەکەدا دانە !(Y) لەوەوە دەبێت، پرسیاری ئەوە بکرێت، کە ئایا بناغە مۆرفۆلۆژییەکەن بە دەروازەی فەرهەنگیی/ مۆرفۆلۆژیی جیاوە لە فەرهەنگدا هەڵگیراون واتا بۆ نموونە(N / A/ V) یەک بە دوو دەروازەوە لە فەرهەنگدان، یان هەر هەمان پۆلەڕەگەز بە نیشانەی [+/- دەسەڵاتدار]ەوە لە فەرهەنگدان؟! هەنگاوەکانی توێژینەوەکە بەو ئاراستەیەدا دەڕوات، کە هەرچەندە بە پێی دابەشکردنی مۆرفیمەکان، سەربەخۆیی سیمای مۆرفیمە سەربەخۆکانە، بەڵام مۆرفیم بە دەروازەی (X)و (Y)ەوە لە فەرهەنگدا نین، بەڵکو دەبێت یان (X) یان (Y)بن، بۆیە گەر وەها بن، ئەوا: (ا) یان دوو مۆرفیمی جیان بە دوو دەروازەی جیاوە، (ب) یان لە جێکەوتەکاندا دەسەڵاتداریی و بێدەسەڵاتییان دەردەکەوێت. بەو پێیە دەبێ مۆرفیمەکان لە مۆرفۆلۆژیی هەڵگواستندا دەسەڵاتیان بەسەردا جیبەجێدەکرێت، ئەوەتا تەنانەت لە (١١_ پ)دا کردارەکان لە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی پاشگرەکەدان و پاشگرەکە کردارەکەی لە کردارەوە کردووە بە بکەریی. بڕوانە جێبەجێکردنی هەردوو گریمەنەکە، بڕوانە هێڵکاری ژمارە (١٠- ا) و(١١- ا، ب):

١٠) ا. N/A/V ⟵ [- دەسەڵات]/ مۆرفۆلۆژیی

⟵ [+ دەسەڵات]/ سینتاکس

هێڵکاریی(١٠)

١١) ا. + Vەر

ب. + A ی

↑

Y

↑

$X^{-}$

↑

$X^{0}$

هێڵکاریی(١١)

بە پێی نواندنەکەی (١٠) دوو توخم بە دوو دەروازەوە لە فەرهەنگدا هەن، وەک لە پاری داهاتووشدا ڕووندەکرێتەوە، ئەو توخمانە لە سینتاکسدا دەروازەی فەرهەنگییان جیاو فراوانترە، بۆیە ئاستی نواندنی توخمەکەی ناو فەرهەنگ بۆ مۆرفۆلۆژیی ($V^{-1}/A^{-1}/N^{-1}$)و بۆ نواندنە سینتاکسییەکەش($V^{0}/A^{0}/N^{0}$)، بەڵام بە پێیەی نواندنەکەی (٩) مامەڵە لەگەڵ جێکەوتەدا دەکات، بۆیە توخمەکە لە فەرهەنگدا بۆ هیچ یەک لە دەروازەکان نیشانە نەکراوە، بەڵکو هەر هەمان توخم بە پێی

جێکەوتەکان دەبێتە توخمێکی مۆرفۆلۆژیی یان سینتاکسیی، چونکە حوکم لە زمانی کوردییدا بە جێکەوتەوە پەیوەستە، بڕوانە (مەحویی،٢٠٠١، ٥٦) بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر.

## ٢/١-٣-٣) دەروازە و پرۆژە مۆرفۆلۆژییەکانی لێکدان

پرۆژەی لێکدان ئاوێتەکردنی پرۆسەیەکی دروستبوونی وشەیە، کە لە سەر بنەمای تێکەڵکردنی توخمە وشەیەکان دامەزراوە(وشە یان لق). لە هەمان کاتدا لە هەندێ تیۆردا، ئاوێتەکردن بە شێوەیەکی مشتومڕاوی باس دەکرێت، ناکۆکییەکە پەیوەندی بە پرسە بنەڕەتیەکانییشەوە هەیە، کە ئەمیش دەتوانرێت لە چوار بوارە سەرەکییەکەدا گرووپ بکرێن، کە لێرە بەم شێوەیە ناوزەنکراون (سنووردارکردن، پۆلێنکردن، پێکهاتن و لێکدانەوە )، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە هەندێک لەوانە تیشک بخریتە سەر یان پاشخانیان لە سەر بێت. لە سنووردارکردنی ئاوێتەکردن، پرسیارێک هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە تا چەند گرنگە بتوانین دیاری بکەین بۆ هەر دەربڕینێک بە شێوەیەکی بێ دوو دڵی ئایا ئاوێتە بێت یان نا. ئاوێتەکردنی سنوورەکان لە سەر سینتاکس و لە سەر لکاندنی، لە هەندێک چوارچێوەی تیۆریدا کێشە نیە کە هەتبێت، بەڵام ئەگەر بۆ نموونە دروستبوونی وشە و سینتاکسیی بە توندی جیا بکرێنەوە، ئەوا ئاوێتەکردن لە پێکهاتنی وشەدایە. ئەو پێوەرانەش کە بۆ جیاکردنەوەیان بەکاردێت، لەسەر بنەمای فۆڕم، لەسەر تایبەتمەندییە سینتاکسییەکان لە سەر مانا، بوون بەکارهاتووە. https://www.govinfo.gov/content/pkg/GPO-STYLEMANUAL-2008/pdf/GPO-STYLEMANUAL-2008-8.pdf

زۆربەی پێناسەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە وشەی لێکدراو لە ئەنجامی لەیەکدانی دوو مۆرفیمی سەربەخۆ بەرهەمدێت ، سەربەخۆیی کەرتەکانی وشەیەکی لێکدراو بڕیارێکی سەرپێییانە دەبێت، ئەویش لەبەرئەوەی هاوشێوەی پرۆژەی هەڵگواستن، دەبێت توخمێک لە لێکدراوەکەدا جڵەوی دروستەیی و واتایی هەبێت.file:///C:/Users/win7/Downloads/49814-Article%20Text-88056-1-10-20071018%20(3).pdf

لەبەرئەوەی بە پێی پێناسەی لێکدان دەبێت توخمەکان سەربەخۆ بن(X)و هەڵبژێراوەکەش (Y)، بۆیە دەستنیشانکردنی (X,Y)ەکانی بەرهەمهێنەری لێکدانەکە بۆ ئەم پارە گرنگ دەبێت. لە دابەشکردنەکانی مۆرفیم لە سەرەوە ڕکێف و جڵەوی هەریەک لەو توخمانە، جا چ (X)ەکان بن، یان (Y)ەکان بن، دیاری نەکراوە، تەنانەت نیشانەیەک بۆ جیاکردنەوەی دەروازەی سینتاکسیی یان مۆرفۆلۆژیی نەکراوە (بڕوانە ڕوونکردنەوەکان لە پاری (١/١-١-١-٣-٢)دا. ئەوەی بۆ پارەکانی داهاتوو گرنگ دەبێت، جیاکاریی فەرهەنگیی و پێکهاتەیی توخمەکانی (V, A, N)ن، تا ئاست و نرخی نواندنی هەریەکەیان دیاریی بکرێت،

## ١/٢-٣-٣-١) پرۆژە مۆرفۆلۆژییەکانی ناو

بەپێ ی تیۆری (X-bar)ناوەکان دروستکەری پرۆژەی سینتاکسیین لە ڕوانگەی ئەرکیشەوە دۆخدەر(X) و دۆخ وەرگریشیان (Y)هەیە، چونکە چەشن و جۆری ناوەکە کاریگەریی لەسەر پرۆژەکەو ئەرکەکەش هەیە. لەڕاستیدا ئەو ناوانە دروستکەری فرێزی کە تایبەتمەندی ئاوەڵناوییان هەیە لەجێکەوتەی ئاوەڵناودا دەردەکەون, کە ئەوانیش جێناوی سەربەخۆ و ناوی تایبەتی کەس و شوێنن، بەڵام ئەو ناوانەی کە گشتین، فرێزی ناوی تەواکەر کە دۆخ وەرگرن بەرهەمدەهێنن، بۆیە دەبێت لە دەروازە سینتاکسییەکاندا ئەو جیاکارییە لە نێوان ناوەکاندا بکرێت. بەوەش دەروازەی زانیاریی ناوێک بریتی دەبێت لە :

{N+ دۆخ وەرگر ، + دۆخ دەر}

بەو پێیەش بێ ناوەکان لە سەرێکەوە بەپێ ی جێکەوتەکان لە سینتاکسییدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ لە سەرێکی تریشەوە نیشانەکانیان پەیوەست بە زانیاریی سینتاکسیی لە فەرهەنگدا دیاریکراوە، بڕوانە،نموونەو جێبەجێکردنەکەی لە نمونەکانی ژمارە(١٢- ا، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د)دا:

١٠)

ا. دەستی من

ناوی گشتی — جێناوی سەرجۆ / بەکارهێنانی ئاوەڵناویی

دۆخ وەرگر(Y) — دۆخ دەر(X)

ب. چاوی تۆ

ناوی گشتی — جێناوی سەربەخۆ / بەکارهێنانی ئاوەڵناویی

دۆخ وەرگر(Y) — دۆخ دەر(X)

پ. دڵی ئەو

ناوی گشتی — جێناوی سەربەخۆ / بەکارهێنانی ئاوەڵناویی

دۆخ وەرگر(Y)        دۆخ دەر(X)

ت.    باوکی ئازاد

ناوی گشتی        ناوی تایبەتی / بەکارهێنانی ئاوەڵناویی

دۆخ وەرگر (Y)        دۆخ دەر(X)

ج.    چیای هەڵگورد

ناوی گشتی        ناوی تایبەتی / بەکارهێنانی ئاوەڵناویی

دۆخ وەرگر (Y)        دۆخ دەر(X)

چ.    ئەسپی ئەو

ناوی گشتی        جێناوی سەربەخۆ / بەکارهێنانی ئاوەڵناویی

دۆخ وەرگر (Y)        دۆخ دەر(X)

ح.    ڕووباری سیروان

ناوی گشتی        ناوی تایبەتی / بەکارهێنانی ئاوەڵناویی

دۆخ وەرگر(Y)        دۆخ دەر(X)

خ.    خانوی نەسرین

ناوی گشتی        ناوی تایبەتی / بەکارهێنانی ئاوەڵناویی

دۆخ وەرگر (Y)        دۆخ دەر(X)

د.        شاری سلێمانی

ناوی گشتی        ناوی تایبەتی / بەکارهێنانی ئاوەڵناویی

دۆخ وەرگر(Y)        دۆخ دەر(X)

لە نموونەکانی سەرەوەدا دەروازەکان دەروازەی سینتاکسیین و ناوەکانیش بۆ بەرهەمهێنانی فرێزی ناوی هێنراونەتە سینتاکسەوە، بەڵام دەکرێت هەمان فۆرم لە نموونەکانی خوارەوەدا بۆ دەروازەی مۆرفۆلۆژییەکان بخرێتە گەڕ. لە ڕاستیە ناو لە سینتاکسدا بەپێی پۆلەڕەگەز دیاریکردنێکی سینتاکسییانە مامەڵە لەگەڵ پرۆژە سینتاکسییەکان بەرهەمهێنانی فرێزبوو، بەڵام لە زمانی کوردیدا هەمان ناو دەتوانێت لە پرۆژەیەکی ناوەندیی وەکو دەستەواژەیلە بەهەمان پۆلەڕەگەز دیاریکردنەوە پرۆژە بەرهەمبێنێت .

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە هێڵکاری(١٢):




هێڵکاریی(١٢)

لەم دروستەیەدا مۆرفیمی /- ی/ ی خاوەنداریی پەیوەندییەکی خاوەنداریی دەردەبڕێت و دۆخی ڕێزمانیی خستنەپاڵیش لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست بە فرێزێکی ناویی دەدات، جگە لەبەخشینی

دۆخی ڕێزمانییش /- ی/ ناوی دووەم دەکات بە خاوەنی ناوی یەکەم، لەناو دروستەی ئەو فرێزەدا نیشانەی ( + جیاکراوە)ی دەدرێتێ واتە لە / دەست، چاو، دڵ / گەر بەتەنیا بن، ئەوا گشتین. لە دروستەی ئەم جۆرە فرێزەدا ناوی یەکەم، دەکەوێتە جێکەوتەی / دەست، چاو، دڵ / ەوە، سەری واتایی فرێزەکەیە و ناوی دووەمیش، کە یان جێناوە یان ناوێکی تایبەتی کەسە، بەیاسای سەرکۆتایی سەری ڕێزمانیی فرێزەکەیە و بەهۆی /- ی/ خستنەپاڵی خاوەندارییەوە لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست حوکمدەکات. (مەعرووف، ٢٠١٠، ٤٥-٤٦)، لە نموونەکانی سەرەوەدا وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا دەروازەکان دەروازەی سینتاکسیین و ناوەکانیش بۆ بەرهەمهێنانی فرێزی ناوی هێنراوە سینتاکسەوە، بەڵام دەکرێ هەمان فۆرم لە نموونەکانی خوارەوەدا بۆ دەروازەی مۆرفۆلۆژییەکان بخرێتە گەڕ. لە ڕاستیە ناو لە سینتاکسدا بەپێی پۆلە ڕەگەز دیاریکردنێکی سینتاکسییانە مامەڵە لەگەڵ پرۆژە سینتاکسییەکان بەرهەمهێنانی فرێزبوو، بەڵام لە زمانی کوردیدا هەمان ناو دەتوانێت لە پرۆژەیەکی ناوەندی وەکو دەستەواژەیلە بەهەمان پۆلە ڕەگەز دیاریکردنەوە پرۆژە بەرهەمبێنێت.

بۆ نموونە بڕوانە هێڵکاری ژمارە(١٣):

$N^0$

پۆلە ڕەگەزدیاریکردن

دەستەواژیلە | دەستەواژە

پەنجەرە ئاسن | پەنجەرەی ئاسن

{N} + N | {N} + N

دەرگا شوشە | دەرگای شوشە

{N} + N | {N} + N

هێڵکاریی(١٣)

دەروازە سینتاکسییەکان بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی سینتاکسیین، لە هەریەک لە ناوەکان جا لە هەر چەشنێک بن، (X) بن، یان (Y)، پرۆژەسازدەر یان نرخی تەواوکەریان هەیە. ناوەکان لە دروستەی فرێزدا هەرچەندە تەواوکەرن، بەڵام لە بەرئەوەی دەبنە فرێزێکی تەواوکەر پێشتر لە توخمێکی پرۆژەسازدەرەوە (X) ەوە بوونەتە تەواوکەر (Y) لەو ڕوانگەیەوە لە نموونەکانی (١٠)دا ناوەگشتییەکان هەرچەندە تەواوکەرن و لەلایەن ناوێکی ئاوەڵناوییەوە حوکمدەکرێن و دۆخ

وەردەگرن، بەڵام تەنها بە جێکەوتەکە ئەوەیەن بەسەردا سەپێنراوەو بوونەتە (Y)، بڕوانە نواندنەکەی لە نموونەی ژمارە (١٣)دا:

١٣) دەستی نەوزاد

$Y^{-}$

↑

$X^{-}$

↑

$X^{0}$

پەیوەست بە پرۆژە مۆرفۆلۆژییەکانیش ناوەکان نواندنی تایبەت بە خۆیان هەیە، بە جۆرێک توانستی فەرهەنگیی ناوەکان لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە سنوردارترەو پێشبینیی دەکرێت، تەنها پڕۆژەی وشەدروستکردنیان لە دەروازەدا بێت، چونکە ناوێک لە فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژییدا نە حوکمکردن نە دۆخی ڕێزمانیی نامێنێت، گەر لەو ڕوانگەیەوە بڕوانرێتە <دەست> لە {دەستی نەوزاد} لەگەڵ <دەستگرە و دەستکێش، دەستپیس>دا ئەوا دەستدەکەوێت، کە: (ا) لە نموونەی (١٣)دا ناوەکە فرێزدروستکەرەو حوکمکراوەو دۆخی خستنەپاڵی هەیە، کەچیی لە نموونە مۆرفۆلۆژییەکەدا تەواوکەرێکی بێ دۆخی ڕێزمانییەو تەنها تەواوکەری ناو دروستە مۆرفۆلۆژییەکە لە دەروازەکەیدایە.

## ٢/١-٣-٣-٢) پرۆژە مۆرفۆلۆژییەکانی ئاوەڵناو

ئاوەڵناو وەک بەشە ئاخاوتنێک، واتای چۆنێتی و خاسیەت و نیشانە ڕادەگەیەنێت. لە ئاوەڵناودا ئەم ڕاگەیاندنە چ لە بەکارهێنانی سینتاکسداو چ لە تایبەتێتی مۆرفۆلۆژییدا ڕوون و ئاشکرا بەدیار دەکەوێت، لە مەیدانی سینتاکسدا جیاوازی ئاوەڵناو لەگەڵ ناودا لەوەدایە، کە بەر لە هەر شت بە بەردەوامی وەک دیارخەر بەکاردەبرێت، ئاوەڵناو لە خاسیەتی ناوە. (حاجی مارف، ٢٠١٤، ١٠٩)، ئاوەڵناو پۆلەڕەگەزێکە، بەتوانا و زانیارییە ئەبستراکتەکانییەوە لە فەرهەنگدا هەڵگیراوە، بەمەش پێویستە لە سینتاکسدا ئەو زانیارییە ناوەکییانە هەڵبهێنجێت، لەڕووی واتاوە، زگماکییانە سروشتی و کەسێتی پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناوییان پەیوەست بە پەسەنکردنی ئەدگارەکانی (ناو) ەوە پێدەناسرێتەوە. دەرهێنانی زانیارییەکانیش بەهۆی ناوێک / تەواوکەرێکەوە بەرجەستە دەکرێت، کە جێکەوتەی دەرخراو پڕدەکاتەوە. لەوڕووەوە زانیارییەکان بۆ دەروازەی سینتاکسیی ئاوەڵناوەکانە، بە جۆرێک ئاوەڵناوەکە بە پۆلە ڕەگەزی سەرەکیی هەژماردەکرێت، واتا ($A^{0}$) بە دەروازەی [+پڕۆژەسازدەر، + دۆخدەر + سەری حوکمکەرەوە، +دیاریکەری پارامێتەری ] ەوە دەبێتە سیمای سەرەکی فەرهەنگیی، بەوەش نواندنەکانی تری هەمان پۆلەڕەگەزن یان بەشێکن لە دەروازەی فەرهەنگیی ئاوەڵناوەکان.

لێکۆڵینەوەکە لە نێوان گریمانەی (ا) کۆی زانیارییەکان بە زانیاریی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییشەوە لە تاکە یەک ئاوەڵناودا هەڵگیراون و لە ڕێزماندا دەنوێنرێن، یان (ب) ئاوەڵناوەکان لەگەڵ کەتیگۆریی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی جیان، ئاستی نواندنیان جیایەو زانیاریی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییان تیاگەنجکراوە. لەوەوە ئاوەڵناوە مۆرفۆلۆژییەکە ($A^{-1}$) و سینتاکسییەکەش ($A^{0}$) دەبێت.

ئاوەڵناوەکەی ناو مۆرفۆلۆژیی خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەن:

١. لە دروستەی هەڵگواستندا ئاوەڵناوەکان حوکومدەکرێن و تایبەتمەندێتیی وەسفییان لەدەستدەدەن، کۆی زانیارییە دەرکردەکەشیان پەیوەست بە زانیاریی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییشەوە دەگۆڕێت، بڕوانە نواندنەکەی لەنموونەی (١٤-١)و بۆ خستنەڕووی زانیارییە گۆڕاوەکانیش لە(١٤- ب)دا

١٤) ا. جوان + ی = جوانیی، بڕوانە هێڵکاری ژمارە (١٤)

ب. جوان ($A^{0}$) ———————— جوانیی ($N^{0}$)

ئاوەڵناو ———————— ناو

سادە ———————— هەڵگوێزراو

فرێزی ناویی بەرهەمدەهێنێت —— فرێزی ئاوەڵناویی بەرهەمدەهێنێت

حوکمدەکات و دۆخدەدات ———— حوکمدەکرێت و دۆخ وەردەگرێت

خۆی هێزکۆتایە ———— پاش گۆڕانی فۆرمەکەی هێز دەبێتەوە بە کۆتایی

ئاوەڵناوی چۆنێتییە ———— پرۆسەی ئاوەڵناوییە. (مەعرووف، کۆنفراسی زانکۆی گەرمیان)

B m mkj




هێڵکاریی(١٤)

٢. بەرجەستەکردنی ئاوەڵناوەکان لە پرۆسەی لێکداندا ئەوە دەردەخات، کە ئاوەڵناوی ناو ئەو دروستە مۆرفۆلۆژییە، تەنها هەڵاوێری دروستەیی و واتایی تەواوکەرەکەی دەکات، پێدانی دۆخی خستنەپاڵە لە دەروازەکەییاندا کەمدەکات، بەوەش لە دەروازە سینتاکسییەکەی جیاوازدەبێت و ئاستی نواندنی ($A^{-1}$)ی دەبێت. هەرچەندە دیاریکەری پارامێتەریی سیمای سینتاکسیی و مۆرفۆلۆژیی ئاوەڵناوەکانە، بەڵام ئاوەلناویی ناو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی ئازادانەیە، کەچیی ئاوەڵناوە سینتاکسییەکە تەنها سەرکۆتایی جێبەجێدەکات بڕوانە نموونەی ژمارە (١٥- ا، ب)و هێڵکاری ژمارە (١٥ ) و(١٦)

١٥) ا. چاوشین، باڵا بەرز، دەمپیس، ......

ب. جوانەگا، شۆخەژن، تەڕەپیاز، سوورەچنار، ...




هێڵکاریی(١٥)




هێڵکاریی(١٦)

٤. وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا زانیارییەکان بۆ دەروازەی سینتاکسیی ئاوەڵناوەکانە، بە جۆرێک ئاوەڵناوەکە بە پۆلە ڕەگەزی سەرەکیی هەژماردەکرێت، واتا ($A^0$) بە دەروازەی [+پڕۆژەسازدەر، + دۆخدەر + سەری حوکمکەرەوە، +دیاریکەری پارامێتەری] لە سینتاکسدا ئاوەڵناو پرۆژەسازدەرە وەک سەری ڕێزمانیی فرێزی ئاوەڵناوی گۆدەکان فرێزی ئاوەڵناویی بەرهەمدەهێنێت، بۆیە پێویستە تەواوکەرێکی هەبێت، بەوەش لە ($X^0$)انەیە، کە( Y)یەک هەڵاوێر دەکات، هەر بۆیە دەتوانێت لە سینتاکسدا بشکێتەوە پرۆژەی جیاواز لە جۆری ($A^-$) دروست بکات، لەو ڕوانگەیەوە، کە یەکێک لە

تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی لە بەرهەمهێنانی پرۆژە سینتاکسییەکاندا، بەو پێکهاتانەوە بەستراوە، کە لە قۆناغی پێش – ڕستەییدا بەهۆیانەوە پرۆژە ناوەندییەکانی هەر پۆلەڕەگەزێک دەستدەخرێت، ئاوەڵناوی فەرهەنگییش ($A^0$) بۆ دروستە سینتاکسییەکان بەپێی پۆلەڕەگەزدیاریکردنەکەی، هەمیشە بەناواخنەکەیەوە بە ($X+Y$)ەوە پرۆژەکانی ($A^-$) تێردەکەن. ئەو پرۆژانەش، کە بەرهەمی توخمی فەرهەنگییی ($A^0$) ن، هەم سینتاکسیی و هەم مۆرفۆلۆژیی دەبن، واتا وەک گوترا گریمانەکە لەنێوان ئەوەدایە کە ئایا ئاوەڵناوەکان ناوەخنی مۆرفۆلۆژیی سینتاکسییشیان هەیە یان لە فەرهەنگدا جیان و بە دوو دەروازەی جیاوە هەڵگیراون؟ تاقیکردنەوەکان لەسەر (جوان) ئەوە دەردەخەن، کە ئاوەلناوەکان فرە دەروازەن، ئەوەش وایکرد ئاستی نواندنی ($A^{-1}$) بۆ مۆرفۆلۆژیی و ($A^0$) یش بۆ نواندنە سینتاکسییەکەی بێت. بۆ ئاستە مۆرفۆلۆژییەکەی بڕوانە نموونەکانی ژمارە(١٥) و هێڵکارییەکانی ژمارە(١٥،١٦)، لە سەرەوە، بۆ فرەدەروازەی سینتاکسییش بڕوانە نواندنەکەی لە نموونەی ژمارە(١٦)دا:

١٦)

جوان $A^0$

- بەرهەمهێنانی دەستەواژیلەی ئاوەڵناویی: (sub phrase ) کچەجوان، گوڵەجوان
- بەرهەمهێنانی فرێزی ئاوەڵناویی: (phrase)کچی جوان، گوڵی جوان
- بەرهەمهێنانی ئاوەڵکردار: ئەو جوان یاریدەکات
- بە پرۆسەی بەناوکردن ناو بەرهەم دەهێنێت: جوان خوێندکاری زانکۆیە

نواندنی ئاوەڵناو (جوان) لە (١٦)دا فرە زانیاریی و فرە زانیاریی سنتاکسیی ئاوەڵناوەکان دەردەخات ، ئەویش بە پێچەوانەی دەروازەی مۆرفۆلۆژیی ئاوەڵناوەکانەوە ($A^{-1}$) کە دەسەڵاتەکانی تەنها لە چێوەو دروستەی وشەدا دەسەڵاتی دروستەیی و واتایی هەیە.

### ٢/١-٣-٣-٣) پرۆژە مۆرفۆلۆژییەکانی کردار

کردار کە تێگۆرییەکی فەرهەنگیی پرۆژەسازدەرەو لە فەرهەنگدا ئاستی نواندنی ($V^0$)ی هەیە، کردارە فەرهەنگییەکە لەناوەخنیدا پەیوەست بەسینتاکس و واتاشەوە هەڵگری زانیارییەکانە و لە قۆناغی پاش فەرهەنگیی (post lexical)وسییتاکسیدا نواندێکی جیاوازی هەیە، کردارە فەرهەنگییەکە بەڕەگی کردار تاقیدەکرێتەوە، ڕەگی کردار لێکسیمێکی ناو فەرهەنگە، بەڵام نەبووەتە لێکسێکی سەربەخۆ، واتە کردارێکی بێتاف دەبێتە پرۆژەسازدەرەکەو پرۆژەی فرێزی کرداری بەرهەمدێنێت. کردارە

فەرهەنگییەکە (ا) پەیوەست بە کەتیگۆرییەوە لە قۆناغی پاش فەرهەنگییدا تەواوکەرەکەی هەڵیٚردەکات کە کە نواندیٚکی بنەمایی (principal represetatiom) هەیە. (ب) کردارە فەرهەنگییەکە بەتەواوکەکەیەوە نواندنیٚکی پارامیٚتەری دەبیٚت و ئاستی نواندنەکەی دەبیٚت بە ($V^0$). (مەعرووف، ٢٠٢٠، ٥٨)، کردارە فەرهەنگییەکە لە چوارچیٚوەی فریٚزی کرداریدا نواندن و دەسەڵاتی سینتاکسیی و واتاییان هەیە، کرداری فەرهەنگیی پریدیکاتۆرە، کە ڕەگی کردار و دەسەڵاتەکەی لەناو فریزە کردارییەکەدا کۆتایی دیٚت لەوەشەوە دەبیٚت پیٚشبینی ئەوە بکریٚت، کرداری سنیتاکس (-V)بیٚت. ئەویش بەو پیٚیەی کرداری فەرهەنگیی بەهەرسیٚ نواندنی فۆڕمی سادە و داڕیٚژراو و لیٚکدراویشەوە لەنواندنە سنیتاکسیەکەییدا بەتەواوکارەکەیەوە دەچیٚتە سنیتاکسەوە، چونکە لە بەسینتاکسبوون کردارەکان زانیاریی تیا گەنج کراوی کردارەکە دەنویٚنیٚت.

کرداریش وەک هەر سەریٚکی ڕیٚزمانی دیکە، ناواخنی فەرهەنگیی هەیە و هەر بەو ناواخنەشەوە لە فەرهەنگیی تۆمارکراوە، بەلام ئەوەی گرنگ بیٚت، کردار جیاواز لەسەرە فەرهەنگییەکانی دیکە، دەشیٚت لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەیدا زیاتر نواندنیٚکی هەبیٚت، بەوەش لەناو پرۆژەی کردارەکاندا بەپیٚی ڕیٚساکانی پرۆژەسازدان و پرۆژەسازدانی فراوانکراو، سەرە دۆخدەرەکان پەیوەست بەجۆری تەواوکەرەکانیانەوە دەگۆڕیٚت، ئەمەش وادەکات زیاتر لە نواندنیٚکی سینتاکسییان هەبیٚت. (سەعید، ٢٠٢٠، ١٤٩)، کرداریش وەک ناو و ئاوەڵناوە لەڕووی ڕۆنانەوە دابەش دەبیٚ بەسەر (سادە) و (ناسادە)دا، (ناسادە)ش بەسەر (داڕیٚژراو) لیٚکدراودا. کرداری سادە وەک ; بوون، چوون، نان، دروون، سوون، مان ،کردن، بردن، هاتن... کرداری داڕیٚژراو لە زمانی کوردیدا کرداری داڕیٚژراو بەیارمەتی پیٚشگر و پاشگر پیٚکدیٚ بۆ ڕۆنانی کرداری داڕیٚژراو هەندیٚ پیٚشگر و پاشگر هەن دەچنەسەر (کرداری سادە ) و دەیکەن بە کرداری داڕیٚژراو.بڕوانە نموونەکانی ژمارە(١٧- ا، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ)و(١٨- ا، ب):

١٢) پیٚشگرەکان وەک /

ا. /ڕا - / ڕادان، ڕاگرتن، ڕاخستن، ڕاکیٚشان

ب. /هەڵ- / هەڵ کردن، هەڵ چوون، هەڵ فڕین، هەڵ بوون، هەڵدان

پ. /دا- / داکەوتن، داگرتن، داهاتن، داخستن

ت. /ڕۆ- / ڕۆکردن، ڕۆچوون، ڕۆنان

ج. /وەر- / وەردان، وەرگیٚران، وەرگەڕان، وەرگەڕاندن، وەرچەرخاندن، وەرگرتن

چ. /ڕێ- /           ڕێکخستن، ڕێخشاندن

ح. /پێ- /           پێکەنین، پێگەیشتن، پێزانین، پێناسین، پێکەوت

خ. /تێ- /           تێگەیشتن، تێگرتن، تێکەوتن (تێکەتن)، تێکردن (تێکردن)، تێخستن

د. /لێ- /           لێخوڕین، لێدان، لێنان، لێکەوتن

ر. /وێ- /           وێچوون، وێکەوتن ... هتد

١٨) پاشگرەکان

لە زمانی کوردیدا دوو پاشگر هەن، کرداری داڕێژراو دروست دەکەن:

ا. / - ەوە/           خواردنەوە، گەڕانەوە ..... هتد

ب. / - اندن/           سووتاندن، نواندن، مراندن، دڕاندن ... هتد

کرداری لێکدراو بەیاریدەری ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار و ژمارە و ئامراز ... پێکدێ (حاجی مارف، ٢٠١٤، ٦٨-٩٣)، گشت پۆلە ڕەگەزە فەرهەنگییەکان لەسەر بناغەی گەنجینەیەکی سنووردار لە نیشانەی سینتاکسیی پێناسەکراون: بۆ نموونە:بڕوانە نموونەی ژمارە(١٩- ا، ب، پ، ت):

ا. کردار یەکسانە بە ( +کردار، - ناو )

ب. ناو یەکسانە بە ( - کردار، + ناو )

پ. ئاوەڵناو یەکسانە بە ( + کردار، + ناو )

ت. پێشناو یەکسانە بە ( - کردار، - ناو )

هەر پۆلەڕەگەزێکی فەرهەنگیی دەتوانرێت لە پۆلە ڕەگەزێکی سینتاکسیی لەهەمان چەشن و بەرزترەوە وەربگیردرێت و لە بەرئەوە هەر پۆلەڕەگەزێکی سینتاکسیی- کە وەک سەر head یان کرۆک nucleous دەستنیشاندەکرێت و ناوی لێدەنرێت – بەلانی کەمەوە پۆلەڕەگەزێکی فەرهەنگیی لە چەشنی خۆی لەژێر ڕکێفدایە، ئەو کەرەستەیەی لەلای ڕاستی وەچەپێکهاتەی سەرەکەوە دەوەستێت (specifier)ەوە ئەوەی لای ڕاستی تەواوکەرە (complement) ناولێنانی bar-syntax x – ) لە دەستوور نوسیینەوەی بارەکان، بەسەر ( X) هکەوە ( X̀ ،X̀̀ ،X̀̀̀ ) هاتووە (مەحویی، قادر، حسێن، ٢٠١٠، ٢٤)، ، یاساکانی لێکدانی کەرەستە فەرهەنگییەکانە، کە واتایەک دەدەنە پاڵ ڕستەیەک وەک گشتێک و ئەمیش بەرێساکانی پرۆژەسازدان ناسراوە پێکهاتەیەکی واتاسازییە، یەکگرتنی

تایبەتیەتی سینتاکسیی و واتاسازیی (یەکگرتنی دروستەی سینتاکسیی و دەروازەی فەرهەنگیی ) وەک حاڵەتێکی فەرهەنگی دەگەیەنێت (حسەین،٢٠١٢، ١١٤)، واتە کردار هەرگیز بەتەنها نایەتە فرێزی کردارییەوە بەوەش دەبێتە کرداری سینتاکسیی ئازاد، بڕوانە نموونەی (٢٠)، ئەوەش دەربڕی ئەوەیە، کە ($V^0$) کردارێکی بەلێکسمێبووی ناو فەرهەنگ و ($V^-$)یش کردارێکی سینتاکسیی ئازادە. (مەعرووف، ٢٠٢٠، ٦٧-٦٨)

بڕوانە جێبەجێکردنەکەی لە نموونەی ژمارە(٢٠- ا، ب) و هێڵکارییەکانی ژمارە ( ١٧ ) و ( ١٨ )دا:

(٢٠) أ. کوژ ($V^0$) ⟵ ژن کوژ، کوڕ کوژ، ڕێوی کوژ، ... (کرداری سنیتاکسی $V^-$)

ب. مر($V^0$) ⟵ مر ($V^-$)لەفەرهەنگەوە تەواوکەری تێدا گەنجنەکراوە، بۆیە لەهەمان فۆڕمەوە دەبێتە کرداری سینتاکسیی )




هێڵکاریی(١٧) هێڵکاریی(١٨)

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە نموونەکانی ژمارە(٢١) و جێبەجێکردنیان لە هێڵکارییەکانی ژمارە (١٩) و(٢٠) و(٢١) و(٢٢):




هێڵکاریی(١٩)




هێڵکاریی(٢٠)




هێڵکاریی(٢١)




هێڵکاریی(٢٢)

سەیری ئەم نموونەیە بکەی یاخود هێڵکارییەکان، بۆمان دەردەکەوێت کە دوو (کردار ) مان هەیە یەکێکیان مۆرفۆلۆژییە، کردارەکە دەسەڵاتی نەماوە و نەدۆخ دەدات نە ڕۆڵی هەیە تەنها ئارگۆمێنێت داواکەرە، بەمەش بەکردارەکە دەتوانین بڵێین لە (کردارخستن/کردارخراو ) هیچ دەسەڵاتێکی نەماوە و لاوازە، لەهەمان کاتدا کردارێکی ترمان هەیە کە سینتاکسییەکە دەسەڵاتدارە، دۆخ دەدات و ڕۆڵی هەیە ئارگۆمێنت داواکارە دەسەڵاتێکی بەهێزی هەیە.

زانیاریی سینتاکسیی و شێوازی ئیدیۆماتیکی فەرهەنگێک دەبێت دیاری بکات، کە وشەیەک کام پێداویستی بەسەر ژینگە سینتاکسییەکەیدا دەسەپێنێت. بەشێوەیەکی نەریتی، ئەم زانیارییانە بە یارمەتی تایبەتمەندیی ژێرپۆلێنکردن دەربڕدراون، کە ئاماژە بەوە دەکەن کە لە کام کۆنتێکستی سینتاکسییدا وشەیەک دەتوانیت یان دەبێت دەربکەوێت، بەڵام پێویستە خۆمان بە دوور بگرین لە لێکدانەوەی زۆر ئیستاتیک بۆ تایبەتمەندییە ژێرپۆلێبەندییەکانی وشەکان، چونکە ڕێزمانیی زمانێک

ئامرازێک بۆگۆڕینی کردارێکی ڕستەیی بۆ کردارێکی ڕاگوزەر دابین دەکات، یان لەوانەیە جۆری ڕووداوی کردارێک بگۆڕێت.(Booij, 2017, 8-9).

زانیارییەکان بۆ دەروازەی سینتاکسیی کردارەکانە، بەجۆرێک کردارەکە بە پۆلە ڕەگەزی سەرەکیی هەژمار دەکرێت، واتا( $V^0$) بەدەروازەیی { + پرۆژەسازدەر ، + سەری حوکمکەرە، + دیاریکەری پارامێتەری}ەوە، دەبێتە سیمای سەرەکی فەرهەنگیی، بەوەش نواندنەکانی تری هەمان پۆلە ڕەگەزن یان بەشێکن لە دەروازەی فەرهەنگیی کردارەکان. لێکۆڵینەوەکە لە نێوان گریمانەی (1) کۆی زانیارییەکان بە زانیاریی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییشەوە لە تاکە یەک کرداردا هەڵگیراون و لەڕێزماندا دەنوێنرێت، یان (ب) کردارەکان لەگەڵ کەتیگۆریی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی جیان، ئاستی نواندنیان جیایە و زانیاریی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییان تیا گەنجکراوە. لەوەوە کردارە مۆرفۆلۆژییەکە ($V^{-1}$)و سینتاکسییەکەش ($V^0$) دەبێت وەک ئاماژەی بۆ کرا زانیارییەکان بۆ دەروازەی سینتاکسیی کردارەکانە، بەجۆرێک کردارەکە بەپۆلە ڕەگەزی سەرەکیی هەژمار دەکرێت، واتا ($V^0$)بە دەروازەیی { +پرۆژەسازدەر، +دۆخدەر، سەری حوکمکەرەوە، +دیاریکەری پارامێتەری}

لەو ڕوانگەیەوە گەر بڕوانرێتە کرداری <ناس، بین> وەک کرداری فەرهەنگیی بەلێکسێمنەبووی فەرهەنگیی یان بۆ پرۆژەیەکی سینتاکسیی یان مۆرفۆلۆژیی دەهێنرێنە ڕێزمانەوە، بڕوانە جێبەجێکردنەکەی لە نموونەکانی (٢١- ا، ب)و (٢٢- ا، ب)دا :

٢١) ا. من تۆ دەناسم .

ب. من ئەو دەبینم.

٢٢) ا. ناسنامە، ناسین، ناسینەوە،

ب. بینەر، ....

ئەگەر لە نموونەکانی (٢١)دا سەیری کردارەکانی <ناس و بین>، کردارەکەمان ($V^0$) دۆخی ڕێزمانی و دەسەڵاتی سینتاکسیی هەیە، (ناس)ەکە دۆخی ئەکوزەتیڤی بە فرێزی {تۆ}/ {ئەو} داوە. کەچیی هەمان فۆڕمی کردارەکان، لە دروستە مۆرفۆلۆژییەکانی (٢٢)دا دەسەڵاتەکەی تەنها هەڵاوێرکردنێکی دروستەیی و واتاییە. بەوەش کردارەکان، لە نموونانەی (٢٢)دا، بووە بەکردارێکی بێ دەسەڵات توانای نەماوە و دۆخی نەماوە، وەک ئاماژەی بۆکرا، تەنیا یەک دەسەڵاتی هەیە ئەویش هەڵاوێرکردنە. بەوەش کردارەکە دەبێت بە کردارێکی مۆرفۆلۆژیی و ئاستی نواندنی ($V^{-1}$)ی دەبێت، بەڵگەش بۆ ئەوەش بە مۆرفۆلۆژیی بوونی هەندێک کردارن ($V^0$) کە تەنها نرخ و ئاستی نواندنی ($V^{-1}$)یان ماوە، بڕوانە نموونەکانی( ٢٣- ا، ب، پ ). هەروەها بەڵگەکانی (٢٤) زیاتر ئەوە ڕوون دەکەنەوە، کە لەو نموونانەدا دەسەڵاتی دروستەیی و واتاییش دەکەوێتە دەست پاشگرەکان، وەک پێشتریش لە پاری (٢/١-٣-٣-٣)دا ڕوونکرایەوە، دەسەڵاتی دروستەیی و واتایی لە پرۆسەی هەڵگواستندا بە دەست

پاشگر یان پێشگرەکانەوەن، بەوەش (پاشگر/پێشگر)ەکە حوکمی کردارەکەی ناو مۆرفۆلۆژیی دەکات، بڕوانە نمونەکانی ژمارە (٢٧- ا، ب، پ)و هێڵکاری ژمارە (٢٣):

٢٣) ا. خوار/خۆ ($V^0$) ———— خۆر ($V^{-1}$) بڕوانە نموونەکانی (١٩)

ب. کر/کە ($V^0$) ———— کار، کەر ($V^{-1}$) بڕوانە نموونەکانی (٢٠)

پ. گر/گیر ($V^0$) ———— گەر ($V^{-1}$) بڕوانە نموونەکانی (٢١)

٢٤) مووچەخۆر، گەنەخۆر، مشەخۆر، ....

٢٥) نانکەر، یاریکەر، کرێکار، خزمەتکار، .....

٢٦) ئاسنگەر، مسگەر، شیرگەر، ....

٢٧) بینەر، بیسەر، نووسەر، خوێنەر، ...




هێڵکاریی(٢٣)

دەرئەنجامی نموونەکانی (٢٤- ٢٧) ئەوە دەردەخات، کە کردارەکانی زمانی کوردیی دوو دەروازەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییان هەیە، بڕوانە هێڵکاریی (٢٤)و بشڕوانە ,Lam, Shi-Ching Olivia ) (2008,8 هەروەها بەڵگەکان ئەوە بەدەستەوە دەدەن، کە لە زمانی کوردییدا تەنها بە پرۆسەی هەڵگواستن تەرزە مۆرفۆلۆژییەکان بەرهەم بهێنرێن، چونکە پرۆسەکان بە ($X^{-1}$) بەرهەمدەهێنرێن. بڕوانە هێڵکاری ژمارە(٢٤):



| | |
|---|---|
| + دۆخدەر | – دۆخدەر |
| + دەسەڵاتە | – ڕۆڵ |
| + پارامێتەر | +/– پارامێتەر |

هێڵكاریی(٢٤)

بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتر بڕوانە نموونەكان ( ٢٨– ا، ب، پ) :

**ا. من تۆ دەناسم .**

ئەگەر سەیری كردارەكە بكەین كە (ناس)ە، كردارەكەمان ($V^0$) دۆخی ڕێزمانیی و دەسەڵاتی هەیە، (ناس)ەكە دۆخی داوە بە (تۆ) كە (دۆخی گوزەتیڤی )یە.

**ب. (ناسنامە، ڕۆژنامە، هەفتانامە، پەیمان نامە ...)،**

ئەگەر دووبارە سەیری كرداری(ناسنامە)كە بكەین كە (ناس)ە، لەم نموونەیدا بووە بە($V^{-1}$)، بووە بەكردارێكی بێ دەسەڵات توانای نەماوە و دۆخی نەماوە، تەنیا یەک دەسەڵاتی هەیە، ئەویش (هەڵبژاردنە) تەنها توانای دروستنەكەی ماوە. كردارەكە كەبوو بە($V^{-1}$)، كەواتە ئەبێت بەكردارێكی مۆرفۆلۆژیی كە (ناس)ە، لەگەڵ (نامە) بەیەكەوە ئەبێ بە ($V^0$) ئەچێتە ناو سینتاكس كەواتە دەروازەكەی گۆڕا، (نامە) كە حوكمی (ناس)ەكە دەكات، كەئەمیش وایكردووە كردارەكەی لەكارخستووە، ئەتوانین ناوی بنێن لە (كردارخستن/كردارخراو) ببێ بە (كرداری مۆرفۆلۆژیی).

**پ. (بینەر، بیسەر، نووسەر، خوێنە، دەنگدەر ...)**

بڕوانینە هەریەک لەم كردارانە، دەبینین دوو دەروازەیان هەیە، یەكێكیان سینتاكسیی و ئەوتریان مۆرفۆلۆژیی، هەرچەندە لەڕووی فۆرمەوە وەكو یەكن یاخود هەمان شتن، بەڵام بە دوو پێكهاتەی جیاواز. بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتر بڕوانە هێڵكاری ژمارە(٢٥).




هێڵکاریی(٢٥)

لەم هێڵکارییەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە کردارەکە دوو نواندنی هەیە کە یەکێکیان سینتاکسییە، کە (بین)ەکە حوکم دەکات و زاڵە لەسەر (ەر)، بەمەش دەبێتە ($V^0$)، ئەوتریشیان مۆرفۆلۆژییە، بەپێچەوانەوە (ەر)ەکە حوکمی (بین)ەکە دەکات زاڵە، ئەمەش وادەکات پێی بوترێت کردارێکی مۆرفۆلۆژیی.

# بەشی سێیەم

# گۆڕانی دەروازە مۆرفۆلۆژییەکان

## ٣/١) گۆڕانە مۆرفۆلۆژییەکان

گۆڕانە مۆرفۆلۆژییەکان لە ڕێگای پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانەوە دروست دەبن. وەک لەبەشەکانی تردا ئاماژەیی پێدرا، مۆرفۆلۆژیی کەرەستە و پرۆسەیە، کەرەستەکان بەپێی ڕکێف و جڵەوی خۆیان لە فەرهەنگەوە بۆ ناو پێکهاتەی ڕێزمان دەگوێزرێتەوە، بەوەش ڕێزمان بۆ نواندنی زانیارییەکانی ناو فەرهەنگ دەبێت .

ئەوەش بەجۆرێکە کە کەرەستەکانی ناو فەرهەنگ بەتایبەتی ئەو کەرەستانەی کەرەستەی مۆرفۆلۆژیین، زانیارییەکانیان بۆ دروستکردنی فۆرمی مۆرفۆلۆژیی تێدا هەڵگیراوە، بەڵام خۆیان لەناو فەرهەنگدا تاک و تەنیان و نەبوون بەکەرەستەی مۆرفۆلۆژیی یان فۆرمێکی مۆرفۆلۆژیی، چونکە فۆرمی مۆرفۆلۆژیی لە فەرهەنگدا نییە، کەرەستەی خاوی مۆرفۆلۆژیی بە دەروازە مۆرفۆلۆژییەکانەوە لە فەرهەنگدا هەن. لەو ڕاوانگەیەشەوە، لەبەشی دووەمدا کەرەستە سەربەخۆ و بەندەکانی ناو مۆرفۆلۆژیی جیاکراونەتەوە، کە هەر ئەو کەرەستانە لە مۆرفۆلۆژییدا دیوی دەرەوەیان کە دیوێکی ناسادەییە دەنوێنرێت، نواندنەکەش کە نواندنێکی مۆرفۆلۆژییانە ناوەخنێکی تری سینتاکسیی و پراگماتیکیی و ئیدیەمیی ئەو توخمانەمان پێدەڵێت، ئەمەش بەواتای ئەوە دێت مۆرفۆلۆژیی جگە لە دروستکردنی فۆرمی نوێ، کە ڕەهەندێکی دروستەیی هەیە لە فۆرمە نوێکەشەوە، دەروازەی فەرهەنگی / زانیاریی توخمە بەرهەم هاتووە، کە گۆڕانی بەسەردا دێت. واتە وەک چۆن توخمێکی مۆرفۆلۆژیی جا ئەگەر ($X$ , $X^{-1}$) بێت، لە بەرهەمهێنانی فۆرمێکی مۆرفۆلۆژییدا زاڵ دەبن هەر ئاواش زاڵیەتی فۆرمە دروستبووە، کە لە قسینتاکس و فۆنۆلۆژیی و پراگماتیک و ئیدیەمیش دەبێت، بەڵام پەیوەست بەفۆنۆلۆژییەوە گۆڕانێکی فۆنۆلۆژییانە لە گۆڕانە مۆرفۆلۆژییەکەدا دروست بووە و لێکەوتەیەکی فۆنۆلۆژیی ناکەرتی هاتۆتە کایە و ئەویش ئەوەیە کە ستریس لەسەر ڤاوڵی وشەی (جوان)ەوە، گۆڕاوە بۆ ڤاوڵی کۆتایی وشەی (جوان). ئەویش بەو پێیەی پێڕەوی ستریس/هێز لە وشەفەرهەنگییەکەدا کۆتاییە، بۆیە لە گۆڕینی مۆرفۆلۆژییانەی فۆرمێکدا هێز پەیوەست بە تەرزە فەرهەنگییەکە، هەر دەچێتەوە کۆتایی. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش بڕوانە نواندنەکەی لە نموونەی ژمارە(٢٩):

| ٢٩) توخمە فەرهەنگییەکە | فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکە | گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکە |
|---|---|---|
| جوان | جوانی | جوانی |

## ١-٣/١) گۆڕانی مۆرفۆلۆژیی _ فۆنۆلۆژیی

پێڕەوی فۆنۆلۆژیی هەر زمانێک، پەسنکردنی پێڕەوی دەنگەکان و تەرزی دەنگەکان (چەشن و جۆرەکانی خستنە تەکیەکەکان)ەوە، پەیوەست بە پەیڕەوکردنی ژمارەیەک دەستوور و یاسای دیاریکراوەوە لە پێکەوە ڕوودانی کاردەکات، کە ڕێگە بە دروستیی یەکگرتنی کەرەستە فۆنۆلۆژییەکانی وەک فۆنیم و بڕگەکان دەدات و پەیوەندییە دەنگییەکانی نێوانیشیان ڕێکدەخات، هەر وەک لە باریی هاتن و پێکەوە گونجانی فۆنیمەکان لەگەڵ یەکدا، یاخود ڕێگەگرتن لە پێکەوە ڕوودانی دوو دەنگی ڤاوڵ لە هەمان مەودای فۆنۆلۆژییدا، پەیوەست بەمەوە، گەر بۆ دیاریکردن و گەیشتن بە کەرەستە پێکهێنەرەکانی وشە بە ڕێبازی دروستەکارەکان کاربکەین، ئەوا دروستەی هەر فۆڕمە وشەیەک لە فەرهەنگدا، لە خستنە تەکیەکی فۆنیمەکان بۆ دروستکردنی بڕگە و دواتریش بڕگەکان بۆ دروستکردنی مۆرفیم و وشە پێکدێت، خستنە تەکیەکیشیان، سروشت و توانای کەرەستەکان بۆ پێکهێنانی یەکەی گەورەتر نیشاندەدات. هەموو ئەو کەرەستە فۆنۆلۆژییانەش لە فەرهەنگدا خاوەنی زانیاریی تایبەت بە خۆیانن، بۆ نموونە زانیاریی فۆنۆلۆژیی سەبارەت بە ڕیزبوونی فۆنیمەکان بۆ دروستکردنی بڕگە، لە ناو خودی فۆنیمەکاندا هەڵگیراوە، زانیارییەکانیش بریتین لە نیشانە فۆنۆلۆژییەکان / جیاکەرەوەکان، چەپکە نیشانەکان، دوا جاریش هەموو ئەم زانیارییانە، دەبن بە ڕێساو پەیڕەوکردنیشیان دەبێتە مەرجی ناسینەوەی فۆڕمی دروست و نادروست لای ئاخێوەرانی زمان، بە پێیەی نواندنی فۆنۆلۆژیی پەسنی دروستەی ئەو دەنگە نادیارانەی وشەکان دەکات، کە لە یادگەدا گەنجکراون، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان، زانیاریی بنەڕەتیی و هەڵگیراوی نێو فەرهەنگیی ئاوەزیی تاکن. (سەعید، ٢٠٢٠، ٣٣-٣٤)، جگە لەمانە چەند کەرەستەیەکی دەنگییمان هەیە، کە زۆر گرنگن لە زماندا، بە لام لە نووسینی ئاساییدا هیچ نیشانەیەکیان بۆ نییە. بۆ نموونە: هێز (stress)، ئاشکرایە هێز لە ڕووی ئۆرگانییەوە گوزارشت لە ڕادەی ئەو قورساییە دەکات، کە دەکەوێتە سەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی وشە، ئەو بڕگەیەی هێزی لە سەرە قسەکەر بە شێوەیەکی جیاوازتر لە بڕگەکانی تر لە گوتندا دەردەبڕێت.(غەریب، مەعرووف، ٢٠١٢، ٦٠ )، یاخود وزەیەکی زیاترە (بە گوێرەی بەشەکانی تر) دەخرێتە سەر یەکێ لە بڕگەکانی وشە یا دەستەواژە. بۆ نموونە لە وشەی [زارا] دا هێز کەوتۆتە سەر دوا بڕگە، لە وشەی [چونکە] هێز کەوتۆتە سەر بڕگەی یەکەم، لە وشەی [نوستن] دا هێز کۆتاییە، کەچیی گەر مەبەست لێی (ئەوان نوستن) بێت ئەوا هێزەکە دەکەوێتە سەر بڕگەی سەرەتا. هەروەک چۆن فۆنیمەکەرتییەکان دیو و نواندنی فەرهەنگیی و ڕێزمانییان هەیە،

هەر ئاواش فۆنیمە ناکەرتییەکان لە نێوان فەرهەنگ و ڕێزماندا دابەشبوون (مەحویی، ٢٠١٦، ١٤٦). بەڵگە و لێکۆڵینەوەکان ئەوە بەدەستەوە دەدەن، کە فۆنیمە کەرتیی و ناکەرتییەکان نواندنی فەرهەنگییان

هەیە، بەوەش لە بەرێزمانبوونیاندا/ لە بەمۆرفۆلۆژییبوونیاندا پێشبینیی گۆڕانی مۆدێلی فۆنۆلۆژییان دەکرێت. بەو پێیەی ئەو نوێوەندگیرییەی نێوان فۆنۆلۆژیی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی بە مۆرفۆفۆنۆلۆژیی ناوبراوە:

https://books.google.com/books/about/Morphological_Representations_in_Lexical.html?hl=ar&id=-d1czgEACAAJ

مۆرفۆفۆنۆلۆژیی پەیوەندیی نێوان فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژییە، ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆژییانەیە کە لە ئەنجامی گۆڕانی فۆڕمێکە لە فەرهەنگەوە بۆ فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژیی دروست دەبن، کە لایەنە کەرتیەکەی دەگرێتەوە، ئەو کاتە کەرتکردنە فەرهەنگییەکەی وەک کەرتکردنەکەی مۆرفۆلۆژییەکەی یەک ناگرنەوە، بەوەش دەروازەی فۆنۆلۆژیی وشەیەکی فەرهەنگیی وەکو دەروازەی فۆنۆلۆژیی وشەیەکی مۆرفۆلۆژیی وەک یەک نابن لە ڕووی کەرتکردنەوە. (مەعرووف، کۆنفراسی زانکۆی گەرمیان)

زمان دەزگایەکە سەرتاپا و لە هەموو یەکەکانیدا یەکێتی و پەیوەندییەکی بەهێز و پتەو لە نێوانیاندا هەیە و هەموویان پێکەوە لە ناو دەزگای زماندا بە پێی یاسا و سیستەم کاردەکەن. زمان پێڕەوە، ئەم پێڕەوە بۆ خۆی لە پێڕەوی بچووکتر پێکهاتووە و تۆڕێکە لە پەیوەندی کە پێکەوە پێڕەوێکیان پێکهێناوە. مەبەست ئەوەیە کە ئاستە پێکهێنەرەکانی زمان پێڕەوێکی دابڕاو بەیەکتر نامۆ نین، بەڵکو بە شێوەیەکی چڕ و تێکچڕژاو لە پەیوەندیدان و پێڕەوە گەورەکەیان پێکهێناوە، کە زمانە، واتە لە زماندا بەشێک یان لقێک نییە لەگەڵ لقەکانی تریدا لە پەیوەندیدا نەبێت. کەواتە ئاستەکانی زمان بەیەکەوە سیستەمی زمان پێکدەهێنن و بە گۆڕانی هەر ئاستێک سیستمی گشتی زمان دەگۆڕێت، بۆیە هەندێک لە زمانەوانان پێیان وایە، کە زمان لە بنچینەدا ئاستی نییە، بەڵکو جەستەیەکی چووەناویەک و تێکچڕژاوە، چونکە زۆرجار پێڕەوی دەنگیی بنەمایە بۆ ئاستی مۆرفۆلۆژیی و ئاستی مۆرفۆلۆژییش بنەمایە بۆ سینتاکسیی ، هەر بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی کە لە نێوان ئاستەکانی زماندا هەیە، ئاستەکان کار لە یەک دەکەن و چەندین ئاست / لقێکی نوێ دەهێنە ناو لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانەوە، بۆ نموونە لە ئەنجامی تێکەڵکردن و تێکچڕژانی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی لە ڕێگەی دانە و یەکە زمانییەکانیان ( وشە و مۆرفیم و ئەلۆمۆرف و مۆرف و فۆنیم و ئەلۆفۆن، فۆن )، کە بە جێگۆڕکێی مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی ناودەبرێت، ئاستی مۆرفۆفۆنیمیی لێدەکەوێتەوە، مۆرفۆفۆنیم وەک ئاستێکی زمانەوانیی لە ئەنجامی کارلێکی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژییەوە هاتۆتەئاراوە. بڕوانە (حەمید، ئەو سەرچاوانەی کە لەوێ هاتوون، ٢٠١٥، ٥-٧)، کەواتە مۆرفۆفۆنۆلۆژیی کارلێکی دروستبوونی وشە لەگەڵ دەنگدا، کەواتە سیستەمی زمان، یەکێکە لەو بوارانەی کە بە چڕی لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە لە هەردوو بواری مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی، کە بارودۆخی ئاڵۆزە، وشە پشت بە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییەکەی دەبەستێت. کارە بنەڕەتییە سەرەتاییەکان لە زمانی فەرهەنگدا فۆنۆلۆژیی پێداگری دەکات بە لکاندنی مۆرفیمێک بە وشەیەکەوە چالاک دەبێت، یاسا فۆنۆلۆژییەکان

بەستراونەتەوە بە پرۆسەکانی دروستکردنی وشەی مۆرفۆلۆژییەوە، تیۆری فۆنۆلۆژییای وشەیی پەیوەندی بە پەیوەندی نێوان پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و ئەو کارە فۆنۆلۆژییانەی کە کاریگەرییان لەسەر بزوێن یان نەبزوێن یان شێوازی فشار تا ئەو شوێنەی کە وشەکان پەیوەندییان بە بەرهەمهێنانەوە هەیە، زانیاریی فۆنۆلۆژیی، سینتاکسیی، واتاسازیی، مۆرفۆلۆژیی، هەموو ئەو جۆرە زانیارییە جیاوازەن لە فەرهەنگەکەدان بەو پێیەی کە پەیوەندییان بە بەکارهێنانی واتاسازیی، سینتاکسەوە هەیە، پەیوەندی نێوان مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی جیاوازی دەکات لە ئاستی شیکاری، کە زانیاریی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی لە خۆ دەگرێت، لەگەڵ زانیاریی فۆنۆلۆژییدا جێگیرکراوە. وابەستەی مۆرفۆلۆژیی بە وشەکان سنووردارە بە یاساکانی بەکارهێنان کە ئاستەکانی جێبەجێکردنی یاسا دروست دەکەن دروستەیی و واتایی هەبێت.

https://books.google.com/books/about/Morphological_Representations_in_Lexical.html?hl=ar&id=-d1czgEACAAJ

هەر وەک پێشتر لە پاری(٣/١-١) هەرچەندە مۆرفۆلۆژیی خۆی لە ناو فەرهەنگدا یەکێکە لە دەروازەکانی پۆلەڕەگەزەکان و کەرەستەکانی واتا یەکێکە لە زانیارییەکان و پێشبینی دەکرێت ئاخێوەری زمان لە ناو کەر ەستەکاندا زانیاریی مۆرفۆلۆژییانەش وەک دەروازەیەک بزانن یان بە ئاگا بن لێی، بەڵام خودی مۆرفۆلۆژیی وەک هەموو پێکهاتەکانی تر بە سەربەخۆیی دەروازەیی خۆی هەیە واتە، چۆن لە (X)ێکدا، دەروازەی لە ناو فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتایی هەیە، لە ناو خودی مۆرفۆلۆژییدا بۆ توخمەکان پەیوەست بە مۆرفۆلۆژییەوە دەروازەی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتایشیی هەیە، ئەمەش سەربەخۆیی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی دەسەلمێنێت و وا دەرناکەوێت مۆرفۆلۆژیی وەچەی پێکهاتەیەکی تر بێت، بەڵکو پێکهاتەیە و ئاخێوەری زمانیش توانستی مۆرفۆلۆژییانەی هەیە. فۆنۆلۆژیی لە مۆرفۆلۆژییدا لایەنە کەرتی و ناکەرتی هەیە، لایەنە کەرتیەکەی نواندنی فۆنیمەکانە لە ناو فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژییدا، کە ئەوەش بنەمایەکی مۆرفۆفۆنۆلۆژیی هەیە. واتە فۆنیمێک خۆی لە فەرهەنگدا چۆنە پاشان بە پێی یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆژییەکان لە وشەیەکی مۆرفۆلۆژییدا چی بەسەر دێت، ئەو کاتە لە ڕووی کەرتییەوە فۆڕمە نوێیەکە وەک فۆڕمێکی بە وشەبوونی مۆرفۆلۆژییانە لێدێت، کە ئەویش لە نێوان فۆنۆلۆژیی کەرتی ناو فەرهەنگ و فۆنۆلۆژیی کەرتی ناو مۆرفۆلۆژیی، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە نواندنەکەی لە نموونەی ژمارە(٣٠- ا، ب، پ)دا:

٣٠) ا. /دەستگیران/ ⟵ [ دەزگیران ]

ب. /دەستگا/ ⟵ [دەزگا ]

پ. /پشتدەر/ ⟵ [ پژدەر]

وەک لە نموونەکاندا دەردەکەوێت، نواندنە فەرهەنگییەکەی فۆنێمی / س/ لە توخمە یەک لێکسێمیی< دەست > بەرجەستە کراوە، وشەکە ڕەسەنێتیی فۆنێمەکەی پاراستووە، بەڵام وەک لە پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکەدا دەرکەوتووە، فۆنێمەکە بە نواندنە مۆرفۆلۆژییەکەوە دەرکەوتووە و پێواژۆیەکی مۆرفۆفۆنۆلۆژیی بەرهەمیهێناوە، کە / ز/ە. واتا / ز / نیشانەکردنی مۆرفۆلۆژییانەی / س /ە. کە ئەگەر چیی بە پێواژۆیەکی فۆنۆلۆژیی گۆڕاوە، بەڵام [ز] فۆنەو بووەتە فۆڕمێکی فۆنەتیکیی فۆنێمی / س /. بە واتایەکی تر مۆرفۆلۆژیی لەم بارەدا ئەرشیفی فۆڕمی فەرهەنگیی / دەست /ی نەکردووە، چونکە فۆنەتیکییانە [ دەز] لە فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکەدا دەربڕاوە. مۆرفۆفۆنۆلۆژیی پەیوەندییەکی دوودیویی مۆرفۆلۆژیی وفۆنۆلۆژییە، ئەگەر چیی مۆرفۆلۆژییەکە بۆ دروستکردنی فۆڕمی نوێ بە واتای نوێوە بۆ فەرهەنگ دەگەڕێتەوە، بەڵام مەرج نییە فۆنۆلۆژیی کەرتی / فۆنێمیی بە بازنەیی ( cyclical)بۆ فەرهەنگ بگەڕێتەوە. cyclical : واتا ئەو ئەنجامەی لە بەڕێزمانبوونی فۆنۆلۆژییدا بەدەست دێنن. (مەعرووف، کۆنفراسی زانکۆی گەرمیان)

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا پەیوەندییەکی هاوبەش لە نێوان ئاستی فۆنۆلۆژیی و ئاستی مۆرفۆلۆژییدا هەیە، چونکە زۆر مۆرفێمان هەن، بەهۆی لێکدانیانەوە شێوەیان دەگۆڕێت. لە ئەنجامی فۆڕم گۆڕینی مۆرفۆلۆژیی مۆدێلی برگە و دابەشبوونی برگە دەگۆڕێت، بۆیە گۆڕانەکە سەرەتا لە مۆرفۆلۆژییدایە پاشان سنووری فۆنۆلۆژیی دەگرێتەوە. یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆژییەکان خۆیان بە لێکۆڵینەوە لە گۆڕانی مۆرفێمەکان لە ژینگەی جیاوازی دەنگیدا خەریکدەکەن. لە کاتی جێبەجێکردنی یاسا مۆفۆلۆژییەکاندا، یاسا فۆنۆلۆژییەکان بە یەکگرتوویی بەشداردەبن لە داڕشتە و پرۆسەی یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆژییەکاندا.

لەگەڵ ئەمانەشدا لە دروستکردنی هەندێک وشەی نوێ و لێکدانی مۆرفێمەکان و گۆڕان و یاسا فۆنۆلۆژییەکان، کە ڕوودەدەن بە هاوبەشی لە نێوان ئەم دوو ئاستەدان. پەیوەندیی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی لە ئەنجامی ئەرک بینینی مۆرفێمەکاندایە، لە ڕووی بەکارهێنانەوە مۆرفێمەکان دەکەونە پاڵ یەکترەوە، هەر یەک لە یەکەکانی ئاستی مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی بناغەی دروستکردنی پێوەندی نێوانیان پێکدەهێنن. (ساڵح، ٢٠١٥، ٥٢-٥٣) لە ئەنجامی کارتێکردنیان لەگەڵ یەکتردا و بەهۆی کاریگەریی دەنگیی دەوروبەریانەوە شێوەی مۆرفێمەکان دەگۆڕدرێن.

لایەنە کەرتیەکە لە ئەنجامی گۆڕانە فۆنێمەکانەوە بەرهەمدێت، بۆ نموونە بڕوانە نموونەی ژمارە(٨)، کە گۆڕینی دەنگەکانی /س/ بۆ /ز/، /ش/ بۆ /ژ/ دەردەخات

وەک ئاماژەی بۆکرا، لایەنە ناکەرتییەکەش فۆنیمە ناکەرتییەکان دەگرێتەوە، کە بریتین: لە هێز و ئاوازو وەستان، کە دێنە سەر وشە و ڕستە، واتاکانیان دەگۆڕن(ئەحمەد، ٢٠١٠، ١١). بەڵام لە چێوەی ئەم توێژینەوەیەدا هەر یەک لەو فۆنیمە ناکەرتییە بە ڕێزمانبوونەوە دەبەسترێتەوە نەک واتاگۆڕیین. وەک لەبەشی دووەمدا ئاماژەی بۆکرا هێزی فەرهەنگیی بەشێکی تەرزی فۆنۆلۆژیی وشەفەرهەنگییەکانە/یەک لێکسیمەکانە، کە ئەویش هێز کۆتاییە و ئەوەش وەک مەرجێکی فەرهەنگیی بوون و بەلێکسیمبوون هەژمارکرا، بۆیە هەمان مەرجیش بۆ بەلێکسیمبوونی گۆڕاوێکی مۆرفۆلۆژیی، جا چ هەڵگوێزراو بێت یان لێکدراو، بۆ نموونەی کەرتیی و ناکەرتیی بڕوانە جێبەجێکردنی < زیرەک زیرەکی>و < دەست ———— دەزگا> لە خشتەی نموونەی ژمارە(٣١).

| فەرهەنگ | مۆرفۆلۆژیی |
|---|---|
| کەرتیی: س ——← دەست ———— | ——← دەزگا |
| ناکەرتیی: جوان (هێزکۆتایی) ———— | ——← جوانیی (هێزکۆتایی) |

## ٢-٣/١) گۆڕانی مۆرفۆلۆژیی _ واتایی

زمان بەردەوام لە گۆڕاندایە، وشەش یەکەم بەشە لە زمان کە دەکەوێتە نێو پرۆسەی گۆڕانکارییەوە، بۆیە زمانەوانان بە شێوەیەکی شیاو دەتوانن لە گۆڕانکاری واتایی وشە بۆ وشەڕۆنان کەڵک وەربگرن، (عەبدولڕەحیم، ٢٠١٤ ، ١٦ )، یەکێک لەو دەروازانەی کە لە فەرهەنگدا لە ناو توخمەکاندا هەڵگیراوە دەروازەی واتاییە. دەروازەی واتایی هەرچەندە خۆی سەربەخۆیانە لە ناو فەرهەنگدا بۆ کۆیی کەرەستە فەرهەنگییەکانی جیا دەکرێتەوە، بەڵام هەر یەکێک لە پێکهاتەکانی پەیوەست بە واتاوە دەروازەی تایبەت بە خۆیان هەیە. واتا دەروازەی واتایی لە مۆڕفیمەکانەوە دەست پێدەکات، ئەگەر چی فۆنیم لە گۆڕینی واتادا ڕۆڵی بەر چاوی هەیە، بەڵام لە بەر ئەوەی فۆنیم بچووکترین دانەی بێ واتایی زمانە، بۆیە لە سنووری ئەم توێژینەوەدا دەروازەی واتایی فۆنیمەکان ڕەچاو ناکرێت. لەو ڕوانگەشەوە لە مۆڕفیمەکان دەست پێدەکرێن. مۆڕفیمەکان بە پێی ئەو هێڵکارەی ژمارە (٧ لە بەشی دووەمدا) ئاماژەیی پێدرا بەندو سەربەخۆیان هەیە، هەر یەکە لە بەند و سەربەخۆکان خاوەنی دەروازەی واتایی خۆیانن و بە پێی نیشانەکانیان لە یەکتری جیا دەکرێنەوە، دەشێت یەک مۆڕفیم خاوەنی کۆمەڵێ چەپکی نیشانەی واتایی بێت، لە مۆرفۆلۆژییەکاندا ئەو نیشانانە بەرجەستە بکرێت، بۆیە لە ڕووی سیمانتیکییەوە یان لە ڕووی واتاوە مۆڕفیمەکان لە ڕووی واتاییەوە گشتییەتی

دەنوێنن، چونکە هەریەکەیان چەپکە نیشانەیان تێدا گەنجکراوە. بڕوانە نموونەکانی ژمارە(٣٢- ا، ب، پ، ت):

٣٢) ا. / - ستان /

+شوێن
+ڕووبەری فراوان

ب. /- ەکە/

+ناسراو
+ژمارە/تاک
+دیاریکردن

پ. / - پیاو /

+مرۆڤ
+نێر
+هەراش
+ژنهێنان

ت./ - پیاوانە /

+مەرد
+ئازایەتی
+جوامێری

ئەگەرچی مۆرفۆلۆژیی لە دروستەی ناوەوەی وشە دەکۆڵێتەوە، بەڵام دەبێت لە هەر گۆڕانێکی مۆرفۆلۆژییانەدا پێشبینی گۆڕینی واتاش بکرێت. ئەویش بەو پێیەی مۆرفۆلۆژیی فۆڕمی نوێیە بۆ واتای نوێ بەرهەمدەهێنرێت. توخمە فەرهەنگییەکان، کە یەک لێکسیمەکان دەگرێتەوە، بە زانیاریی ڕێزمانییەوە هەڵگیراوە، هەر وەک چۆن لە پارەکانی پێشترە گریمانەی ئەوە کرا، کە هەموو گۆڕانێکی

فەرهەنگیی بەرەو ڕێزمانیی گۆڕانی زانیارییەکانی پەیوەست بە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی لێدەکەوێتەوە. دەبێت ئەو گۆڕانە بچێتە سنووری واتاشەوە، ئەگەر زانیارییەکانی ناو توخمێکی فەرهەنگیی هاوشێوەی زانیارییەکانی ناو توخمە گۆڕاوەکە بن، ئەوا بە ڕێزمانبوونی توخمەکە جا چ لە مۆرفۆلۆژییە بێت یان سینتاکسدا نرخ و بەهایەکی ئەوتۆی نابێت. بۆیە دەبێت لە هەر گۆڕانێکی نێو فەرهەنگیی ڕێزمانیدا پێشبینی گۆڕانی زانیارییەکان بکرێت، ئەمەی لەم پارەدا شیدەکرێتەوە ئەو گۆڕانە واتاییە، کە لە ئەنجامی گۆڕینی فۆڕمێکی فەرهەنگیی بۆ فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژییدا دێتە کایەوە، چونکە بەشێکی گرنگ لە بەهای گۆڕانی توخمێکی فەرهەنگیی بۆ مۆرفۆلۆژیی گۆڕانی واتاکەییەتی، گەر وا نەبێ بەرهەمهێنراوە مۆرفۆلۆژییەکە بەهایەکی زمانی ئەوتۆی نابێت. بەوەش ئاستی فەرهەنگیی و ئاستی مۆرفۆلۆژیی لە نواندنی واتادا دەبێت لە یەک جیا بن، لە ئاستی فەرهەنگییدا وشە سادەکان هەن، بەڵام لە گۆڕینیان بۆ ئاستی مۆرفۆلۆژییدا واتاییەکی ناو مۆرفۆلۆژیی بەرهەمدەهێنن، بە جۆرێک وەک وترا نابێت واتایی ئاستی فەرهەنگیی وەک واتایی ئاستی مۆرفۆلۆژیی بێت، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٢٦) و(٢٧):




هێڵکاریی(٢٧) هێڵکاریی(٢٦)

هێڵکارییەکانی سەرەوە ئەوە بە دەستەوە ئەدەن، کە ئەو واتاییەی لە گرێیەکانی سەرەوەدا هەن، ئەگەر چی لە بەشێکی واتاکانی خوارەوەوە هاتوون، بەڵام واتاکانی سەرەوە واتایی ناو مۆرفۆلۆژیین و بەرهەمهاتویەکی نوێی مۆرفۆلۆژیی و واتایشە. پەیوەست بە سنووری واتای بەرهەمهاتووەکەی ناو مۆرفۆلۆژییەوە دەبێت، ئەوە بزانرێت، کە وەک لە پارەکانی پێشوودا ئاماژەی پێدرا (X) ەکان ڕکێفی دروستەیی وواتاییان هەیە. واتە لە هێڵکارییەکەدا واتای (X) ەکان بەشدارییان لە واتاکانی سەرەوەدا کردووە. بۆ نموونە: وشەیەکی وەکو <بەفرماڵ> لە ئاستە فەرهەنگییەکەیدا <بەفر> و <ماڵ> هەیە، بەڵام لە واتای سەرەوەدا <ماڵ> وشەیەکی لە ڕووی فۆڕم و واتایشەوە بەرهەمهێناوە، چونکە (ا)پرۆسەکە بۆ ماڵینە. (ب) واتای ئامێر چۆتە سەرەوەی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکە، بۆ نموونە: <مێروولە>، کە وشەیەکی ناسادەی هەڵگوێزراوە لە ئاستە فەرهەنگییەکەیدا <مێروو> و / -لە / هەن، بەڵام لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا بۆتە <مێروولە>، کە ئەویش (ا) واتای ($X^{-1}$)، کە بۆ

بچووککردنەوە زاڵ بووە بەسەر بەرهەمهاتووە مۆرفۆلۆژییەکەدا. (ب) لە ئاستە مۆرفۆلۆژییەکەدا وشە مۆرفۆلۆژییەکە بە واتای مێروولەیەکی تر دێت. واتا وەک چۆن لە <بەفرماڵ> دا <ماڵ> و <بەفر> خۆیان لە فەرهەنگدا بە واتایی خۆیانەوە هەڵگیراون، کە ئەبێ بە < بەفرماڵ > بە واتاییەکی مۆرفۆلۆژییەوە هەڵدەگیرێت. هەمان ڕوونکردنەوەش بۆ <مێروولە> ڕاست دەردەچێت، چونکە <مێروولە> وەک جۆرێک لە مێروو دەچێتەوە ناو فەرهەنگ، بەوەش جگە لە گۆڕینی فۆڕم لە مۆرفۆلۆژییدا، واتای هەر یەکەشیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. داتاکان لە فەرهەنگدا لە شێوەی فۆڕمی نەشکاوە هەڵگیراون، واتە هەر زانیارییەکی مۆرفۆلۆژیی یان سنتاکسیی یان واتایی هەبێت، ئەوا لە ناوەخنی ئەو داتایانەدا هەڵگیراون/ خەزنکراون. (مەعرووف، ٢٠٢٠، ١٦٧) لێرەوە دەتوانین بڵێین مۆرفۆلۆژیی وەک پێکهاتەیەکی ڕێزمان لایەنێکی تری زانیارییە واتاییە فەرهەنگییەکانە ئەوەش بەو پێیەی (X) ەکان، جا چ مۆڕفیمی بەندی هەڵگواستن بن یان مۆڕفێمی سەربەخۆی فەرهەنگیی بن. جڵەوی فۆڕم دروستکردنی مۆرفۆلۆژیی واتای مۆرفۆلۆژییانەی دەکەوێتە ئەستۆ، هەر یەکێک لە (X)ەکان بە تایبەت مۆڕفێمی سەربەخۆکان لێکسێمن. (عەزیز، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان)، ئاشکرایە، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان مۆرفۆلۆژیی وفەرهەنگ لەلایەک و لەگەڵ واتاش لەلایەکی ترەوە هەیە، چونکە ڕۆڵی سەرەکی فەرهەنگ ئەوەیە، کە واتای وشەکان ڕیزبکات. .(محمد، ٢٠١٩، ٢٨) ئەمەش لەبەر ئەوەی هەمیشە پەیوەندیتیی نێوان وشەیەک و واتاکەی هەڕەمەکییە.واتە هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی کەوشەیەک ئەو واتایە تایبەتییە بگەیەنێت کەهەیەتی.

## ٣-٣/١) گۆڕانی مۆرفۆلۆژیی _ سینتاکسیی

دەروازەی سینتاکسیی هەموو ئەو زانیارییانەیە کە پەیوەست بە دروستە و ئەرکی سینتاکسیی لەناو توخمێکدا هەیە، چونکە لە ڕاستیدا سینتاکس دروستە و ئەرکە بەجۆرێک هەم دروستە و هەم ئەرکییش بەشێکە لە زانیارییەکانی ناو توخمە سینتاکسییەکان، چونکە لەناو توخمێکدا ($X^0$) دا هەموو زانیارییەکان پەیوەست بەسینتاکس هەڵگیراون. لەڕووی دروستەوە ($X^0$ )ەکان بەرهەمهێنەری توخمی سینتاکسییی (فرێز و ڕستە) بەجۆرێک ڕاستە توخمەکە لە فەرهەنگدا بەتەنیا هەڵگیراوە، بەڵام کە دێتە ناو سینتاکسەوە دەبێتە فۆڕمێکی سینتاکس  یی .

ڕوونکردنەوەکەی سەرەوە پەیوەست بە دروستەوە بەمانەی ئەوە دێت. وەک چۆن مۆرفۆلۆژیی دیوی دەرەوەی توخمێکی فەرهەنگیی بوو. ئاواش سینتاکس نیشاندانی دیوی دەرەوەی توخمێکی فەرهەنگییە، چونکە بۆ نموونە هەریەک لە (پێشناو، ئاوەڵناو، کردار) توخمێکی تاک و تەنیایی فەرهەنگیین، بەڵام ئەو توخمە لەناو سینتاکسدا دەبن بەفرێزێکی سەر بە هەمان توخم، بەڵام لە

فەرهەنگدا تەنها (X) ێکن، بەڵام لە ناو سینتاکس دەبن بە (X , Y) ێک بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە بڕوانە نواندنەکانیان لە نموونەی ژمارە(٣٣- ا، ب)دا:

٣٣) ا.

| ا. | ب. |
| --- | --- |
| $X^0$ | $X^0$ +Y |
| P لە | لە شار |
| A جوان | گوڵی جوان |
| Vخوار / خۆ | سێو خوار |

جێبەجێکردنی نموونەی ژمارە (٣٣) بۆ نواندنی سینتاکس ئەو توخمانە بوون کە خۆیان یەک لێکسێمن یان نواندنیان هەیە، ئەوەش بەواتایی ئەوەی جاریٚ خۆیان لە فەرهەنگدان، بەڵام لێرەوە ڕۆڵی مۆرفۆلۆژیی لە بەرهەمهێنانی توخمێکی نوێوەوە دەخرێتەڕوو. دەمانەوێت ئەو دەروازەیە دەست نیشان بکەین کە لەئەنجامی گۆڕینی فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژییەوە پەیوەست بە سینتاکس و دەروازەی سینتاکس دەگۆڕێت، چونکە هەمیشە بانگەشەی ئەوە دەکریٚ، کە مۆرفۆلۆژیی گۆڕینی فۆڕمی نوێوەیە بۆ واتایی نویٚ، بەڵام لێرەوە پێشبینەکان بۆ گۆڕینی یان بۆ بەرهەمهێنانی دەروازەی سینتاکسیی نویٚ تاقیدەکەینەوە. بڕوانە نواندنی لە هێڵکاری ژمارە (٢٨)، کە دەبێت بە پێی ڕوونکردنەوەکەی سەرەوە، گۆڕینی فۆڕمێکی فەرهەنگیی بۆ فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژیی دەرئەنجامەکەی گۆڕانی ڕێزمانیی لێبکەوێتەوە.




هێڵکاریی(٢٨)

لە هێڵکارییەکەدا پەیوەست بە نیشانەی { + شوێنی نەتەوە } بە واتایی نوێوە، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە (کوردستان) بەرهەمهاتووەیەکی مۆرفۆلۆژییە، کە نیشانەی { + مرۆڤ + نەتەوە}ی هەبووە، بەڵام پەیوەست بە فۆنۆلۆژییەکەوە گۆڕانێکی فۆنۆلۆژییانە لە گۆڕانە مۆرفۆلۆژییەکەدا دروستبووە و لێکەوتەیەکی فۆنۆلۆژیی ناکەرتی هاتۆتە کایەوە، ئەوەیش ئەوەیە کە هێز لەسەر ڤاوڵی وشەی (کورد)ەوە، گۆڕاوە بۆ ڤاوڵی کۆتایی وشەی <کوردستان>

سەرباری گۆڕانە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و و سینتاکسیی و واتاییەکان بەرهەمهێنانی مۆرفۆلۆژییانەی فۆڕمی (کوردستان) وا دەکات ببێتە خاوەنی نیشانە و واتای شوێن، کە ئەمەش هەرچەندە هەردووکیان (کورد، کوردستان) ناونن و لەڕووی دروستەوە بەرهەمهێنەری فرێزی ناویین، بەڵام ئەرکی (کوردستان) دەتوانرێت ئەرکێکی (ئاوەڵکردار)یی ببینێت، لەکاتێکدا ( کورد) ناتوانێ ئەو ئەرکە (ئاوەڵکردارییە شوێنییە) ببینێت، بڕوانە ڕوونکردنەوەکانی نموونەی ژمارە( ٣٤- ا، ب)

٣٤)ا. کورد : ناوە ، دروستکەری فرێزی ناوییە، دۆخ وەرگرە، واتایی ئاوەڵکرداری تێدانییە.

ب. کوردستان : ناوە ، دروستکەری فرێزی ناوییە، دۆخ وەرگرە، واتایی ئاوەڵکرداری تێدایە .

نموونەی (٣٤) ئەوە دەردەخات، کە گۆڕینی مۆرفۆلۆژییانەی (کورد) بە (کوردستان) ڕەهەندێکی دروستەیی پەیوەست بە سینتاکسەوە بەرهەم نەهێناوە، بەڵکو ڕەهەندێکی ئەرکی هەبووە، چونکە دروستکردنی ئاوەڵکردار ئەرکی وشەکەیە نەک دروستەیی وشەکە. بڕوانە جێبەجێکردنی لە نموونەی ژمارە(٣٥- ا، ب)دا:

٣٥) ا. *من لە کورد دەژیم .

ب. من لە کوردستان دەژیم .

گۆڕانی مۆرفۆلۆژییانەی کردارەکان لە زمانی کوردییدا، هاوشێوەی ئەو گۆڕانانە مۆرفۆلۆژییانەی لە ناو و ئاوەڵناوەکاندا ڕوویاندا، دەبێتە هۆی دەروازەی زانیاریی کردارە نوێکە، ئەویش لەبەرئەوەی کردارە مۆرفۆلۆژییەکە، جگەلەوەی فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکەی دەگۆڕێت و فۆنۆلۆژییە ناکەرتیی و واتاکەیەکەی دەبێت بە هی کردارێکی نوێ. سەرباری ئەوانە دروستە و ئەرکی کردارە نوێکەش دەبێتە دەروازەیەکی نوێی سینتاکسیی. تاقیکردنەوەکان لەسەر کرداری <زانین>و <کردن> ئەنجامدەدرێن

بڕوانە جێبەجێکردنەکەی لە نموونەی ژمارە(٣٦- ا، ب، پ)دا :

٣٦) ا. زانین ـــــــــــــ> پێزانین، لێزانین

ب. کردن ـــــــــــ> لێکردن، پێکردن، تێکردن

پ. کردن ـــــــــــ> نانکردن، یاریکردن، شووکردن، ڕاکردن، .....

کرداری <زانین> بە پێی بنەمای کردارەکان لەو جۆرانەیە، کە بە پێی ناواخنە فەرهەنگییەکانی پێڕەو یاسای [N] + V دەکەن، کەچیی لە دەرکردە مۆرفۆلۆژییەکەیانەوە بنەما دروستەییەکەیان دەبێتە V+ [PP] بەوەش تەواوکەرەکانی لە {NP, DP, AP} ەوە دەبێتە {PP} ، بڕوانە نموونەکانی (ا)، هەروەها کرداری <کردن>، لە (ب)دا، ئەگەرچیی بە هەمان یاسای هەڵگواستن، لە پێشگرەکانی /پێ و تێ و لێ/ بەرهەم هاتوون، بەڵام لە دەرکردە مۆرفۆلۆژییەکەدا ڕێسای کردارەکە پەیوەست بە سینتاکس و دروستەوە دەبێتە $V^0$ + { N , PP} ، بەوەش لە پەیوەندییە فەرهانگییەکەدا تەواوکەرەکانی دەبنە دوان بڕوانە (٢). لە سەرێکی ترەوە هەمان کردار لە پرۆسەی لێکداندا زانیارییە دروستەییەکانی دەگۆڕێت و لە بنەما [V + N]ەوە کە تەواوکەری دەوێت، دەبێتە [+ V...]، کە تەواوکەری ناوێت، بڕوانە (٣). ئەگەرچیی کرداری فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا لەسەر دوو بنەمایی کردار لە زمانی مرۆڤدا، داڕێژراون، کە ئەوانیش [ V + N] ، [+ V...] ن، بەڵام وەک باسی لێوەکرا، مۆرفۆلۆژیی بە دروستەکانی یان بنەما دەگۆڕێت، یان بنەما زیاددەکات، لەوبارەیەوە بڕوانە دروستەیی و واتایی

https://books.google.com/books/about/Morphological_Representations_in_Lexical.html?hl=ar&id=-d1czgEACAAJ.

زیادکردنی بنەماکان بۆ زمانی کوردیی گۆڕینی کۆی زانیارییەکانەو واشدەکات کردارەکان لە دوو جۆرەو ببنە چوار جۆر و بەوەش چوار جۆر فرێزی کرداریی بەرهەمدێت. چەند کرداری فەرهەنگیی هەبن، ئەوەندە جۆر فرێزی کرداریی هەن، بەڵام کردارە مۆرفۆلۆژییەکان بنەمای کرداری کردووەتە چوار بنەما، (مەعرووف، ٢٠٢٠، ٦٣-٦٥)، بڕوانە بنەمای کرداری فەرهەنگیی کە کردارە فەرهەنگییەکانە، لەگەڵ کرداری مۆرفۆلۆژییدا، کە بە پێواژۆی هەڵگواستن بەرهەمهاتوون لە نموونەکانی ژمارە(٣٧- ١، ٢، ٣، ٤):

٣٧) بەرهەمهاتوون لە (٤)دا.







## ٤-٣/١) گۆڕانی مۆرفۆلۆژیی ـ پراگماتیکیی

وەک لە پارەکانی پێشوودا ئاماژەی پێدرا، جگە لەوەی خودی مۆرفۆلۆژیی زانیارییەکی ناو توخمەکانە، بەڵام گۆڕانی فۆرمێک لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، دەرئەنجامی گۆڕانی فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییشە. لەم پارەدا گریمانەکان دەرئەنجامی واتای پراگماتیکیی لەو گۆڕانانەدا تاقیدەکرێتەوە. ئەگەرچیی پراگماتیک لە چێوەی واتای واتا و لێکدانەوەی واتاییدایە، لێکدانەوەکەشی بە لێکدانەوەی واتا لە دەوروبەردا بەستراوەتەوە، (پراگماتیک بریتیە: لە پەیوەندیی نێوان زمان و

دەوروبەر، کە ڕێزمان ئاماژەی بۆ کردووە، زیاتر نیشانکارەکان دەگرێتەوە لێرەدا ڕێزمان بووەتە پێوەری ئەوەی لە ڕێزمان ڕەنگیدابێتەوە ئەوا دەچێتە ناو پڕاگماتیک). (دزەیی، ٢٠١١، ١٣)، بەو پێیەش گەر واتای پڕاگماتیکیی ڕەهەندەکەی دەوروبەر و دەربڕینە ڕێزمانییەکەی بێت، ئەوا بەشێک نابێت لە زانیارییەکانی ناو هێمای فەرهەنگیی.

لەلایەکی ترەوە بۆ پێناسەی پڕاگماتیک گریمانە ئەوە دەکرێت، کە کۆمەڵە پێشینەیەکە لەنێوان قسەکەران و بنەمای وتار، کە ڕەفتار و ئاکار و بیروڕاکانی قسەکەران کۆنترۆڵ دەکات، زۆریش ڕوونە کە ئەم شتانە گرنگی بە ئەداکردن دەدەن، نەک بەو ڕادەی بە پێچەوانەی بەرهەمهێنەرەکان. (عەلی، ٢٠١٠، ١٢٦) . پێناسەکە ڕوانگەیەکی تاکلایەنە لە تێگەیشتن و دەربڕینی واتای پڕاگماتکییانە دەهێنێتە ئاراوە، بەوەش دەربڕینی پڕاگماتیکییانە بۆ فەرهەنگیی ئاوەزیی تاک دەگەڕێتەوە، چونکە دارشتەی فەرهەنگیی ئاوەزیی بە پێی کارامەیی و ئەزموون و دەروونی تاک دەگۆڕێ، بۆیە ئەوە فەرهەنگیی ئاوەزییە جێی بیر و بیرکردنەوەی تاکی تێدایە. دروستەیی و واتایی هەبێت https://books.google.com/books/about/Morphological_Representations_in_Lexical.html?hl=ar&id=-d1czgEACAAJ

مەبەست لە بەکارهێنانی چەمکی پڕاگماتیک، هەموو ئەو چەمکانەیە کە لە گوتنەوە هەڵدەهێنجرێ، سەربارى ئەو مەسەلە دەرەکییانەی کە ئاماژەی بۆ دەکەن، ئەویش بە پشت بەستن بە بنەماکانی پڕاگماتیکیی نەک بە گەڕانەوە بۆ واتا دانراوەکان، یان بۆ دەرئەنجامە لۆجیکییەکان. چەمکی پڕاگماتکیی دەکرێ بە دوو بەشەوە چەمکی پڕاگماتیکیی گشتی و چەمکی پڕاگماتیکیی تایبەتی، جیاوازی سەرەکی لە نێوان چەمکی پڕاگماتیکیی گشتی و چەمکی پڕاگماتیکیی تایبەتی ئەوەیە، کە یەکەمیان (چەمکی پڕاگماتیکیی گشتی) بەبێ دەوروبەر هەڵدەهێنجرێت، کەچی دووەمیان تەنها بە هۆی دەوروبەرەوە هەڵدەهێنجرێت. (سالح، ٢٠١٣، ٧)، هەموو کۆمەڵگایەک کۆمەڵێک یەکەی زمانی هەیە، کە ڕەنگدانەوەی سروشتی دەوروبەریەتی لەسەر بیرکردنەوەی تاکەکانی، پەیوەست بەمەشەوە زاراوەی (دەوروبەری کۆمەڵایەتی) هەموو ئەو پەیوەندی و ڕێسا و یاسا کۆمەڵایەتیانە لەخۆ دەگرێت، کە قسەکەر و گوێگر بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە کردەیەکی گەیاندندا بۆ ئەمەش (هالیدا)ی، پڕاگماتیک بە لایەنە کۆمەڵایەتیەکەوە دەبەستێتەوە و بەبناغەی گەشەکردنی دەزانێت.

لە ڕوانگەیەکی ترەوە وا مەزەندەدەکرێت، کە پڕاگماتیک لێکدانەوەی ئەو لایەنانەی واتایە بێت، کە ناچنە ناو واتاسازییەوە، واتە پڕاگماتیک لەو واتایانە دەکۆڵێتەوە، کە فەرهەنگیی نەبن، هەرچی واتایەک نەچێتە ناو فەرهەنگەوە پڕاگماتیکە، پڕاگماتیک لێکۆڵینەوەیە لەواتای گەیەنراو (واتای قسەکەر) و توانای قسەکەر نیشان دەدات لە تێگەیشتنی گوێگر بە شێوازێک کە لەگەڵ واتا فەرهەنگییەکەدا یەک نەگرێتەوە. (ئەحمەد، ٢٠١٨، ٤٣)، بەوەش واتای فەرهەنگیی نابێتە بنەما بۆ بەرهەمهێنانی واتای پڕاگماتیکیی، بەو شێوەیەش بێت، دەبێت واتای پڕاگماتیکیی یان سەربەخۆ بێت،

یان پراگماتیک پێکهاتەیەکە سەربەخۆ بێت و کەرەستە/هێمای تایبەت بە خۆی هەبێت، نەک لەواتاسازییەوە هەڵهێنجرابێت. کەواتە لێکۆڵینەوە لەپەیوەندی نێوان پێکهاتەی سیستمی هێمایی و بەکارهێنانی لە دەوربەردا دەکات و پێکەوە لەگەڵ واتاسازییدا بەشێک لە تیۆری گشتی واتا پێکدەهێنن. لەناو تیۆری واتادا پراگماتیک پسپۆڕییەکی تایبەتی هەیە لەهەڵمالینی واتای شاراوەداو ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە تیۆڕی (زمانی گشتی) لەبەر ئەوە کرۆک و بناغەی بابەتی سەرەکی لەخۆ دەگرێت. (ئیبراهیم، ٢٠١٤، ٤) ، ڕوانگەی هێنانەوەی زانستی پراگماتیک و پێناسە و چەمکەکانی، بۆ ئەوەیە کە پێشبینیی بەفەرهەنگبوونی پراگماتیک و زانیاریی پراگماتیکیی بکرێت، بەوەی کە ئایا زانیاریی پراگماتیکیی هاوشێوەی زانیارییە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییەکان، بەشێکن لە زانیاریی ناو ناواخنی توخمە فەرهەنگییەکان، یان لە دەرەوەی ئەو هێما و توخمانە هەڵگیراون و وەک هەندێک لە پێناسەکان ئاماژەی بۆدەکەن، لە دەوروبەردا واتاکە بەدەست بێت.

سنووری کاری لێکۆڵینەوەکە بۆ سەلماندنی گریمانەی زانیاریی پراگماتیکییە لە توخمە مۆرفۆلۆژییەکاندا، جا گەر وشە بێت یان مۆرفیم، چونکە هەبوونی زانیاریی پراگماتیکیی لەو توخمانەدا، (ا) بەڵگەیە بۆ بوون بە فەرهەنگیی زانیارییەکە، (ب) وادەکات زانیاریی پراگماتیکیی ناو توخمەکە بچێتە ئاستە مۆرفۆلۆژییەکەوە(ببێتە واتای بەرهەمهاتووە مۆرفۆلۆژییەکە، جا چ هەڵگوێزراو بێت، یان لێکدراو). لە ڕاستییشدا، ئەوە هۆکاری دروستبوون و پەیدابوونی زانست و زاراوەی مۆرفۆپراگماتیکە (Morphopragmatics)ە. کە پەیوەندیی و تێکچڕژانی هەردوو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و پراگماتیکە https://academic.oup.com/edited-volume/28055/chapter-pdfabstract/212017083?redirectedFrom=fulltext

وەک پێشتر ئاماژەی بۆکرا، مۆرفۆلۆژیی کەرەستە و پرۆسەیە. پرۆسەکە بۆ هەڵگواستن و لێکدانە، لە کەرەستەکانەوە فۆرم و واتا بۆ پرۆسەکان بەدەست دێن، بۆیە پێشبینییەکان بۆ ئەوەن کە لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا واتای پراگماتیکیی هەبێت، بڕوانە هەنگاوەکانی داهاتووی ئەم پارە.

بەکارهێنانی زمان و بەرجەستەکردنی ئاخاوتندا بەیەکێک لە ئامانجە گرنگ و سەرەکییەکانی توێژینەوەی پراگماتیک دادەنرێ. واتە بەکارهێنانی زمان لەدەوروبەردا بۆ گەیاندنی واتا و مەبەست، خۆی لەواتای پراگماتییکدا دەبینێت و لێکدانەوەی گونجاوی بۆ دەکرێت.

لەبەرچاوگرتنی واتای پراگماتیک بەشێکی زۆر کێشە و گرفتەکانی پەیوەندیکردنی پێ چارەسەر دەکرێت، زۆر جار ئاخێوەر لەسەروبەندی ئاخاوتن و لە ئەنجامی کارەکانیدا ڕۆژانە چەندین جۆری دەربڕین و ئاماژە ئاراستەی بەرامبەرەکەی دەکا و خۆی بەواتای باوی واتاسازییەوە نابەستێتەوە، ئەمەش وا لە گوێگر دەکات، کە پێویستی بەهۆکاری دیکەی یارمەتیدەر بێت، تاوەکو لەواتا و مەبەستی تەواوی دەربڕین و ئاماژەکانی قسەکەر بگا، واتە پەیوەستبوونی بەدەوروبەر و

کەرەستەکانی دیکەی دەوروبەر وەک ئەوەی کە لە دەوروبەری کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ڕۆشنبیریدا دەستەبەر دەبێ (کمال، علی، ٢٠١٨، ٦)، هەر وەک دەزانین هەموو کۆمەڵگایەک کۆمەڵێک زمانی هەیە، کە ڕەنگدانەوەی سروشتی دەوروبەریەتی لە سەر بیرکردنەوەی تاکەکانی، دەوروبەری کۆمەڵایەتی هەموو ئەو پەیوەندی و ڕێساو یاسا کۆمەڵایەتییانە لە خۆ دەگرێت، کە قسەکەر و گوێگر بە یەکەوە دەبەستێتەوە لە کردەیەکی گەیاندندا، هالیدای پڕاگماتیک بە لایەنە کۆمەڵایەتییەوە دەبەستێتەوە و بە بناغەی گەشەکردنی دەزانێت. (عومەر، ٢٠١٤، ١٠)

مۆرفۆپراگماتیک بریتییە لە لێکۆڵینەوەی لە پەیوەندییەکانی نێوان مۆرفۆلۆژیی و پڕاگماتیک. مۆرفۆلۆژییا لە ڕووی پڕاگماتییکەوە پەیوەندیدارە تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە وشەوە هەیە

پێکهاتە لێکدراوەکان دەتواندرێت وەک ئاماژەیەک بۆ دۆخی قسەکردن وەربگیرێت. یان لە ڕووداوی قسەکردن.https://academic.oup.com/edited-volume/28055/chapter-abstract/212017083?redirectedFrom=fulltextpdf

مۆرفۆپراگماتیک، ئەم جۆرە پراگماتیک بەکەرەسە مۆرفیمەکان وەک لاگرەکان بەرهەمدەهێرێت، زمانی کوردیش لە جۆری زمانە مۆرفیمییەکانە، کە بەهۆی لاگرەکانەوە بەرهەمدەهێنرێت و ڕێگەیەکی سەرەکی زمانییە لە گەشەسەندنی فەرهەنگدا، ئەمەش نەک تەنها وەک فەرهەنگیی واتاسازیی، بەڵکو وەک پراگماتیکیی فەرهەنگییش، کە دواجار وەک زانیارییەکی پراگماتیکیی ڕۆڵ لە گەشەسەندنی فەرهەنگیی زمانی کوردیدا دەبینێت، بۆ نموونە وشە داڕشتن بەهۆی لاگرەکانەوە لە زمانی کوردیدا دەبێتە هەڵگری جۆرێک لە مەبەست.

مۆرفۆپراگماتیک پەیوەستە بەوەی، کە مەرج نییە هەموو واتایەکی پراگماتیکیی لە واتایەکی واتاسازییەوە/سیمانتیکییەوە هاتبێ، چونکە هەندێ شتی زمانی هەیە، کە واتای واتاسازییان نییە، بەڵام ئاماژەدەرێکی ڕاستەوخۆن بەواتای دەوروبەرێکی پراگماتیکیی وەک (لاگرەکان، جێناوەکان) سەرەڕای ئەوەی واتای سیمانتیکیی و پراگماتیکیی، کە بەتەواوکەری یەکتری دادەنرێت بۆ لێکدانەوەی واتا چەند جیاوازییەک بەدیدەکرێت لەنێوانیاندا، لەوانە سیماتیک بریتییە لەواتای وشە و کاریگەری ڕێزمانی، واتای ڕوون و ئاشکرا دەگرێتەوە و پابەندی بنەما و یاسای هاریکارییە و واتایەکی بڵاوە و کۆمەڵ لەسەری ڕێککەوتووە، پاپەند نییە بە دەوروبەر و نەگۆڕەوە و واتاکانیش تەمومژاویین و هێماکانیش نیشان نەکراون، هەرچی پراگماتییکە، ئەوە واتای سیمانتیکیی و دەوروبەر و واتای شاراوە و قووڵ دەگرێتەوە، هێمای زمانی و نا زمانی لێکدەداتەوە و مێشک دەخوێنێتەوە، واتایەکی تاکە کەسییە و مەرج نییە کۆمەڵ لەسەری ڕێککەوتبێت، واتایەکی گۆڕاوە بە پێی کەس، ڕوونەو هێماکانیش دیارو نیشانکراون. (ئیبراهیم، ٢٠١٤، ٥٣)، لەم پارەدا دەبێت دەستنیشانی ئەو زانیارییە پراگماتیکییانە بکرێت کە بەشێک لە هێمای زمانی.

ڕاسته پراگماتیک کەبەکارهێنراوە و واتایی واتاییە و زیاتر بۆ دەربڕینی مەبەستە هەروەها پراگماتیک بەکارهێنانێکی تاک لایەنەییە، بەڵام لێرەدا بەدوای زانیارییەکانی ناو هێماکەی دەگەڕێین نەک دەوروبەری بەکارهێنانەکەی، ئەگەر بەپێ ی داتا کە ئەوە ڕوون بێتەوە کەزانیاریی پراگماتیکیی لەناو توخمی فەرهەنگیی و فۆڕمی مۆرفۆلۆژییدا هەیە و ئەوا زانیاریی پراگماتیک دەبێتە زانیارییەکی فەرهەنگیی بەوەش پێنجەم زانیاریی ناو توخمە فەرهەنگییەکە زیاد و فراوان دەبێت، بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی کە بەتەواوەتی بڕیاری ئەوە بدرێت کە پراگماتیک پەیوەندی بە دەوروبەرەوە نیە دەربڕینێکی تاک لایەنانەی نیە، بەڵام کارامەیی و توانایی ئاخێوەر لەبەرخستنەوەیی واتا بۆ واتادا نیشان دەدات، بەوەش دەکەوێتە نێوان دوو لایەنی نواندنەوە کە ئەویش پراگماتیکیی فەرهەنگییە کە بەشێکە لە پراگماتیکیی توخمە فەرهەنگییەکان یان نواندنی دووەمیان پراگماتیکیی تێگەیشتن لە دەربڕاوەکانە بەپێی دەوروبەر و کۆ زانیاریی ناومانی تاک .بڕوانە هاوکێشەی هێڵکاری ژمارە ( ٢٩ ) و(٣٠):

فەرهەنگیی — واتای فەرهەنگیی + واتای پراگماتیکیی

$X^0$ — گشتگیرە — تاک لایەنە

هێڵکاریی(٢٩)

هاوکێشەی ( ٢٩ ) دەربڕی ئەوەیە، کە هێمایەک جگە لە زانیاریی واتایی، زانیاریی پراگماتیکیی هێماکە گەنج کراون.

واتای پراگماتیک

واتا لە دەوروبەردا — کۆ زانیاریی نازمانی

(زانیاریی سیاسیی ، کۆمەلایەتیی ، کەلتووریی....

)

هێڵکاریی(٣٠)

بەپێی هێڵکاری (٣٠)، دەبێت ئەوە یەکلاییکرێتەوە، کە ئایا کام چەشنی زانیاریی دەبێت بە زانیاریی پراگماتیکیی لە توخمەکاندا تا واتاییەکی پراگماتیکیی لەتوخمێک لە فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژییدا گەنج ببێت. بڕوانە(ئەحمەد، ٢٠١٣، ٥٩-٨٩) کەپێی وایە دەوروبەر بووە بە بەشێک لەواتای پراگماتیکیی توخمەکان، بەوەش بەکارهێنانی توخمێکی پراگماتیکیی پێویستی بە دەوروبەر نابێت، چونکە دەروبەر چۆتە ناو توخمەکەوە ڕەنگە ئەمەیان بۆ توخمێکی فەرهەنگیی شیاو بێت و دەست بدات. واتا (X)ەکە پێش ئەوەی بچێتە ناو فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژییەوە، واتای دەوروبەری تێدا گەنجکراوە، بەڵام پێشبینینی ئەوە دەکرێ کە فۆڕمە مۆرفۆلۆژییە بەرهەم هاتووە کە یاسا دروستبووەکە، دەوروبەرێکی نوێی پراگماتیکیی پەیوەست بە کۆ زانیاریی تاکەوە دروست ببێت.

مۆرفۆپراگماتیک بێگومان ئەو زانیارییە پراگماتیکییەی کە بەهۆی مۆڕفێمەکانەوە دەگەیەنرێت دەبێتە بەشێک لە فەرهەنگیی زمان. هەبوونی واتای پراگماتیکیی لە مۆڕفێمەکاندا وادەکات هەمیشە پێشبینیی بە پراگماتیکبوونی وشە هەڵگوێزراو و لێکدراوەکان بکرێت. ئەوەش پەیوەست بەم پارەوە دوو ڕوانگەی دەبێت: (ا) لە بەرهەمهاتوویەکی مۆرفۆلۆژییدا مەرجە واتاییەکەی بەجێدەگەیەنێت، چونکە وەک باسی لێوەکرا مۆرفۆلۆژیی فۆڕمی نویێ بۆ واتای نویێ بەرهەمدەهێنێت، بەڵام واتای پراگماتیکیی لە بەرهامهاتووەکەدا پێشبینیلێکراوە، نەک مەرج بێت. بڕوانە نموونەی (٣٠)و هێڵکاریی(٢٨). (ب) هەر لە بنەچەوە بەرهەمهاتووەکە بۆ واتای پراگماتیکیی بێت. بڕوانە جێبەجێکردنەکەی لە نموونەکانی ژمارە(٣٨- ا، ب، پ )هێڵکاری ژمارە(٣١) و(٣٢)دا :

٣٨) ا. کوردستان، گۆڕستان، گوڵستان، .....

کوردستان، گۆڕستان گوڵستان (واتای پراگماتیکیی)، بڕوانە(٢)

$X^0$

کوردستان، گۆڕستان گوڵستان (واتای ناو مۆرفۆلۆژیی)

هێڵکاریی(٣١)




هێڵکاریی(٣٢)

ب. ئیتر ئەمە کوردستانە. واتا پراگماتیکییەکە بۆ ئەوەیە: کە هەموو شتێکی ناقۆڵا لێرە ڕوودەدات.

پ. دنیا بووە بە گۆڕستان.   واتا پراگماتیکییەکە بۆ ئەوەیە: کە خەڵکی زۆر مردووە

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە نموونەی ژمارە (٣٩) و هێڵکاری ژمارە(٣٣):

٣٩) حیزبستان، کەرستان، گەندەڵستان...




هێڵکاریی(٣٣)

پەیوەست بە نموونە و بەڵگەکانی سەرەوە دەبێت ئەوە بزانرێت، کە مامەڵە ڕێزمانیی و مۆرفۆلۆژییەکە <کوردستان> لەگەڵ مۆرفیمی /-ستان/ لەیەک جیان، لە دەروازەی <کوردستان>دا، جگە لە واتای مۆرفۆلۆژییانە، وەک لە پاری پێشوودا ئاماژەی بۆکرا، بەرهەمهاتووەکە دەروازەی فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتایشیی دەگۆڕێت، هەر لە واتاکەوە پێشبینیی ئەوە دەکرێت، کە تاکلایەنانە بۆ مەبەستی پراگماتیکیی بەکارببرێت، بڕوانە نموونە و هێڵکاریی (٣٣). بەڵام /-ستان/ لە ئاستە فەرهەنگییەکەیدا پێشبینیی ئەوە دەکرێت فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژیی بەلێکسیمبوو بەرهەمبێنێت و

واتای شوێن بگەیەنێت، بڕوانە (سەعید، ٢٠٢٠، ١٩٤-١٩٧). هەروەها بەهۆی هەبوونی نیشانەی [+ شوێن و ڕووبەری فراوانەوە] پێشبینیی بەرهەمهێنانی واتای پراگماتیکییشی لێدەکرێت، کە وەک لە نموونەکانی (٣٨)دا دەردەکەوێت، ئەویش ئاخێوەر تاکلایەنانە وەک فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژیی بەلێکسێم نەبوو، بەرهەمیدەهێنێت. بە جۆرێک تێگەیشتن لە واتا پراگماتیکییەکەی به زانیاریی تاکەوە بۆ باری سیاسیی و کۆمەڵایەتەوە، پەیوەستە.

هێڵکاریی و نموونەکان ئەوە دەردەخەن، کە کەرەستە مۆرفۆلۆژییە وردەکان ($X^{-1}$) جگە لە ڕکێفی دروستەیی و واتایی، ڕکێفیی پراگماتیکیی بەرهەمهاتووە مۆرفۆلۆژییەکەش دەگرن، بەوەش واتای پراگماتیکیی دەچێتە سنووری مۆرفۆلۆژییشەوە. هەرچەندە هێما فەرهەنگییەکە، بۆ نواندنی ڕێزمانیی بەتایبەتیی مۆرفۆلۆژیی ئامادە دەبێت، چونکە هەر ئەو توخمانە ڕێگاییەکن بۆ نواندنە ڕێزمانیی. هەر بە نواندنە ڕێزمانیەکانیشدا، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە کام زانیارییانە لە فەرهەنگیی زمانی ئێمەدا لەناو توخمە فەرهەنگییەکەی هەڵگیراون، بۆیە فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی دروستکراو لە مۆرفێمی بەندی دارشتن دەبێتە بەڵگەی ئەوەی، کە ئایا توخمێک جگە لە چوار زانیارییەکەی زانیاریی پراگماتیکیی تێدا هەڵگیراوە یان نا ئەنجامی ئەوەش لە نموونەکانی سەرەوەدا دەرکەوت.

وەک لە هێڵکاریی (٣٠)دا ئاماژەی بۆکرا، دەشێت واتای پراگماتیکیی جگە لە دەوەروبەری گوتن، بە کۆزانیاریی نازمانیی تاکیشەوە پەیوەست بێت. زانیارییە نازمانییەکان ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و کەلتووریان هەیە، بۆیە تێگەیشتن لە پراگماتیک بۆ هەبوونی ئەو زانیارییانە دەگەڕێتەوە. شوێنی شت، قەبارەی شت، کاتی شت لە ئاوەزمەندیی ئێمەدا وەک نەتەوە یان ئێمەدا وەک تاک بوونی خۆی هەیە. بچووکی شت پەیوەست بە شتەکانەوە دەگۆڕێن، بۆیە دەکرێت قەبارەی شت پەیوەست بە پێڕەوشەکەی (Colocation)، بڕوانە نموونەکانی (٣٨_ا) خۆی نرخ و بەهای خۆی هەبێت، لەو ڕوانگەیەشەوە زەمینەی دروستبوونی واتای پراگماتیکیی دێتە کایەوە.

هەبوونی مۆڕفێمەکانی بچووککردنەوە لە فەرهەنگیی زمانی کوردییدا زیاتر ئەو زەمینەیەی خولقاندووە، دەکرێت تاک لە ڕێی هەبوونی نیشانەی بچووککردنەوە بە پێی ئاوەزمەندیی گشتیی و تاکیش نرخ و بەهای شت دەربخات و واتای پراگماتیکیی پێبگەیەنێت. بڕوانە نموونەکانی (٤٠-ب).

٤٠) ا. بەردی بچووک، خانووی بچووک، منداڵی بچووک، دەمی بچووک،......

ب. خانۆچکە، مێزۆچکە، پیاوۆچکە، .....

پ. شارۆچکە، ماڵۆچکە، منداڵۆچکە، .....

لە نموونەکانی (٤٠_ا)دا چەمکی بچووک لە ڕێی ئاوەڵناوی <بچووک>ەوە گەیەنراوە، کە بەپێی هەریەک لە تەواوکەرەکانی (N)ەکان، واتا و نرخی جیاوازی وەرگرتووە. پێڕەوی بچووککردنەوە لەزمانی کوردییدا، لە دوو وەچە پێڕەو پێکهاتووە، وەچەپێڕەوی مۆرفۆلۆژیی و وەچەپێڕەوی سینتاکسیی، کە لەڕێی پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسەوە جێبەجێ دەکرێت. (سەعید، ٢٠١٥، ٦١). لە لایەکی ترەوە لە مۆرفۆلۆژییدا /ۆچکە/ لە (٤٠_ب)دا زانیاریی [+بچووکیی]ی تێدایە و بۆ واتای بچووککردنەوەن، ئەگەرچیی نەبوونەتە لێکسیمێکی سەربەخۆ، بەڵام تاک تاکلایەنانە، بە ئانالۆژیی لەسەر نموونەکانی (٤٠_پ) بەرهەمهێنراون و نرخی تەواوکەرەکەی پێدەگەیەنێت، بڕوانە نموونەی ژمارەی(٤١- ١، ب)و هێڵکاری ژمارە (٣٤).

٤١) ا. توخوا ئەوە خانووە یان خانۆچکەیە؟!

ب. فڵان نەک پیاو نییە، پیاوۆچکەش نییە.




هێڵکاریی(٣٤)

بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە مۆرفێمی بچووککردنەوە و ئەلۆمۆرفەکانیان لە زمانی کوردیدا، کە لە فەرهەنگیی کوردیدا، کە لە فەرهەنگەکەیدا کەمتر بەهۆی فۆرمی سەربەخۆوە جیاوازیی زگماکیی کەرەستە هاوچەشنەکان نیشاندراوە و ناویان لێنراوە، ئەمەش مانای نەبوونی فۆرمێکی زمانییە، وەک ئەڵتەرناتیڤی گەیاندنی چەمکی بچووککردنەوە، بۆیە لە بری فۆرمی سەربەخۆ، لە ڕێی هەڵگواستنەوە بەهۆی ئەم مۆرفێمانەوە، ناو لە قەبارە جیاوازەکان دەنرێت، ئەمەش بەئامانجی پڕکردنەوەی کەلێنی فەرهەنگییە لە زمانی کوردیدا .تەنانەت وەک لە هێڵکاریی (٣١)دا نیشاندراوە، بچووککردنەوەی ناوی بچووکیش دەرکردەیەکی کۆمەڵایەتیی و دەوروبەر و قۆناغبەندیی خۆی هەیە تا واتای پراگماتیکیی

بگەیەنێت، چونکە ئەوانیش بۆ بچووککردنەوەن، پێشبینیی هەبوونی واتای نزیکیی کۆمەڵایەتیی و هەروەها بەکەم زانیین و تەنانەت نازداریشیی هەبێت. بشرِوانە نموونەی (٣٣_ ا)، کە قۆناغبەبدییەکی کۆمەڵایەتی پراگماتیکیی بچووککردنەوەیە، بەڵام ئەگەر بەبێ قۆناغی کۆمەڵایەتی تێپەڕببێت، ئەوا بۆ سووکایەتی پێکردنە، بڕوانە نموونەی ژمارە(٤٢_ب) .

٤٢) ا. کاک ئازاد          ئازاد          ئازە

ب. فەتاح، مستەفا، ئیبراهیم، ئەحمەد          فەتە، مچە، بلە، ئەحە




کەواتە مەبەستی سەرەکی پراگماتیک لێکۆڵینەوەیە لە ئاخاوتنی ئاخێوەران، چونکە هەر مرۆڤێک ڕۆژانە زمان بە کاردەهێنێت لە ئاخاوتنەکانیدا واتا و مەبەستی پڕاگماتیکیی هەیە، کە چەندین مەبەست لە پشتی ئاخاوتنەکەدا لە بارەی بچووککردنەوەی ناوەکەدا، کە ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار  لەوانە :

١.هۆکارە زمانیی، کە خۆی لەمانە دەبینێتەوە، (ئاسانی لە دەربڕیندا، ئابووریکردن لە زماندا، ئاخاوتنی منداڵ، ... )

٢. هۆکارە نازمانییەکانیش دابەش دەبن بە سەر دوو جۆر هۆکاردا، کە ئەوانیش:

ا. هۆکارە ئەرێنییەکان

ب. هۆکارە نەرێنییەکان

هۆکاره زمانییەکان، دەکرێت له ئەنجامی یاسا فۆنۆلۆژییەکانەوه دەستنیشان بکرێن، بەڵام هۆکاره نازمانییەکان پشت به بچووککردنەوه پەیوەندییان به بارودۆخی قسەکردنەوه هەیه، بۆیه ئەم جۆره واتایه له ئاستی پراگماتییکەوه لێکدەدرێتەوه دەتوانین گرنگترین ئەو هۆکارانه له هێڵکاری ژماره (٣٥)دا، دەخرێته ڕوو:




دەکرێت ناوه بچووککراوەکان، واتا و مەبەستی پراگماتیکی بگەیەنن، لەم ڕوانگەشەوه، دەکرێت چەندین مەبەست له بچووککردنەوەی ناوەکاندا به دەست بهێنرێن( فەرەج، عەزیز، ٢٠١٩، ٤-٥ )، که هەموویان له چوارچێوەی ئەو گوتنانەدا واتاو مەبەستەکەی ڕوون دەبێتەوه. که بچووککردنەوه دەکرێت به شێوازی پراگماتیکییانه بەکاربێت.

## ٣/١-٥ ) گۆڕانی مۆرفۆلۆژیی ـ ئیدیەمیی

ئیدیەم فۆڕمێکی زمانییە، کە لە ئەنجامی بەڕێزمانبوونی کەرەستە فەرهەنگییەکانەوە دێتە بەرهەم، وەک ئاماژەی بۆکرا لەبەر ئەوەی ڕێزمان شوێنی نواندنی سێتەکانە، بۆیە دەبێت، یەکێک لە نواندنەکانی ئیدیەم بە فۆڕمی مۆرفۆلۆژییانە بێت. ئیدیەم، جگە لەوەی هێمای زمانییە و لە شێوەی وشەی لێکدرا و فرێز و ڕستەدا دەبینرێ، بەو پێیەی یەکەی فەرهەنگییشە، لە ئاستی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا ڕۆڵ دەبینێت کەرەستەکانی ئەم ئاستانە، یان بەهایەکی واتاییان هەیە، یان ئەرکێکی ڕێزمانیی، ئیدیەمیش بەو پێیەی لەم ئاستیدا دانەیەکە، دەبێت تایبەتمەندیی هاوبەش هەبێت لە نێوان یەکەکانی ئەم بوارەدا و بەلایەنی کەمەوە دەبێت لە ئاکاریاندا ڕەنگبداتەوە. (حسەین، ٢٠٠٩، ١١٥-١١٦)، ئیدیەم دەچێتە ناو مۆرفۆلۆژییەوە و زیاتر وەک مۆڕفیم وایە، چونکە واتاکەی لەخۆوەیە.

واتای ئیدیەمێک لەواتای یەکەیەکەی پێکهێنەرەکانیەوە دەستناکەوێت، واتا لێڵە، هەرچەندە ئیدیەمیش ئاستێکی تەکنشیینی هەیە، بەڵام لە ڕووی پێکەوەهاتن لەنێوان وشە فەرهەنگیەکانی ئیدیەمێکدا، هەمیشە واتای وشەیەک لەڕێگەی ئەم وشانەوە نازانرێت کە لەگەڵییدا بەکاردەهێنرێت. (مەحویی، قادر، حسێن، ٢٠١٠، ١٤٤)، کەواتە واتای ئیدیەم لەواتای بەشەکانییەوە بەدەست نایەن و زیاتر لە وشەیەک پێکدێت. ئەمەش هەر لەسەرەتاوە بەرەو ئەوەمان دەبات، کە بەجۆرێکی تر مامەڵەی لەگەڵ بکەین و وەک یەکەیەک لێیی بڕوانین، کە ئاڵۆزە و خاوەنی تایبەتمەندی تایبەتی خۆشیەتی(عارف، ٢٠١٢، ٣١ )، هەرچەندە زۆرجار ئەم یەکەیە نەدراوەتە پاڵ ئاستێک لە ئاستەکانی زمان وەک مۆرفۆلۆژیی، واتاسازیی/سیمانتیکیی ، سینتاکسیی، بەڵکو تەنیا ئاماژە بەوەکراوە، یەکەیەکی زمانەوانییە، هەندێکجار بەوشە، گرێ، پێکهاتە یان یەکە ناوبراوە و هەندێکجاریش بەدانەیەکی ئاستی سیمانتیکیی دانراوە.

لەگەڵ ئەوەی فەرهەنگ کەرەستەی فەرهەنگیی بچووکتر لە وشەی تێدا تۆماردەکرێت، بەهەمان شێوە کەرەستەی فەرهەنگیی گەورەتر لە وشەش لەخۆدەگرێت، کە ئیدیەمەکانە، کە هەموو ئەو کەرەستە فەرهەنگییە فرە وشەییەکان دەگرێتەوە، بەتایبەتریش زاراوەیەکەی ئاڵۆزیان دەربڕاوی فرە وشەی لەلایەن (Fernando) بۆ ئیدیەم بەکارهێنرا. (بڕوانە هەنگاوەکانی دواتری ئەم پارە، کە پێیوایە، کەرەستە وردەکان دەروازەی ئیدیەمیی و بەرهەمهێنانی ئیدیەمییان هەیە) ئەوەی ڕوونە و یەکێکە لە تایبەتیەکانی ئیدیەم لەکەرەستەکانی تری وەک میتافۆڕ جیای دەکاتە ئەوەیە دەبێت لە یادگەدا خەزنبکرێت. ڕێگای ئەم خەزنکردنە دەبێت لەگەڵ تیۆری دامەزراندن و هێنانە ناوەوەی وشە تاکەکان بۆ ناو ڕستەکان چۆنیەک بێت. (حسەین، ٢٠١٢، ٣٤٦-٣٤٧)، زمانەوان لەو بڕوایەدان، کە ئیدیەم لە فەرهەنگیی هۆشەکیدا تۆمارکراوە، بەو پێیەی دانەی ئامادەی زمانە و لە هەموو زمانێکدا هەیە و دیاردەیەکی زمانیی جیهانییە و ڕێگای گواستنەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر هەر وەک وشەکان بۆ ماوەییە و لە هەموو زمانەکانی دنیادا هەن زمانەوانی پێکدەهێنێت.

ئیدیەم بۆ خۆی کەرەستەیەکی بەلێکسیمبوویی ناو فەرهەنگە بە زانیاریی نوێوە، چۆتە ناو فەرهەنگیی زمانەوە، کە دەگوترێت بەلێکسیمبوون مەبەستەکە ئەوەیە، کە ئیدیەم فۆڕمێکی فەرهەنگیی نییە، بەڵکو لەڕووی فۆڕمەوە بووە بەکەرەستەیەکی ڕێزمانی پاشان بۆتەوە بەفۆڕمێکی فەرهەنگیی، ئەمەش ئەوە دەردەبڕێت، کە ئیدیەم لەڕووی فۆڕمەوە سادە نییە، بەڵکو مەرجە فۆڕمێکی ناسادەبێت، چونکە ئیدیەم لێکدراو و فرێز و ڕستەشی هەیە بڕوانە(حسەین ،٢٠٠٩، ١١٤-١١٦)، کەواتە ئیدیەم جگە لەوەی بەلێکسیمبوویەکی سینتاکسییە، دانەیەکی مۆرفۆلۆژییشە و بە فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژییانەوە لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێت، ($X^0$) ەکان توخمی پرۆژەسازدەرن، کە لە ڕێگای فرێزەوە دەشکێنەوە، بۆیە ($X^0$)ەکان بە وشە خاوەن دەسەڵاتەکان-(individualty word) دادەنرێن، لە سەرەتایی هەنگاوەکانی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا ئیدیەم بە دیاردەیەکی ناوازەیی فەرهەنگیی دادەنرا، بەڵام لە هەنگاوەکانی تردا، بە جۆرێک لە نواندنەکانی ($X^0$)ەکان، کە بریتین لە (کردار، ناو، ئاوەڵناو)، واتە ئیدیەمەکان گەر وشەیی بێت یان فرێزیی و ڕستەیی، هەر لە لایەن توخمێکی فەرهەنگییەوە پێشنیاز دەکرێت و سازدەدرێن، واتە ئیدیەم جۆرێکە لە نواندنی فەرهەنگیی، چونکە لەڕووی سینتاکسییەوە(-X)ن و لە ڕووی واتایشەوە هەمان واتای شاراوەی توخمە فەرهەنگییەکان دەنوێنن، بۆیە ئیدیەم فۆڕمێکە بۆ نواندنی واتا شاراوەکەی توخمێکی فەرهەنگیی، لەوەدا ئیدیەمەکان دەبن بە تێڕوانینێکی چەسپاو(fixed expression) (مەعرووف، محەمەد، ٢٠١٩، ١٢)، کە دوا پێشنیازی واتایی توخمە فەرهەنگییەکان دەکەن و مارکەیان لێدەدەن، بەجۆرێک یان مەودای نێوان ئاوەڵناوەکان دەستنیشان دەکەن، یان دەبنە ئەڵتەرناتیڤی فۆڕمداڕشتنی مۆرفۆلۆژییانە/ وشە دروستکردن.

بەپێی ئاڕاستەی لێکۆڵینەوەکە لەو ڕوانگەیەوە پرسیاری ئەوە دەکرێت، کە ئایا زانیاریی ئیدیەمیی بەشێکە لە زانیارییە ناو توخمە مۆرفۆلۆژییەکان، واتە توخمێکی مۆرفۆلۆژیی جا وشە بێت یان مۆرفیم، جگە لەو زانیارییانەی کە باسیان لێوەکراوە، زانیاریی ئیدیەمییش دەبێتە بەشێک لە زانیارییەکانی ناو توخمە فەرهەنگییەکان؟

وەک لە بەش و پارەکانی پێشوودا ئاماژەیی پێدرا، مۆرفیم دەسەڵات و هێزی دروستەیی و سیمانتیکیی هەیە، چونکە مۆرفیمەکە خۆی لەدوو ڕوانگەیەوە دەسەڵاتەکانی دەسەپێنێت، لە بەش و پارەکانی پێشوودا زانیاریی فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتایی و پراگماتیکیی تاقیکرانەوە، بۆیە لێرەوە پرسیاری ئەوە دەکرێت، کە ئایا جگە لەو زانیارییە واتایی و دروستەیی مۆرفیمێک، دەتوانێت پێشبینیی هەبوونی واتا و زانیاریی ئیدیەمییش لە مۆرفیمەکاندا بکرێت؟

لە ڕاستییدا زۆربەی سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پێواژۆی هەڵگواستن ئیدیەمیی تێدا بەرهەم ناهێنرێت. بۆیە دەبێت پەیوەست بە مۆرفۆلۆژییەوە پێواژۆکە لێکدان بێت. بۆیە لێرەوە بەدوای

ئەو زانیارییە ئیدیەمییانە دەگەڕێن، کە لەناو وشە سەربەخۆندان، زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە وشە لێکدراوەکان زۆربەیان واتایی ئیدیەمییان تێدایە و یەکێک لە فۆڕمەکانی ئایا لە ناو وشەی لێکدراوە، کام توخمە یان زانیارییە ئیدیەمیەکەی ناو خۆی لەسەر وشە لێکدراوەکەدا زاڵ دەکات، چونکە ناو پێناسەکانی وشەی لێکدراودا جەخت لەوە دەکرێتەوە، کە وشەی لێکدراو لە دوو وشەی سەربەخۆ دروست دەبێت، بەڵام دەبێت لەناو ئەو دوو وشە سەربەخۆیەدا یەکێکیان لەڕووی دروستەیی و لەڕووی واتاییەوە زاڵە لەسەر فۆڕمە دروستبووەکەدا.

ئێمە وای دەدەنێین کە وشەی لێکدراو لە (X، Y)،ێک بەرهەمدێن، بەڵام لەناو فەرهەنگدا (X )ێک بەرپرسیارە لەبەرهەمهێنانە دروستەیی و واتاییەکە. هەردوو ئەو دەسەڵاتەی بەسەر (Y )یەکەدا دەسەپێنێت.

لە بەرئەوە دوو مۆدێلی بەرهەمهێنانی وشە لێکدراوەکان هەن، کە ئەوانیش بەپێی ئەم دوو یاسایەیی خوارەوەن:

ا. X + Y

ب. Y+ X

هەردوو یاسا و مۆدێلەکەی سەرەوە پەیوەستن بەدوو ڕەوتی جیاوازی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمهێنانەوە، کە لایەنگرانی یاسای ژمارە (ا.) پێیان وایە: کە سەری واتایی دەبێتە سەری کۆی وشەکە، ئەویش بەپێی ئەوەی سەر لەلای ئەوان ئەو وشەیە کە باس لێوە دەکرێ و واتاکە لای ئەوە دەسوڕێتەوە، بەڵام ئەوەی دووەمیان ژمارە(ب.) پەیوەست بەسەری ڕێزمانیەوە مامەڵە لەگەڵ وشە بەرهەمهاتووەکە دەکات، کە ئەوانیش (ناو، ئاوەڵناو، کردار)ەکانن. مۆدێلەکان لە ڕووی دروستە و واتاوە تاقیدەکرێنەوە، ئەگەر بڕوانرێتە هێڵکاریی (٣٦-٣٧) لە خوارەوە ئەوە دەسەڵاتی (X) ەکە، کە لەسەرەتادایە، دەچێتە سەرەوەی پرۆژەکە و لەسەرێکەوە دروستەکە دەکات بە وشەیەکی لێکدراو، لەسەرێکی تریشەوە وشەیەکی نوێ بەرهەمدێت، کە لە دەوری واتایی (X ) ەکە دەسوڕێتەوە. بڕوانە هێڵکاری ژمارە(٣٦) و(٣٧):




هێڵکاریی(٣٦)




هێڵکاریی(٣٧)

وەک لە هێڵکاری ژمارە (٣٦ ،٣٧) دا، لە نموونەکانی < چاوشین، چاوکاڵ، ....> لەڕووی دروستەوە (X)ەکە، کە <چاو>ە، دروستەکەی کردووە بەلێکدراوە، لەڕووی واتاشەوە ئەو وشە لێکدراوانەی کە درستبوون واتاکەیان هەر لە دەوری <چاو> دا دەسوڕێتەوە.

ئەمە ڕوانگە تیۆرییەکەی وشەی لێکدراو بوو، لەو قۆناغەدا کە پەیکاڵی دروستەی فرێزە ( Phrase structure)، بەڵام ڕوانگەیەکی تری دروستبوونی ئەو وشانە و دەسەڵاتدارییەتی سەرە واتاییەکان ئەوەیە، کە (X)لەم دروستەیەدا ئەو توخمانەن، کە لە فەرهەنگیی بنەڕەتیی و کۆمەڵایەتیی و کلتوریی و .... تێدا هەڵگیراون. واتە وشەی فەرهەنگیی بنەڕەتی بەو زانیارییانەوە، لە وشەتازە دروستبووەکەدا چالاکە و دەسەڵاتدارە. بەوەش دەبێت وشەی فەرهەنگیی بنەڕەتی بە درێژایی مێژوو هەڵگری کۆی زانیارییە زمانی و نازمانییەکان، لە ناوییشدا زانیاریی ئیدیەمییش دەگرێتەوە، کەواتە لەناو وشەکانی

فەرهەنگیی بنەڕەتییە لەناو کەڵەکەبووی زانیارییەکانی وشەکاندا، ئاواز بەندییەک و دنیا بینینیەکی ئیدیەمیی گەنجکراوە. ئەوەش وا دەکات لە وشەیەکی بەرهەمهاتوودا یان دروستبوودا زانیارییەکان ڕەنگبداتەوە و بەسەر کۆیی وشە دروستبووەکە بسەپێنێت، واتە دەتوانێت لەناو (X)انەی، کە بەسەری واتایی دانراون، زانیاریی ئیدیەمیش جگە لە زانیاریی دروستەیی و واتایی بدۆزینەوە.

بڕوانە نموونەکانی (٤٣) و هێڵکاریەکانی (٣٨)و(٣٩):

٤٣:

دەست
کورت
ڕۆیشتوو
بڵاو
بڕ
پیس

دەست
ڕەش
قورس
نەرم
ڕەق
ناسک
لووس

زمان
پیس
ڕەق
زبر
درێژ
کورت




هێڵکاریی(٣٨)




هێڵکاریی(٣٩)

لە ڕوانگەیەکی تری مۆدێلەکە کە ئەویش (X+Y) بۆ بەرهەمهێنان و دروستکردنی وشەی لێکدراو پەیوەست بە دەسەڵاتی ئەو (X) انەی، کە بەسەری ڕێزمان ناودەبرێت، سەری ڕێزمانیەکان بەپێی تیۆرەکان بەتایبەتی تیۆری (X-bar)، چەند دانەیەکی دیاریکراون ئەوەی بۆ نموونەکانی ئەم توێژینەوە کاریان پێدەکرێت تەنیا ( کردار، ئاوەڵناو)ن، ئەم ڕوانگەیە سەرەڕای ئەوەی بەپێی تیۆری (X-bar)، (X) ەکان دیاریدەکات. هەروەها پێشی وایە، کە (X) ەکان، کە بۆ ئەم توێژینەوە (کردار، ئاوەڵناو) وەرگیراون واتایەکی واتایی و دروستەییان هەیە، ئەگەر ئەو دوو ڕکێفە هی کردار و ئاوەڵناوەکان بێت، ئەوا دەبێت زانیاریی ئیدییەمەکانیش هەر هی ئەوان بێت، بڕوانە نموونەکانی ژمارە (٣٦،٣٧)، کەتێدا ئەگەرچیی لەڕووی واتاییەوە کۆی وشەلێکدراوەکان لە دەوری واتایی <چاو> دەسوڕێنەوە، بەڵام <چاو> خۆی بەتەنها توخمێکی فەرهەنگییە و هەر بە گشتیی واتایی چاوی هەیە و جیاکاریی لە توخمە فەرهەنگییەکەدا نییە، بەڵام بەپێی ئەم ڕوانگەیەیان ئەوەی جیاکارییەکە دروستدەکات (X)ە کرداریی و ئاوەڵناوییەکەیە، هەر ئەویش دەسەڵاتی دروستەی و واتایی دەکەوێتە دەست، بۆیە دەبێت هەر ئەویش دەسەڵات و زانیارییە ئیدیەمیەکە بدات بە دروستەکە. کەواتە نموونەکانی (چاوشین، چاوکاڵ...)، ئاوەڵناوەکە تیایاندا باڵادەست دەبێت بۆ جیاکاریی دروستەیی و واتاییەکەی .

لەبەرئەوەی لە زۆربەی سەرچاوەکاندا پەیوەست بە سیمانتیک بە تایبەتی لە سیمانتیکی بەرهەمهێندا واتا دەخەنە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی (X)ەکانەوە، بۆیە ئەو تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان بۆ واتایی گشتە و بۆ واتاییەکی پێشبینیلێکراوە، واتە پێکهاتەیی (Compositional)، بەڵام بەپێی نموونەکانی (دەستکورت ، ...) دەبێت (X)ەکان کە کراوە ، زانیارییەکی ئیدیەمییش کە ناپێکهاتەیە ( Non compositional، لە توخمەکەدا هەبێت، ئەگەر نەبێت ئیدیەم دروست نابێت. گەر وابێت واتایی ئیدیەمیش دەبێ بە بەشێک لە زانیارییەکانی ناو توخمێکی مۆرفۆلۆژیی. بڕوانە (مەعرووف، ٢٠٢٠، ١٧٩-١٨٦).

ڕوونکردنەوەکە ئەوە دەگەیەنێت، کە هەر ($X^0$)ێک نواندنێکی پێکهاتەیی (compositional ) وە ناپێکهاتەیی (Non compositional)هەیە، بەڵام نواندنە پێکهاتەییەکان بۆ واتایەکی پێشبینیلێکراون،

بەڵام ناپێکهاتەییەکان سینکرۆنیانە پێشبینیناکرێن، بەو پێیەش ئاگایی ئاخێوەر لە واتا پێکهاتییەکەدا خۆی دەبینێتەوە، هەر چەندە لەڕوانگەییەوە، کە تاک دەتوانێت تاک لایەنانە دروستە ناپێکهاتییەکانیش هەڵبوەشێنێتەوە، دەتوانرێت بگۆڕێت، کە ئاخێوەری کوردی ئاگایی لە نواندنە ناپێکهاتەییەکانی ($X^0$)یشدا هەیە، بڕوانە هێڵکاریەکانی ژمارە(٤٠)، (٤١)، (٤٢):

$X^0$ ← $X^-$ نواندنی پێکهاتەیی

$X^0$ ← $X^-$ نواندنی ناپێکهاتەی

هێڵکاریی(٤٠)

$A^0$ ← نواندنی پێکهاتەیی (داری کورت، دەستی درێژ، دەستی پیس،ماڵی پیس،...)

$A^0$ ← نواندنی ناپێکهاتەیی (دەستکورت، زماندرێژ، دەستپیس، زمانپیس، دەستدرێژ، چاوتیژ، چاوپیس، دڵتەنگ، ...)

هێڵکاریی(٤١)

$V^0$ ← $V^-$ نواندنی پێکهاتەیی (نامەنار، زەوی کێڵ، سێوخوار، دەست بڕ، ...)

$V^0$ ← $A^0$ نواندنی پێکهاتەیی (دەستبڕ، قۆڵبڕ، ژێربڕ...)

هێڵکاریی(٤٢)

هەریەک لە ئاوەڵناوەکانی /$A^0$/ (کورت، درێژ، پیس) لە ئیدییەمەکانی (دەستکورت، زماندرێژ، دەستپیس، زمانپیس، چاوپیس ) و هەروەها کردارەکانی / $V^0$/ لە (دەستبڕ، قۆڵبڕ، ژێربڕ)دا واتایەکی ناپێکهاتەییان بەرهەمهێناوە و بوونەتە دروستەیەکی چەسپاو. (مەعرووف، ٢٠٢٠، ١٨٦-١٨٨)، بەوەش لە

گۆڕانە مۆرفۆلۆژییەکەدا واتای ئیدییەمی بەدەست هاتووە، هەروەها هەریەک لە (X)ەکان کە توخم و سەنتەری مۆرفۆئیدییەمەکەن، واتا هەم لە ناوەوە ڕەگەزێکی ئیدیەمیی هەیە، هەم لە بەرهەمهاتووە مۆرفۆلۆژییەکەشدا واتایەکە ئیدییەمیی دەبێتە دەرکردەی دروستەکە.

# ئەنجام

1. زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکان، لە دەروازەی فەرهەنگیدا لە پاڵ هەبوونی هەریەک لە زانیارییە فۆنۆلۆژیی وسینتاکسیی و واتاییەکان هەن، بەوەش پێشبینیی دەکرێت فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکان هاوشێوەی فۆرمە سینتاکسییەکان بەرهەم بهێنرێن، بەڵام توخمی بەرهەمهێنی مۆرفۆلۆژیی لە فەرهەنگدا نرخ و ئاستی ($X^{-1}$)یان هەیە.
2. مۆرفۆلۆژیی پێکهاتەیەکی سەربەخۆیە و توخم و دەروازەی تایبەت بە خۆی هەیە، هەر یەکێک لە توخمەکانی ئەو پێکهاتەیە جگە لە دەروازەی بەرهەمهێنانی مۆرفۆلۆژیی، دەروازەی فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتایی خۆیان هەیە.
3. هەنگاوەکانی توێژینەوەکە پاش دەستنیشانکردنی ئادگاری توخمە مۆرفۆلۆژییەکان، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە: (ا) ناو و ئاوەڵناو و کردارەکان بۆ پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس دوو ئاست و نرخی جیایان هەیە، (ب) لەبەر ئەوەی توخمە مۆرفۆلۆژییەکان(بە مۆرفێم و وشەشەوە) ($X^{-1}$)ن، بەوەش گریمانەکان بەلای ئەوەدا دەچن، کە پرۆسەکان تەنها هەڵگواستن بن.
4. هەروەک چۆن لە بنەڕەتەوە توخمە مۆرفۆلۆژییە فەرهەنگییە یەک لێکسیمەکان زانیاریی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییان تێدایە، لە بەرهەمهاتووە مۆرفۆلۆژییەکانیشدا هەریەکێک لەو زانیارییانە بۆ فۆرمە مۆرفۆلۆژییە نوێکە، جا هەڵگواستن بێت یان لێکدراو، گۆڕانیان بەسەردا دێت، بە جۆرێک:

ا. هەر گۆڕانێکی مۆرفۆلۆژییانە پەیوەست بە فۆنۆلۆژیی کەرتیی و ناکەرتییەوە، گۆڕانکاریی دروست دەبێت. ئەوەش بە بەرهەمهێنی پێکهاتەی مۆرفۆفۆنۆلۆژییە و تێیدا فۆنیمە کەرتییەکان نابازنەیین/ ناچنەوە سەر ڕێچکە فەرهەنگییەکە و ناکەرتییەکان بەتایبەت پەیوەست بە هێزەوە بازنەییە و دەبێت پەیڕەوی تەرزە فەرهەنگییەکە بکات.

ب. هەر گۆڕانێکی مۆرفۆلۆژیی ئەنجامەکەی گۆڕینی زانیاریی سینتاکسییەکەی دەبێت، چونکە فۆرمە نوێکە دروستە و ئەرکی سینتاکسیی نوێ دێنێتە کایەوە.

پ. بەو پێیەی مۆرفۆلۆژیی بۆ بەرهەمهێنانی فۆرمی نوێیە بۆ واتای نوێ، دەبێت هەر گۆڕانێکی مۆرفۆلۆژیی بۆ بەرهەمهێنانێکی واتایەکی نوێی فەرهەنگیی بێت.

ت. جگە لە بەرهەمهێنانی واتای فەرهەنگیی، هەر ئاخێوەری زمانی کوردیی سەرباری واتا گشتییەکەی بەرهەمهاتوویەکی مۆرفۆلۆژیی، تاکلایەنانە فیچەری کۆمەڵایەتیی وەک یەکێک لە بنەماکانی لێکدانەوەی پراگماتیکیی بەکاردەهێنێت، بەوەش دەروازەی پراگماتیکیش بەشێک دەبێت لە توخم و بەرهەمهاتوویەکی مۆرفۆلۆژیی.

ج. بەڵگە و نموونەکان ئەوەیان بەدەستەوە دا، کە توخمە بنچینەییەکانی مۆرفۆلۆژیی بەتایبەت لە مۆڕفێمە سەربەخۆکاندا، هەر لە فەرهەنگەوە لە دەروازەکەیاندا واتای ئیدیەمییان تێدایە هەڵگیراوە، بەوەش لە واتای ئیدییەمیی بەشێکی واتای بەرهەمهاتووە مۆرفۆلۆژییەکە دەبێت.

## سەرچاوەکان

# سەرچاوە کوردییەکان:

ا- کتێب:

١- ئەمین، وریا عومەر، ٢٠٠٩، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٢- ئەحمەد، بێستوون حەسەن، ٢٠١٨، لێکدانەوەی سیمانتیکی وپراگماتیکیی دەربڕدراوە چەسپاوەکان لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی.

٣- حاجی مارف، ئەورەحمان، ١٩٧٩، ڕێزمانی کوردی_مۆرفۆلۆژی (ناو)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٤- حسەین، شیلان عومەر، ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، ٢٠٠٩، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٥- حسەین، شیلان عومەر، ٢٠١٢، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٦- حاجی مارف، ئەورەحمان، ٢٠١٤، ڕێزمانی کوردی _ وشەسازی (ئاوەڵناو)، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٧- حاجی مارف، ئەورەحمان، ٢٠١٤، ڕێزمانی کوردی – وشەسازی(کردار)، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٨-عەلی، محەمەد محەمەد یونس، ٢٠١٠، دەروازەیەک بۆ زمانەوانی، نەریمان عەبدوڵا خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٩- دزەیی، عەبدولواحید موشیر، ٢٠١١، زانستی پراگماتیک، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاک، هەولێر.

١٠- دزەیی، عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٣، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، هەولێر.

١١- ڕەسوڵ، عەبدوڵا حوسێن، ٢٠١٤، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٢- سەعید، یووسف شەریف، ٢٠١٣، وشەشازی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٣- سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا، سلێمانی.

١٤- شوان، ڕەفیق، ٢٠١١، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

١٥- شێخ تەیب، شەهاب، ٢٠١٤، دەربارەی زمانەوانی، چاپی ئەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.

١٦- فەتاح، محەمەد مەعروف، قادر، سەباح ڕەشید، ٢٠٠٦، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی روون.

١٧- فەتاح، محەمەد مەعروف، ٢٠١٠ ، لێکۆڵینەوە زمانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٨- قادر، سەباح ڕەشید، ٢٠٠٩، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٩- مەحویی، محەمەد، ٢٠٠١، ڕستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٢٠- مەحویی، محەمەد، ئەحمەد، نەرمیین عومەر، ٢٠٠٤، مۆدێلی ڕێزمانی کوردیی، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.

٢١- مەحویی، محەمەد، ٢٠٠٦، ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەڕۆک وابەستە، زانکۆی سلێمانی.

٢٢- مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ٢٠١٠، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی ماڵبەندی کوردۆلۆجی.

٢٣- مەحویی، محەمەد، ٢٠١٠، مۆرفۆلۆژیی وبەیەکداچوونی پێکهاتەکان مۆرفۆلۆژیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٢٤- مەحویی، محەمەد، قادر، کاروان عومەر، حسەین، شیلان عومەر، ٢٠١٠، دروستەی کردار بنەماو دیاردە، سلێمانی.

٢٥- مەحویی، محەمەد، مەنامە(بە ستانداردکردنی زمانی کوردیی)، ٢٠١٦، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندیشە، سلێمانی.

٢٦- محمد، حاتم ولیا، ٢٠١٩، مۆرفۆلۆجیی، چاپی یەکەم.

٢٧- مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ٢٠٢٠، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ وسینتاکسی کوردیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا، سلێمانی.

٢٨- مەحویی، محەمەد، ٢٠٢١، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان مۆرفۆلۆژیی کوردیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٢٩- ناوخۆش، سەلام، خۆشناو، نەریمان، ٢٠١١، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

## ب- نامەی ئەکادیمی:

٣٠- ئەحمەد، نەرمین عومەر، ٢٠١٠، بە بەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.

٣١-ئەحمەد، تریفە عومەر، ٢٠١٣، پڕاگماتیکی فەرهەنگی پێکداچوونی پێکهاتەکانی، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، نامەی دکتۆرا.

٣٢- ئەحمەد، ڕۆستەم محەمەد، ٢٠١٦، سینۆنیم لە زمانی کوردی ناوچەی گەرمیاندا، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.

٣٣- ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد فەقێ، ٢٠١٤، مۆرفۆپڕاگماتیک لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.

٣٤- امین، امیر محمد محمد، ٢٠١٤، وشەی ئەرکی لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، نامەی ماستەر.

٣٥- حەسەن، ساکار عەبدوڵا، ٢٠١٤، خۆخزانی وشە بۆ ناو ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.

٣٦- حەمید، هێرش کەریم، ٢٠١٥، بەراوردێکی مۆرفۆفۆنێمی لە زمانی کوردی و فارسیدا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.

٣٧- ساڵح، پەروەر عبدالرحمن، ٢٠١٣، هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی پڕاگماتیک، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، نامەی ماستەر.

٣٨- سەعید، محەمەد مەجید، ٢٠١٥، فەرهەنگ و پرۆسەی بە لێکسیمبوون، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.

٣٩- عبدالله، ڕۆژان نوری، ٢٠٠٧، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.

٤٠ -عارف، زوبێر عەلی، ٢٠١٢، ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.

٤١- عومەر، نەوزاد ئەنوەر، ٢٠١٤، هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی پراگماتیک لە زمانی کوردیدا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.

٤٢- عەبدولڕەحیم، عوسمان کەریم، ٢٠١٤، وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.

٤٣- عەلی، پێشڕەوساڵەح، ٢٠١٥، یاسا مۆرفۆ فۆنۆلۆجییەکان، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.

٤٤- عثمان، علی حمد، ٢٠١٦، ئاستەکانی زمان لە فەرهەنگی کوردیدا، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران، نامەی ماستەر.

٤٥- قادر، ئەبوبەکر عومەر، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی دا، ٢٠٠٣، ) نامەی دکتۆرا.

٤٦- قادر، سامی حوسێن، ٢٠١٧، بە بەرهەمیی پرۆسەی لێکدان لە زمانی کوردیدا، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران، نامەی ماستەر.

٤٧- محی الدین، بازیان یونس، ٢٠٠٨، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، زانکۆی سەلاحەدین، نامەی ماستەر

٤٨- محەمەد، حاتەم ولیا، ٢٠٠٩، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە ، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، هەولێر.

٤٩- یونس، سەمیرە تۆفیق، ٢٠١٣، سینتاکسی وشە لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، نامەی ماستەر.

## پ- گۆڤار:

٥٠- برزو، ئومێد بەرزان، ٢٠١٦، دروستەی مۆرفۆفۆنۆسینتاکس لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی (٢١)، ژمارە(١)، ٢٠١٧.

٥١- حسەین، شیلان عومەر، ٢٠١٢، مۆرفۆسینتاکسی ئیدیەم لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٣٥)، بەشی(B)

٥٢- سدیق، فارووق عومەر، ٢٠١٣، پێزوبەرهەمی وشەی(سەر) لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(42)، بەشی (B).

٥٣- سەعید، سازان زاهیر، ٢٠١٥، مۆرفۆلۆژیی بچووککردنەوەی ناو و ڕێگرەکانی، سکوڵی زمان، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٤٦)، بەشی (B).

٥٤- فەرەج، تریفە محەمەد، عزیز، عومەر ئەحمەد، ٢٠١٩، مەبەستە پڕاگماتیکییەکانی ناو بچووککردنەوە لە زمانی کوردیدا، زانکۆی گەرمیان.

٥٥- مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، غەریب، دڵشاد محەمەد، ٢٠١٢، مەرجی فۆنۆلۆژیی لە پرۆسەی بە وشە بووندا، زانکۆی گەرمیان.

٥٦- مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، محەمەد، بژوێن یەحیا، ٢٠١٩، واتای پێکهاتەیی و ناپێکهاتەیی لە زمانی کوردییدا، زانکۆی گەرمیان.

٥٧- عەبدوڵڵا، مەهاباد کامیل، ٢٠١٣، وشەی لێکدراو لە زاری هەورامیدا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(35)، بەشی(B).

٥٨- عەلی، تالیب حسین، کمال، دیار عەلی، ٢٠١٧ ، زاراوەکانی زانستی زمان بەرەو فەرهەنگێکی یەکگرتوو، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ژمارە(13).

## ت- توێژینەوەی بڵاونەکراوە:

٥٩- مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، کۆنفراسی زانکۆی گەرمیان

٦٠ - عزیز، بورهان ئەحمەد، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان

ج- عەرەبی

٦١- عمر، احمد مختار، صناعة المعجم الحديث، ٢٠٠٩، القاهرة، علم النتب.

## چ-ئینگلیزی

کتێب:

62-Francis Katamba, 1993, Morphology, london

63-Bralich, Philip Andrew, 1991, X-bar theory and morphological juncture, University Microfilms International.

64-Booij, Geert, 2017, The condification of phonological, morphological, and syntactic in formation.

65-Lam, shi-ching Olive, 2008, object functions and the syntax of double object constructions in lexical functional grammar, University of Oxford.

66-piet von, sterkenburge, A practical Guie to Lexicography. Amsterdam/Philadelphia, John Benjamins B.V, 2003.

67-Zgusta, Ladislav, The manual of lexicography. Czechoslovak Academy of Sciences, 1971.

68- Bloomfield, L.(1954), Language, New York, Henry Holt and Company.

ح- پێگەی ئەلیکترۆنی:

https://en.wikipedia.org/wiki/Lexical_item#:~:text=In%20lexicography%2C%20a%20lexical%20item,it's%20raining%20cats%20and%20dogs

https://www.cambridge.org/core/books/abs/analyzing-grammar/lexical-entries-and-wellformed-clauses/2B10978C3921E394B48FDA5148EC7F84

https://books.google.com/books/about/Morphological_Representations_in_Lexical.html?hl=ar&id=-d1czgEACAAJ

https://all-about-linguistics.group.shef.ac.uk/branches-of-linguistics/morphology/what-is-morphology/

*https://www.govinfo.gov/content/pkg/GPO-STYLEMANUAL-2008/pdf/GPO-STYLEMANUAL-2008-8.pdf*

*file:///C:/Users/win7/Downloads/49814-Article%20Text-88056-1-10-20071018%20(3).pdf*

*https://academic.oup.com/edited-volume/28055/chapter-abstract/212017083?redirectedFrom=fulltextpdf*

# ملخص

هذه الرسالة بعنوان (بوابة والمعلومات الصرفية في اللغة الكردية)، وهو محاولة لايجاد وتعريف المعلومات وعناصرها النحوية والصرفية في المعاجم. يتم استخراج المعلومات من العناصر التي لديها ضوابط صرفية (مورفولوجي). هو لتعريف البوابة في تلك العناصر. ويركز البحث اولأ على الكشف واظهارالحقائق والمعلومات للعناصر والمفردات المعجميه، والتي تحتوي أيضا على معلومات صوتية ومصدرية و دلالية، ثم تم اتمام البحث على هذه المعلومات من المنتجات المورفولوجية، وبالتحديد المفردات المنقولة والمحولة (المفردات، المركبة والمشتقة)، من اجل تحديد التغيرات الصوتية والنحوية والدلالية والتعبيرية والبراغماتية والاصطلاحية، التي تنتج عن هذه التغيرات. وبهذه تختبر هذه البوابة والمعمومات داخل المعجم والبنية الصرفية. أجريت هذه الرسالة بالمنهج الوصفي في التحليل واخذت المواد البحثية من اللغة الكردية الوسطى.

## Abstract

This thesis is entitled (Gateway and Morphological information in Kurdish Language), an attempt to find and identify grammatical – morphological information in Lexical elements. Information is extracted from elements that have morphological restriction. This is to identify the gateways in these elements. The research initially focuses on revealing the information in the elements of the lexicon, which also have phonological, correct and semantic information, and then analyzes on the corrects that are morphological products Dan, which are transposed and compounded lexicons (nasals), in order to identify the phonological and syntactic changes that result from these changes. This olso tests the gates and information within the lexicon and morphological structure. The thesis follows the descriptive and analytical method and takes its research materials from Middle Kurdish.